نامەی ئەدەبی

کاروان کاکەسوور

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# ئەردەڵان عەبدوڵڵا و من
# لە کازینۆی منداڵاندا



www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

www.iqra.ahlamontada.com

# ئەردەڵان عەبدوڵڵا و من لە کازینۆی منداڵاندا

نامەیەک بۆ ئەردەڵان عەبدوڵڵا (دایەلۆگ، ڕەخنە و جیاوازی)

کاروان کاکەسوور

www.iqra.ahlamontada.com

لە بڵاوکراوەکانی

ڕەخنەی چاودێر

# ئەردەڵان عەبدوڵلا و من لە کازینۆی منداڵاندا

نامە

## کاروان کاکەسوور


- چاپ: یەکەم ٢٠١٣
- چاپخانە: دلێر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- بڵاوکار: **ڕەخنەی چاودێر**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٩٩٦ی ساڵی ٢٠١٢ی پێ دراوە.


www.iqra.ahlamontada.com

# ئەردەڵان عەبدوڵلا و من لە کازینۆی منداڵاندا

## کاروان کاکەسوور

نامە- ٢٠١٢

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

## برای ئازیزم، ئەردەڵان عەبدوللا!
## دوای سەڵاو و ڕێز:

لە ژمارە (٨٢٨)ی (٠٦،٠٦،٢٠١٣)ی (ئەدەب و هونەری)ی (کوردستانی نوێ)دا گوتارێکت بە ناونیشانی (کاروان کاکەسوور لە ڕۆمانێکەوە باسی مێژووی هەولێرمان بۆ دەکات) بڵاو کردووەتەوە، کە لەبارەی ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)ـەوەیە. گوتارەکەت ڕێگای بۆ من خۆش کرد، تاکو هەندێک سەرنج بنووسم. ئەوەتا پێش ئەوەی بڵاوی بکەمەوە، وا بۆ تۆی ئازیزی دەنێرم، بەو مەبەستەی ئەگەر سەرنجێکت هەبوو، ئاگادارم بکەیتەوە. خۆزگە تۆیش پێش بڵاوکردنەوەی بۆت دەناردم، چونکە ئێمە پێوەندییەکی دۆستانەمان هەیە و دەتوانین هەموو کاتێ دایەلۆگ بکەین. لام ڕوونە ئەگەر وات بکردایە، ئەم دایەلۆگەمان دەچووە ئاستێکی چاکترەوە.(١) بە هەرحاڵ سوپاس بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و بۆ نووسینی گوتارەکەت.



www.iqra.ahlamontada.com

ڕاستییەکەی من ئەو سەرنجانەی تۆ بە هەند وەردەگرم، بەڵام لێت ناشارمەوە هەست دەکەم بە وردی ڕۆمانەکەت نەخوێندووەتەوە. تکایە لە ئێستاوە بزانە دەڵێم (هەست دەکەم بە وردی نەتخوێندووەتەوە) و ناڵێم (بە وردی نەتخوێندووەتەوە). من هەوڵ دەدەم لەم نامەیەدا دایەلۆگێکت لەگەڵ دابمەزرێنم، بەو مەبەستەی ڕەهەندی ئەو خاڵانەی دەستنیشانت کردوون، زیاتر دەربکەون. ئێستا وا بزانە هەردووکمان لە (کازینۆی منداڵان) دانیشتووین و بە هێمنی دایەلۆگی خۆمان درێژە پێ دەدەین. بە هەرحاڵ لەم دایەلۆگەدا لەبارەی زۆربەی بۆچوونەکانتەوە قسەی خۆم دەکەم، بێ ئەوەی مەبەستم بێت ئەوانەی تۆ بسڕمەوە، چونکە بۆم نییە ئەو ئازادییەت لێ بستێنمەوە و ناچارت بکەم وەک من تێکستەکە بخوێنیتەوە، بەڵام بێگومان مەبەستمە جارێکی تر بە سەرتاپێی ڕۆمانەکەدا بچیتەوە.

سەرەتا ڕێم بدە زۆر سوپاسی ئەو ڕاشکاوییەت بکەم، بەوەی بۆچوونی خۆتت لێ نەشاردوومەتەوە. تۆ بێ ئەوەی ئاگات لێ بێت چاکەیەکی گەورەت لەگەڵ کردووم، بەوەی ڕێت داوم لەبارەی ئەو خاڵانەوە بدوێم، کە بەردەوام منی پێ تۆمەتبار دەکرێن، گوایە کەس لە بەرهەمەکانم تێناگات، بگرە خۆیشم لە خۆم تێناگەم. خۆزگە هەموو ئەوانەی دیکەیش دەهاتن وەک تۆ قسەی خۆیان بە ئاشکرا دەکرد! دەزانم لە نیهادێکی پاکەوە ئەو بۆچوونانەت دەربڕیوە، کە جیاوازە لە هیی ئەوانەی بە مەبەستەوە شتی لەم بابەتە دەنووسن، چاکترە بڵێم شتی لەم بابەتە دەڵێن، نەوەک دەنووسن. لە بەرهەمەکانی پێشووشتدا هەستم بەو نیهادپاکییەت کردووە و دەزانم نووسەرێک نییت بتەوێت بە بیانووی جۆراوجۆرەوە نووسەرانی دیکە بشکێنیت.

دەمەوێت لە ئێستایشەوە لێت نەشارمەوە، کە ئەوەی مەبەستمە بە پلەی یەکەم هەڵوێستەی لە سەر بکەم، میتۆدی گوتارەکەتە، نەوەک ئەو خاڵە نەگەتیڤانەی دەستنیشانت کردوون، لە کاتێکدا پێت وایە خاڵە پۆزەتیڤەکانی ڕۆمانەکە زۆر زیاترن. هەندێک سەرنجی گرنگت لا دروست بوونە، بەڵام میتۆدێکی کاریگەرت نەدۆزیوەتەوە، تاکو ئەو



www.iqra.ahlamontada.com

سەرنجانەتی پێ قووڵ بکەیتەوە. نەخێر، تۆ لە خوێندنەوەکەتدا میتۆدیکی رەخنەییت نەگرتووەتە بەر، بەڵکو بە میتۆدی ویژدانی کارت کردووە. گوتووتە ئەوەندەی تێکستەکە باشە و ئەوەندەی خراپە، کە ئەمە سەیرکردنی تێکستە وەک فیزیک، لە کاتێکدا تێکست پێکهاتەیەکی میتافیزیکیی هەیە و رێگامان نادات بە هیچ شێوەیەک لە دەرەوە بیخوێنینەوە. ئەو جۆرە میتۆدە، چونکە توانای وردبوونەوەی نییە، بۆیە کۆمەڵێک چەمک وەک تەنی فیزیکی فڕێ دەدات، کە هەر یەکێ لەوانە ئەگەر قسەیان لێوە بکرێت، زۆریان دەوێت. ڕاستییەکەی لە گوتارێکی ئاوادا، کە لە هەزار و پێنجسەد وشە تێناپەڕێت، ئاسان نییە نووسەر فریای ئەوە بکەوێت لەو چەمکانە ورد ببێتەوە. بۆ نموونە تەنیا پێوەندیی نێوان فانتاسیا و واقیع پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە، چونکە ئەو پێوەندییە لەسەر پرۆبلەماتیکی گەورە وەستاوە و زۆر ئاڵۆزە، کەچی بە چەند وشەیەک بڕیاری خۆتت داوە و شتەکەت براندووەتەوە. خەیاڵ لە کوێ دەست پێ دەکات و واقیع لە کوێ دەوەستێت؟ ناکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، یان ڕاستتر ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە لە دەرەوە بدەینەوە، مادام لە بەرانبەر چەمکی فکری، ئەدەبی، هونەری و ئیستاتیکیداین، کە تەنیا دەکرێت لە ناوەوە ئاڕاستەی دیکەیان تێدا بدۆزینەوە. نەخێر، پێم وا نییە بەم ئاسانییە بتوانین کەیسەکە یەکلا بکەینەوە، کە دواتر بۆی دەگەڕێمەوە. من خۆم زیاتر لە جارێک لە گفتوگۆکانمدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوومەتەوە، کە دەکرێت بیانخوێنیتەوە.(٢) لەو گوتارە کورتەتدا زیاتر لە دە چەمکت بە کار هێناوە، بێ ئەوەی لە ناوەوە ئیشت پێ کردبن، بەڵکو هەر لە دەرەوە بڕیارت لە سەر داون. ئەمە کێشەی میتۆدی خوێندنەوەیە، کاتێ زمانی ڕۆژانەی بە سەردا زاڵ دەبێت. من لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر لە جارێک باسم لە مەترسیی زمانی ڕۆژانە کردووە، کە چۆن ڕێگرە لەوەی ڕەخنە لای ئێمە چاو هەڵبهێنێت و گەشە بکات. لەبارەی گرنگیی نووسینەوە قسەم کردووە و پێم لەسەر ئەوە داگرتووە



www.iqra.ahlamontada.com

نووسین دەتوانێت نەک هەر جیاوازی دابهێنێت، بەڵکو دەشتوانێت ئەو جیاوازییە بخاتە ئاستی دینامیکییەوە و بەردەوامیی پێ بدات.(٣) وا کورتەیەک لە بۆچوونەکانم بۆ ئێرە دەگوێزمەوە و دەڵێم گەورەترین گرفتی ئێمە تاکو ئەمڕۆیش بوونی دەستەڵاتی زمانی زارەکییە بەسەر ڕەخنەدا. بەشێکی زۆری ڕەخنەگرەکانمان نووسین بە گرنگ نازانن، چونکە ئاگایان لەو پرۆبلەماتیکە نییە، کە (نووسین) و (قسە) چ لەناو فەلسەفە و چ لەناو لینگویستیکدا دروستیان کردووە، بە ڕادەیەک ئەو پرۆبلەماتیکە لە سەردەمی (سۆکرات) و (پلاتۆن) و پێشترەوە تاکو (دێریدا) و دواترەوە یاخەی هەموو فەیلەسووف و زمانناسێکی گرتووە و بە خۆیەوەی خەریک کردوون. بەشێکی زۆری ڕەخنەگری ئێمە هێندەیان بەسە چەند شتێک لەبارەی تێکستەوە بزانن، تاکو بە پێوەری (چاکەوخراپە) بڕیاری خۆیانی لە سەر بدەن. ڕەخنەگری دیمۆتیک (شعبی)مان هەیە ساڵانە بە زمانی ڕۆژانە کتێبێک دووان لەبارەی ڕەخنەوە دەنووسێت. بەوەندە ناوەستێت، هەر بە زمانی ڕۆژانە باس لە هۆکارەکانی نەبوونی ڕەخنە دەکات و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە. ڕەخنەگرم بینیوە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی تەمەنی نووسینیدا هێندەی کتێب چاپ کردووە، کە ژمارەیان زیاترە لەو کتێبانەی ڕەخنەگرێکی وەک (ڕۆلان بارت) بە درێژاییی ژیانی نووسیونی، بەڵام هەر ئەو ڕەخنەگرە لەبارەی هەندێک چەمکی ئەدەبی و فکرییەوە بۆچوونی وای دەربڕیوە، مرۆڤ هەم دەخاتە پێکەنین و هەم دەیگریەنێت. ڕەخنەگری دیمۆتیک ساڵی ٢٠١٣ دوای چاپکردنی چەند کتێبێکی ڕەخنەیی، دوای ئەوەی بە زمانی ڕۆژانە کۆمەڵێک تێکستی شکاندووە، چونکە لێیان تێنەگەیشتووە و بە کۆمەڵێکیدا هەڵداوە، چونکە بە ئاسانی سەری لێیان دەرچووە؛ دەڵێت ڕەخنە بریتییە لە بڕیاردان لەسەر دەق بە چاک یان بە خراپ. ئەمە بە هەموو مانایەک کارەساتە! کاتێکیش بیانەوێت بزانن چ تێکستێک چاکە و چ تێکستێک خراپ، ئەوا پێوەر ئەوەیە ئەو تێکستە چەندی لە کۆی ڕەخنەی میللی بەر کەوتووە. بە بڕوای من دەرکەوتنی ڕەخنە و



www.iqra.ahlamontada.com

گەشەکردنی هەمیشە هاوکاتی تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانە و دامەزراندنی زمانی نووسینن. تاکو ئەم ساتەیش تێکستی ئێمە لە دەرەوەی پرۆسێسی نووسین و بە شێوەی زارەکی هەڵدەسەنگێنرێت. چاکە یان خراپە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سواوەیە بەردەوام گیانی فکر و ئیستاتیکامان دەکوژێت، لە کاتێکدا بۆ ئەوەی تۆ هەر تێکستێکی ئەدەبی، بە تایبەتی ڕۆمان ڕاڤە بکەیت، پێویستت بە نووسینە، چونکە تەنیا لە (نووسین)دا دەتوانیت زۆرترین لایەکانی تێکست ببینیت. کەم نین ئەو تێکستە گەورانەی لە کازینۆ، لەناو پاس، لە سەیرانگا و شوێنی تردا بە شێوەی زارەکی و بە چەند وشەیەکی ساکار بڕیاریان لە سەر دراوە. ئەلف تەکنیکی لاوازە. بێ زمانی خراپە. جیم ڕوداوەکانی ئاڵۆزن. دال دایەلۆگەکانی زەقن. میم خاوەنی فانتاسیایەکی داخراوە، بێ ئەوەی ئەوانە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چوار دێڕیان لەبارەی چەمکی زمان، ڕووداو، دایەلۆگ، فانتاسیا و شتی دیکەوە نووسیبێت. ئەگەر نووسیبێتیشیان بە هەمان زمانی ڕۆژانە باسیان لە کۆمەڵێک مەسەلەی سەختی ئەدەبی و هونەری کردووە، بەو مەبەستەی تا ئەو ئاستە سادەیان بکەنەوە، کە سەریان لێیان دەربچێت و ئەنجام بڕیاری چاکەوخراپەیان بۆ دەربکەن. (واڵتەر کافمان) لە پێشەکیی کتێبی (تراجیدیا و فەلسەفە)دا، کە لە ساڵی شەستوهەشتی سەدەی ڕابردوو چاپ کراوە، دەنووسێت: (نووسین بیرکردنەوەیەکی هێواشە. ئەو شتانە دەبینین، کە خێرایی ئاسایی ناهێڵێت بیانبینین. ڕێگامان دەدا بە پێی ئارەزووی خۆمان ئەو شریتە بگەڕێنینەوە دواوە، تاکو لە هەڵەکان بگەڕێین، بیانسڕینەوە، بچینە ناوی و پێیدا بچینەوە. زۆربەی بیرکردنەوەکان نمنمەی بارانن بە سەر زەویدا دەبارێن و وشک دەبنەوە).(٤)

ڕەخنە بەرهەمی نووسینە، بۆیە ڕەخنە پرۆسێسێکی هێمنە و بەو هێمنییەی نهێنییەکانی تێکست دەدۆزێتەوە، تاکو لێکدانەوەی جیاواز لەوەی نووسەر مەبەستی بووە، بکات. لەبەر ئەوەیە ڕەخنە هەمیشە سەرسامی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دەکرێت لە ساتێکدا دەیان نموونە



www.iqra.ahlamontada.com

له ڕەخنەی جیهانیدا بهێنینەوە، ئەگەر نەڵێم سەرجەم ڕەخنەی جیهانی، بە چاوپۆشین لە جیاوازیی میتۆد و بۆچوون لەنێوان قوتابخانەیەک و یەکێکی دیکەیاندا، بریتییە لە هێنانی سەرسامی. زمانی ڕۆژانە نەک هەر ڕەخنەی پێ نانووسرێت، بەڵکو ئەرکی یەکەمی ڕەخنە تێکشکاندن و تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەیە. (هارالامبۆس و هۆلبۆرن) لە کتێبی (سۆسیۆلۆجیای کەلتوور و شوناس)دا کەلتوور، کە لە کوردی بە ڕۆشنبیری ناسراوە، بۆ چوار جۆر دابەش دەکەن، یەکێکیان کەلتووری خەڵکە، واتە کەلتووری میللییە. پێیان وایە ئەو جۆرە کەلتوورە هی خەڵکی ئاسایییە، بە تایبەتی هی ئەو کۆمەڵگایانەیە، کە شۆڕشی پیشەسازییان بە خۆیانەوە نەبینیوە. بە مانایەکی تر هی سەردەمی پێش مۆدێرنیتەیە. نموونە بە گۆرانیی تەقلیدی و ئەو چیرۆکانە دەهێننەوە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. ئەوانە هەرگیز ئارەزوویان نییە ببنە هونەری گەورە، ئەگەرچی بە ڕێزەوە لێیان دەڕوانرێت و بۆ هەندێک بوار دەست دەدەن.(٥) پرسیاری ئێمە ئەوەیە: ئایا کەلتووری میللی، کە سەر بە قۆناغی پێش مۆدێرنیتەیە، ئەو هێزەی تێدایە ڕەخنە لە ئەدەبی سەردەمی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە بگرێت؟ ڕەخنە بۆ ئەوەی توانای تێپەڕاندنی ئاستی ئەو تێکستانەی هەبێت، کە دەیەوێت ئیشیان لە ناودا بکات، دەبێت ئاستێکی بەرزتری زمان و شێوازێکی دیکەی بیرکردنەوەی هەبێت، لە کاتێکدا ئاستی زمانی ڕۆژانە زۆر لە خوار ئاستی زمانی تێکستەوەیە. ئەدەب پێچەوانەی ڕەخنە زمانی ڕۆژانە بە کار دەهێنێت، بە تایبەتی ئەدەبی گێڕانەوە. بەوەدا ڕۆمان ئەو ژانرەیە، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سۆسیۆلۆجیاوە هەیە، ئەوا کەناڵێکی گرنگی گواستنەوەی گوتەی جیاوازی ڕۆژانەی خەڵک و دەنگی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگایە. یەکێک لەو خاڵانەی وای لە (باختین) کردووە، کە (دۆیستۆیڤسکی)ی بە لاوە گرنگ بێت و بە داهێنەری شێوازی ڕۆمانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنیPolyphony)ی دابنێت، ئەوەیە،



www.iqra.ahlamontada.com

توانیویەتی زمانی ڕۆژانە و دیالێکتە پەراویزخراوەکان لە ڕۆماندا بە کار بهێنێت. هەروەها (باختین) لەبەر هەمان مەبەست بایەخ بە (فرانسوا ڕابلی)ی ڕۆماننووسی فرەنسییش دەدات، تەنانەت (ڕابلی) بە کلیلێک دەچووێنێت بۆ کردنەوەی دەرگای خەزێنەی ئەدەبی گاڵتەجاریی میللی.(٦) بەوەدا ڕۆمان پشت بە ڕەگەزی گێڕانەوە دەبەستێت، ئەوا توانای هەیە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ شتە شاراوەکانی کۆمەڵگا بدۆزێتەوە و فۆرمەڵەیان بکات. لێرەوە ئەرکی ڕەخنەگر دەست پێ دەکات لەوەی چۆن بە شێوازی خۆی ئەو شتە شاراوانە لێک بداتەوە. بەم شێوەیە ڕەخنە بەوە لە تێکستی ئەدەبی بە گشتی و لە ڕۆمان بە تایبەتی جیا دەبێتەوە، کە ئەمەیان ناڕاستەوخۆیە و زیاتر ئاماژە بە فاکتەکانی کۆمەڵگا دەدات و ئاڕاستەی شاراوە دەگرێت، بەڵام دووەمیان، واتە ڕەخنە ئەو ئاماژە و ئاڕاستانە لێک دەداتەوە، وردیان دەکاتەوە، بە یەکتریانەوە گری دەدات و کۆنکلوژنەکانی دەخاتە ڕوو، بێ ئەوەی هیچ بڕیارێک دەربکات، چونکە بڕیار مانای وەستانە، لە کاتێکدا ڕەخنە وەک پرۆسیسێکی میتافیزیکی لە ناوەوە بەردەوامیی هەیە. ئەگەرچی ڕەخنە لە ڕووی زەمەنی فیزیکییەوە دەکەوێتە دوای تێکستەوە، بەوەی سەرەتا تێکستی ئەدەبی هەیە، ئینجا ڕەخنە کۆنتاکتی لەگەڵ دەکات، بەڵام لە ڕووی زەمەنی میتافیزیکییەوە هاوشانن، بەوەی سەرچاوەی هەردووکیان ئەو چالاکییە فکری و هۆشیارییانەن، کە لەناو کۆمەڵگادا ئاڕاستەیان وەرگرتووە. ڕەخنە بۆ ئەوە کۆنتاکت لەگەڵ تێکستدا ناکات، تاکو لە ناویدا بمێنێتەوە، بەڵکو ئامانجی لەو کۆنتاکتە تێپەڕاندنی ئاستی تێکستە، بەو مەبەستەی کۆمەڵێک کۆنکلوژنی نوێ بە دەستەوە بدات، لە کاتێکدا ڕەخنەی ویژدانی مادام هەر لە بنەڕەتەوە خۆی بەوەوە خەریک دەکات چی باشە و چی خراپە، ناتوانێت هیچ ئاڕاستەیەکی نوێ بگرێت، وەک لەم گوتارەی تۆدا دەیبینین، ئەردەڵان گیان. ئەگەر وەک پێشتر گوترا ڕەخنە هەمیشە سەرسامی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئەوا ڕەخنەی دیمۆتیکی



www.iqra.ahlamontada.com

ئێمە تەنیا بڕیار دەدات و لەو نێوەدا تێکستی قوول، کە ئاراستەکانی لە ناوەوەن و بە ئاشکرا دەرناکەون؛ قوربانیی یەکەمە، بە پێچەوانەوە نووسینی سادە شادی بۆ خاوەنی دەهێنێت. کەم نین ئەو تێکستە سادانەی ڕەخنەگری دیمۆتیک بە شاکاریان دەزانێت. ڕەخنەگری دیمۆتیک لەبەر ئەوە دژایەتیی داهێنەر ناکات، کە داهێنانی نەکردووە و بەرهەمی باشی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەیە داهێنانی کردووە. ڕەخنەگری دیموتیک چەند نموونەیەکی ساکاری خستووەتە خەیاڵی خۆیەوە و پێی وایە ئەوانە داهێنەرن، کە هەر ئاراستەیەکی تر ببینێت، لەوان نەچێت، پێی تێک دەچێت، چونکە سیستەمەکەی لە ناوەوە دەشێوێت. ئەو ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو یەک دوو نموونەیە کەسی تر ببینێت.

ئەردەلان گیان، لە ڕەخنەی ویژدانیدا، کە بە میتۆدی تیۆلۆجی کار دەکات، دوو کەس هەن، یەکەمیان، نووسەرە، کە تێکستەکەی نووسیوە و دووەمیان، ڕەخنەگرە، کە بڕیار دەدات ئەو تێکستە چەندی باشە و چەندی خراپە. ئەمە لە ڕەخنەی نوێدا نەک هەر باوی نەماوە، بەڵکو هەموو ئاراستە ڕەخنەییەکان بەبێ جیاوازی دژی وەستاونەتەوە. لە ڕەخنەی ویژدانیدا خوێنەر بوونی نییە، یان هەیەتی و پاسیڤە. ئەگەر سەرنج لە تیۆرە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکان بدەین، دەبینین هەموویان پێ لەسەر بوونی خوێنەر وەک ڕەگەزێکی کارلێککەر و تەواوکاریی نووسەر و تێکست دادەگرن. ئەگەر لای (ئیکۆ) خوێنەری نموونە هەیە، ئەوا لای (بارت) خوێنەری هیدۆنیستیک، یاخود خوێنەری چێژ و لای (دێریدا) خوێنەری هەڵوەشێنەر و لای (هانز ڕۆبێرت یاوس) خوێنەری مێژوویی دەبینرێت. تۆ لە ئەڵمانیا دەژییت، بۆیە بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم لە هەموو مێژووی ڕەخنەی ئەڵمانیادا یەک گوتاری ڕەخنەیی نادۆزیتەوە گوتبێتی: (ئەم تێکستە لێرەوە تاکو ئێرەی باشە، بەڵام لەم شوێنەوە تاکو ئێرەی خراپە). بێگومان ڕەخنەی ویژدانیی کوردی نەک هەر لەم سەردەمە، بەڵکو سەردەمی زوویشدا هەمیشە ساکار بووە و ناکرێت



www.iqra.ahlamontada.com

ساکاریش نەبێت. بۆیە دەڵێم ڕەخنەی ویژدانی بە میتۆدی تیۆلۆجی کار دەکات، چونکە ڕەخنەگر ئەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت خێر و شەڕی نووسەر هەڵبسەنگێنێت، تاکو بزانێت تای کامیان قورسترە، کە ئەمە بێ کەم و زیاد میتۆدێکی ئایینییە و لەناو ڕێچوەڵێکی ئایینییشدا بە ڕێوە دەچێت. لەم دۆخەدا تێکست زۆر بە سادەیی بریتییە لە ژیانی نووسەر. لەو ماوەیەدا چەند خێری کردووە و چەند گوناه؟ ئەمەیش مانای وایە تێکست لە سەبجێکتەوە بۆ ئۆبجێکت دەگۆڕێت. کەواتە تێکست تەنیا ئاوێنەی چاکەوخراپەی نووسەرە و هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نییە، کە ئەمەیش هەموو ئاراستە ڕەخنەییەکانی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوو بەبێ جیاوازی تێیانپەڕاندووە، بەوەی ڕەخنە بە سەبجێکت دەزانن، بگرە هەیانە دەیخاتە سەرووی نووسەریشەوە وەک لای (ڕۆلان بارت) دەیبینین. لە ڕەخنەی ویژدانیدا نووسەر، کە خاوەنی بەرهەمەکەیە، مردووە، نەک بەو مانایەی (ڕۆلان بارت) مەبەستیەتی، بەڵکو بەو مانایەی ژیانی تەواو بووە و تەنیا خێروشەڕی ماون، کە ئەمە لە ئایینەکاندا بە ڕێزوڕێکشن (قیامەت) ناسراوە. لە دۆخی ڕێزوڕێکشندا ڕەخنەگر ڕێ بە خۆی دەدات لەسەر هەموو ئەو شتانە لێپرسینەوە لەگەڵ نووسەردا بکات، کە نەیکردوون. ئێمە کاتێک تێکستێک دەخوێنینەوە، دەبێت بزانین ئەو تێکستە چیی گوتووە، نەوەک چیی نەگوتووە. ئەوەی نەگوتراوە دوور و نزیک پێوەندیی بە تێکستەوە نییە. بۆ نموونە ڕەخنەگرێکی دیمۆتیک پێشتر تێکستێکی لەبارەی ناسکیی گوڵەوە خوێندووەتەوە و پێی سەرسام بووە، ئەوا لە تێکستێکی دیکەدا، کە باسی ڕەقیی بەردە، دەپرسێت کوا ئەو ناسکییەی گوڵ، کە من لەو تێکستەی دیکەدا دیومە؟ ئیتر لەسەر (نەبوونی ناسکیی گوڵ لەو تێکستەدا) نووسەر سەرزەنشت دەکات. هەر تێکستێک دەتوانێت بەشێک لە ژیان پیشان بدات، بێ ئەوەی ئەو پیشاندانە دەقاودەقی واقیع بێت، بەڵام لە ڕەخنەی ویژدانیدا، کە هەمان دۆخی ڕێزوڕێکشنە نووسەر لەسەر هەموو ئەو شتانە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، کە لە دەرەوەی تێکستەکەدان. بۆچی



www.iqra.ahlamontada.com

ئاوای نەکردووە؟ بۆچی وەک فلان نووسەر تێکستەکەی بە ڕوونی نەنووسیوە؟ بۆچی ئەو کارەکتەرەی هێندە ئاڵۆزە، کەس لێی تێناگات؟ لە بەرانبەر ئەوەیشدا: ئافەرین کە بەو زمانە ڕەوانە نووسیوتە. دەستت خۆش بێت بۆ ئەو ڕووداوانەی دەیانگێڕیتەوە و شتی لەم بابەتە، کە دەتوانم زۆر نموونە لە گوتارەکەتدا بهێنمەوە، بەلام هەر ئەوانەیان هەڵدەبژێرم، کە زیاتر قسە هەڵدەگرن:

سەرەتا با ئەو زانیارییە ڕاست بکەینەوە، کە پێت وایە ئەو ڕۆمانە مێژووی هەولێر دەگێڕێتەوە. ڕاستییەکەی مێژووی زۆر شوێنی دیکەیش دەگێڕێتەوە وەک (سلیمانی)، (کەرکووک)، (بەغدا)، (مەندەلی)، (بەسرا)، (سنووری نێوان عێراق و سعوودیە)، (قاهیرە)، (ئەسکەندەریە)، (ئیستانبۆل) و (ئەڵمانیا)، بەلام مێژوویێکی گریمانی، کە جیاوازە لە مێژووی فەرمی، بەوەی لە تێکستی ئەدەبیدا کات و شوێن ڕەهەندی فیزیکییان لە دەست دەدەن و لەسەر ئاستی میتافیزیکدا دەردەکەون، مادام دەخرێنە ئاستی زمانەوە و زمانیش ئاراستەی جیاواز جیاوازی هەیە، چونکە پشت بە ڕیتۆریک و میتافۆر (ڕەوانبێژی و مەجاز) دەبەستێت، کە دواتر هەوڵی وردکردنەوەی ئەم خاڵە و زۆری دیکەیش دەدەم. هەروەها لام ڕوونە لەوپەڕی دڵپاکیتەوەیە من بە نووسەری (هەولێر) دەزانیت، بەلام ڕاستییەکەی خۆم بە نووسەری هەموو دنیا دادەنێم، لانی کەم نووسەرێکی کوردزمانم، مادام بە کوردی دەنووسم. لەو دایەلۆگەی لەژێر ناونیشانی (هەولێر و هەولێری لە کۆنکرێتبەندییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە)دا لەگەڵ (ئیسماعیل حەمەئەمین)ی هاوڕێم کردووە، بە درێژی لە چەمکی شار دواوم، کە ئەو چەمکەیش وەک هەر چەمکێکی دیکەی میتافیزیکی لەسەر کۆمەڵێک شتی دژ بە یەک دامەزراوە و توانای مانەوەی نییە.(٧) (ڤی. ئێس. نایپۆل)ی ڕۆماننووس لە بەشی یەکەمی (لە ولاتێکی ئازاددا)، کە لەژێر ناونیشانی (پەراگەندەیەک لە پیرایۆس)دایە، دەڵێت: (ناشیونالیتی بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان مانای چییە؟ من خۆم بە هاوولاتیی دنیا



www.iqra.ahlamontada.com

دەزانم).(٨) ئێستا با لە ناونیشانەکەوە دەست پێ بکەین، کە (کازینۆی منداڵان)ـە، نەوەک (گازینۆی منداڵان) وەک تۆ نووسیوتە، ئەردەڵان گیان. وشەی (گازینۆ) لە ئاستی میللیدا دەگوترێت، بەڵام (کازینۆ casino) وشە ئۆریگیناڵەکەیە و زیاتر لە مانایەکی هەیە، کە هەموویانم مەبەستن. ماناکانی (کاسینۆ)، یان (کازینۆ) ئەمانەن: یەکەم، کلووب. دووەم، ئەو شوێنەی قوماری لێ دەکرێت. سێیەم، دۆزەخ. چوارەم، خانووی لادێ و هتد. دەمەوێت ئەوە بزانیت بە خۆڕایی ئەو وشەیەم هەڵنەبژاردووە. زۆر کەس لێرە و لەوێ گوتوویانە من نەمزانیوە (گازینۆ)یە، کە ئەمە ڕاست نییە. هەر لە منداڵییەوە ئەو وشەیە دەزانم، بەوەی سێ (گازینۆ!) لە گەڕەکمان هەبوون. یەکەمجاریش دەمویست بە شێوە باوەکە بینووسم، نەبادا ئاوا کێشە لای خوێنەر دروست بکات، بەڵام دواتر سوور بووم لەسەر ئەوەی ئۆریگیناڵەکە بە کار بهێنم.

تۆ دەڵێیت: (من هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە نەمزانی ئەم گازینۆیەی کە بۆتە ناونیشانی ڕۆمانەکە کامەیە؟ هی کێیە؟، چونکە نووسەر لەچەند شوێنێکدا باسی گازینۆکە دەکات. سەرەتا وامزانی کە ئەم گازینۆیە، شوێنێکی فەنتازیای نووسەرە، ئەو شوێنەی کاتێک (سوهادو وریا) بەمنداڵی مانگاکەیان لێدەلەوەڕاند. پاشان نووسەر باس لەگازینۆکەی (ئەلیاس داخانی) دەکات، ئەو گازینۆیەش بەکۆمەڵێک چیرۆکی سەیر گرێداوە، کە زۆر زەحمەتە بۆ خوێنەر هەموو ئەو چیرۆکانە هەڵمژێت.)

ڕێی منیش بدە بڵێم: هەر نووسەرێکی هۆشیار بگرێت، هیوا دەخوازێت خوێنەرەکانی ئەم چەند وشەیەی بۆ بنووسن، چونکە نابێت خوێنەر بە شێوەی کۆنکرێت و ئاسان مانای ناونیشان بدۆزێتەوە. هەوڵی زۆرم داوە ئەو ناونیشانە شاراوە بێت و وا دیارە هەوڵەکانم سەریان گرتووە. بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونەیشم تکایە ئەم دایەلۆگەی نێوان (سوهاد) و (یەلدا)ی شاگردی کازینۆکە بخوێنەرەوە:



www.iqra.ahlamontada.com

{ڕۆژێکیان لە قەڵات دەهاتە خوارێ و زۆر ماندوو بوو، بەوەی بە درێژاییی ڕۆژ لە کچەکەی گەڕابوو، ڕێی کەوتە ئەو کازینۆیە... سەرەتا چەند جارێک گوتی:

_ ئای گوڵباران، گوڵباران...!! ئای گوڵباران، گوڵباران...!!

دەمودەست (یەڵدا)ی شاگرد لە بەردەمی قوت بووەوە و بە گوێچکەیدا چپاند:

_ لێرە گۆرانی قەدەغەیە، بە تایبەتی گۆرانیی گەوران، بۆیە دەبێت بێدەنگ بیت.

سەری هەڵبڕی و پێی گوت:

_ گۆرانی ناڵێم، ڕۆڵە... کچەکەم ناوی گوڵبارانە و ون بووە.

ئەگەرچی (یەڵدا) دەیویست دەمکوتی بکات، بەڵام لەوە دەچوو ئەو هەواڵەی بە لاوە سەیر بێت، یان ڕەنگە ناوی (گوڵباران) سەرنجی ڕاکێشا بێت، بۆیە بە چپە لێی پرسی:

_ تەمەنی چەندە...؟

_ گەورەیە... بیست ساڵە.

_ نابێت باسی هیچ شتێکی گەورەیی بکەیت... ئەمە کازینۆی منداڵانە.

ئەوسا گوتی:

_ هێندە نابێت منداڵێکیشم مردووە... نابێت باسی ئەویش بکەم...؟!

_ نا، نابێت... ئەمەیش هەر بە گەورەیی ڕووی داوە.

لەو کووپەیەی لای سەرووی کازینۆکەی ڕوانی، کە تک تک دڵۆپەئاوی سازگاری لێ دەتکایە ناو قاپەکەی ژێری... گریان قوڕگی گرت و گوتی:

_ ئاخر تایەکی گەرمی لێ هاتووە و دوای چەند ڕۆژێک لە ناوەڕاستی حەوشە مردووە... بۆم دەرکەوتووە تینوویتی زۆری بۆ هێناوە و هاتووە لەوێ ئاو بخواتەوە، بەڵام دەستی نەکەوتووە و خنکاوە... ئێ هەر وا نییە...؟! مرۆڤ کاتێ تای گەرمی لێ دێت، تینووی نابێت...؟! دەم و قوڕگی وشک نابن...؟! ئەرێ چاوەڕێ ناکات



www.iqra.ahlamontada.com

یەکێ دەستێک بە پشتیەوە بگرێت، تاکو نەکەوێت و بە دەستەکەی تری ئاوی ساردی بداتێ...؟!

_ لە بیر خۆتی ببەرەوە...!! ئەگەر خوشکێک یان برایەکت بە منداڵی مردووە، دەتوانیت باسیان بکەیت.

_ من خوشکوبرام هەر نەبووە... تاقانەم، تاقانە..!! با، برایەکم هەیە، بەڵام ئەویش......

(یەڵدا) هێشتا هەر بە چپە قسەی لەگەڵ دەکرد:

_ گوێ بگرە...!! دەزانم ئەوە یەکەمجارتە دێیتە ئێرە و هێشتا شارەزای یاساکان نیت، بەڵام ئەگەر لە دڵی خۆیشتدا بیر لە گەورەیی بکەیتەوە، من ناچارم دەرتبکەم}.

ئەردەڵان گیان، دەشێ ئەو کازینۆیە تەنیا لە خەیاڵی (سوهاد)دا بوونی هەبێت، چونکە ئەوەتا (وریا)ی برای دەڵێت: {تۆ سووری لەسەر ئەوەی بڵێیت کاتی خۆی ئێرە (کازینۆی منداڵان) بووە، بەڵام من ئەوە یەکەمجارە ناوی دەبیستم... ئەوەندە دەزانم لەم شوێنە گۆمێک هەبوو... ئێواران (مەیسوون)مان دەهێنا، تاکو تێر تێر ئاوی لێ بخواتەوە.). بەڵام لە لایەکی تر لەو هەموو شوفێرانەی تاکسی، تەنیا یەکێکیان دەزانێت ئەو شوێنە هەبووە: (ئەو کازینۆیە نەماوە و کراوەتە ئاپارتمانێکی بەرز، پیرەمێرد، بەڵام من دەتوانم بتبەمە ئەوێ.}

لە کەرکووکیش کازینۆیەک هەیە و هیی (ئەلیاس باخانی)یە، کە ئەمەیش بە مەبەست دروست کراوە، بۆ ئەوەی کازینۆکەی هەولێر نەبێتە سێنتەرێک و خەیاڵی خوێنەر لەوێ دوور بکەوێتەوە. لەوێ (شێرکۆ)ی حیکایەتخوان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان خەڵک سەرسام دەکات، بە ڕادەیەک کازینۆکە پڕی منداڵ دەبێت، بەڵام ئایا بۆیە ناونیشانی ڕۆمانەکە ناوی (کازینۆی منداڵان)ە؟ نەخێر، دەبێت لە شوێنی تر بۆی بگەڕێیت. ئەگەر لە بەرهەمەکانی ترم بڕوانیت، بەردەوام کاری وام کردووە، ئەردەڵان گیان. من ئێستا لەم نامەیەدا دەرفەتی ئەوەم نییە بە درێژی باس لە پێوەندیی ناونیشان بە تێکستەوە بکەم، بەڵام هیوادارم بۆ گفتوگۆکانم بگەڕێیتەوە، تاکو



www.iqra.ahlamontada.com

بزانیت لەو بارەیەوە چیم گوتووە. ئێستا تەنیا ئەوەندە دەپرسم ئایا ناونیشان بەشێکی جیاکراوەی تێکستە؟ نەخێر، بەشێکە لە تێکست و توانای هەیە لەگەڵ ئاڕاستە جیاوازەکانی ئەو تێکستەدا پێوەندیی جیاوازی هەبێت، کە ئەوانەی لەبارەی تیۆری گێڕانەوەوە نووسیویانە بە وردی باسیان لەو پرۆبلەماتیکە کردووە و خۆیشم لە گفتوگۆکانمدا ئاماژەم پێ داون. لە ئەدەبی نوێدا بە تایبەتی لە ئەدەبی گێڕانەوەدا ناونیشان وەک هیی جاران نییە، ڕاستەوخۆ و زەق بێت، بەڵکو پێویستە بشاردرێتەوە. دوای دەرکەوتنی بواری سیمۆلۆجیا بە تایبەتی لەگەڵ هەوڵەکانی (سۆسێر) و پاشان هیی (بارت) و ئەوانی دیکەدا ئیتر ناونیشان گۆڕانی بنەڕەتیی بە سەردا هات، بەوەی چووە ناو بواری فەلسەفە و لینگویستیکەوە. من هەوڵ دەدەم بە کورتی وێنەیەک لەو بارەیەوە بخەمە بەرچاوی تۆی ئازیز، ئەردەلان گیان، بەو مەبەستەی بزانیت ئەو ناونیشانە بۆچی بە زەقی لەناو تێکستەکەدا نابینرێت. مەبەستم ئەوەیە لە ڕوانگەی سیمۆلۆجیاوە تیشک دەخەمە سەر پێوەندیی نێوان دال و مەدلوولەوە.

بە بڕوای (سۆسێر) نیشانە (Sign) کۆمەڵێک بیرۆکە و وێنەی دەنگی (Sound-Image)یە و لە دوو بەش پێک دێت. بۆ نموونە ئاماژەی درەخت لە بیرۆکەی درەخت و وێنەی دەنگیی درەخت پێک هاتووە، کە ئەو دەنگە فیزیکی نییە، بەڵکو بوونێکی سایکۆلۆجیی هەیە.(٩) کەواتە ئێمە کاتێ دەڵێین درەخت، ئەوا ئەو دەنگە داڵە و مەدلوولەکەی وێنەی درەختە، کە دێتە بەرچاومان. هەر کاتێ نووسیمان (درەخت) ئەوا پیتەکان لە ڕێی دەنگەوە ئاماژە بە درەخت دەدەن و ئیتر درەخت وەک وێنەیەک دێتە بەرچاومان. بەم شێوەیە (سۆسێر) پێی وایە زمان لە کۆمەڵێک نیشانە پێک دێت. نیشانە دال و مەدلوول ( Signifier and Signified) لە خۆی دەگرێت. وەک گوترا مەبەست لە دال لایەنە دەنگییەکەیە چ لە قسەکردن و چ لەسەر ئاستی پیتدا لەو کاتەی دەنووسین. هەرچی مەدلوولە لایەنی وێنە پیشان دەدات. پێی وایە ئەو دال و مەدلوولە لەناو نیشانەدا یەکیان گرتووە و جیاکردنەوەیان



www.iqra.ahlamontada.com

مەحاڵە، کە پێوەندییەکی ڕوواری (Arbitrary)یان پێکەوە هەیە. واتە هۆکاری ڕاستەقینە و پێویست نییە بۆ بەکارهێنانی وێنەی دەنگیی دیاریکراو بۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو.(١٠) پێوەندیی نێوان دال و مەدلوولی (سۆسێر) لای (لیڤی شتراوس) دەچێتە دۆخێکی ترەوە، کە پێی دەگوترێت (سیستەمی نزیکایەتی Kinship System). بەم پێیە (سیستەمی کینشیپ)یش ڕێک وەک سیستەمی زمان خاوەنی کۆمەڵێک پێوەندییە. هەر بەشێک لە سیستەم تەنیا کاتێک مانا پەیدا دەکات، کە پێوەندیی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا دەبەستێت. پیاو کاتێک پێی دەگوترێت (مێرد)، کە ژنی هەیە. ژن کاتێک دەبێتە (دایک)، کە منداڵی هەیە.(١١) بەڵام دەشێت پیاو شتی دیکەیش بێت. بۆ نموونە لە خوێندنگا بەڕێوەبەر بێت. لە حزب کادیر بێت. ژن دەتوانێت دایک بێت و ئەندازیار و ئەندامی ڕێکخراوی ژنانیش بێت. کەواتە شوێن کاتێک دەبێتە (کازینۆ)، کە پێوەندیی بە ڕەگەزەکانی ترەوە دەکات، وەک مێز، کورسی، چایچی، شاگرد، چا، قۆری، خەڵووز و هتد، بەڵام هێشتا دەشێت شتی دیکەیش بێت بۆ نموونە شوێنی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران بێت. (ڕۆلان بارت)یش لە کتێبی (ڕەگەزەکانی سیمۆلۆجی)دا ئەو بۆچوونانەی (سۆسێر) لەبارەی دال و مەدلوولەوە بە وردی ڕاڤە دەکات، بگرە هەرەمەکەی (سۆسێر) هەڵدەگێڕێتەوە و دەگاتە ئەوەی بڵێت سیمۆلۆجیا بەشێکە لە لینگویستیک، نەوەک بە پێچەوانەوە. لە ڕێی کۆنسێپتی زمانەوانییەوە هەوڵی لێکدانەوەی وێنە و ڕێکلام دەدات.(١٢) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە دال و مەدلوول ڕاستە جیا ناکرێنەوە، بەڵام دال بوونێکی چەسپاو و سەربەخۆی نییە، بەڵکو دەشێ ئاماژە بە مەدلوولی دیکەیش بدات، کە ئەمە مانای وایە (کازینۆ) ڕاستە ئاماژەیە بەو شوێنەی ئێمە دەیهێنینە بەرچاومان، بەڵام دەشێ لە کۆنتێکستی دیکەدا مانای دیکەیشی هەبێت، کە وەک گوتم من هەوڵی زۆرم داوە ئەو مانا کۆنکرێتییەی تێک بشکێنم. کاتێکیش وشەی (منداڵان)ی دەچێتە سەر، ئەوا دیسان ماناکەی دەگۆڕێت. (سۆران ئازاد) لە گوتاری (کازینۆی منداڵان، کازینۆی



www.iqra.ahlamontada.com

دەنگە جیاوازەکان)دا پێی وایە (کازینۆ) ئاماژەیە بە شوێن و (مندال) ئاماژەیە بە کات، کە دەکرێت بەو شێوەیەیش سەیری بکەین.(١٣) لای (بارت) ناونیشان تەنیا پێوەندیی بە تێکستی نووسراوەوە نییە، بەڵکو ئەو وەک بەشێک لە بواری سیمۆلۆجیا لێی دەڕوانێت و پێی وایە سیمۆلۆجیا چ زمان و چ ئەوانەی زمان نین، لە خۆی دەگرێت وەک ئایکۆن، سیمبۆل، نیشانە و هتد. واتە چ ئەوانەی گۆ دەکرێن و چ ئەوانەی دەبینرێن. دەشێ جۆری خواردن یان جۆری جلوبەرگ ناونیشان بێت بۆ چینێک، یان کەلتوورێکی دیاریکراو. جل بۆ ئەوەیە لە بەر بکرێت و لەش داپۆشێت، بەڵام ڕەنگە بۆ ڕازاندنەوەیش بێت و دەکرێت ئەرکی دیکەیشی هەبێت.(١٤) کازینۆ بۆ ئەوەیە خەڵک کاتی خۆی تێدا بە سەر ببات و دەشێ ئەرکی دیکەیشی هەبێت. ڕەخنەگری مەغریبی (جەمیل حەمدان) پێی وایە ناونیشانی ڕۆمان هەموو کاتێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ تەعبیر لە ناوەرۆکی تێکستەکە ناکات، بەڵکو زۆر ناونیشان هەن ئاڵۆز، شاراوە و سیمبۆلین، کە زەحمەتە پێوەندیی ئیندیکتیڤی لەنێوان ئەمانە و تێکستدا بدۆزرێتەوە، بەڵام لەسەر خوێنەر پێویستە چ بە دوای ئەو پێوەندییە و چ بە دوای مەبەست و ڕایەڵە سیمبۆلی و ئاماژەییەکانیدا بگەڕێت.(١٥)

ئەردەڵان گیان، سیمۆلۆجیا تاکە سەرچاوە نییە ئێمە تێیدا بۆ ماناکانی ناونیشان بگەڕێین، بەڵام لەبەر ئەوەی سیمۆلۆجیا زۆرترین بایەخی بەو بوارە داوە، بە تایبەتی ڤێرژنە فرەنسییەکەی، بۆیە تەنیا ئاماژەمان بەو دا. وەک پێشتریش گوتم لە گفتوگۆکانمدا زیاتر لە جارێک باسم لە ناونیشان کردووە. بەڵێ، گوتوومە ناونیشان دەتوانێت سەربەخۆیی تێکست لە ئاشکرابوون و ڕوونبوونەوە بپارێزێت، کە ئەمەیان دەکرێت وەکو ئاستێکی جوانکارییش سەیر بکەین. لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا لە هەوڵی ئەوە دایە هەموو لوغز و نهێنییەکانی ژیان ئاشکرا بکات، نووسەر ناچارە ئەو دەروازە گرنگە، کە پێی دەگوترێت ناونیشان، بە هەند وەربگرێت. ئەمڕۆ **Titrologie** واتە زانستی ناونیشان، یاخود ناونیشانناسی لە بواری ئەدەب و



www.iqra.ahlamontada.com

هونەری شێوەکاری و بگرە لە هونەری فۆتۆگرافیشدا بایەخێکی گرنگی هەیە. ناونیشان ئەوەندەی پێوەندیی بە دنیای بیستنەوە هەیە، دوو ئەوەندەیش بە دنیای بینینەوە.(١٦)

هەندێک ڕەخنەگری دیمۆتیکی لای ئێمە پێوەریان بۆ ناونیشان داناوە، گوایە دەبێت کورت بێت، کە ئەمە نیشانەی بێئاگاییە لە تیۆری زمان و بواری لینگویستیکەوە، چونکە لە زماندا شتێک نییە بە ناوی کورتی و درێژی. زمان، لای ئەوانە زۆر بە سادەیی بریتییە لە وشە، کە ئەمە تەنیا ئاستی فیزیکیی زمانە، بەلام زمان لەناوەوە لە کۆمەڵێک بەشی زۆر بچووک پێک دێت، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ژمارەی وشە پێوەر نییە بۆ درێژی و کورتی. ئێستا بواری ئەوەم نییە لەسەر ئەم بابەتە بوەستم، بەلام ئەگەر هەر کاتێ پێویستی کرد، ئەوا بە گوتارێکی سەربەخۆ بۆی دەگەڕێمەوە. خراپ نییە دوو نموونە لە ناونیشانی درێژ بهێنینەوە. یەکەم، ڕۆمانی (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)یە، کە بە زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەیە ( A Portrait of the Artist as a Young Man). دووەم، چیرۆکی (شیفۆ، تۆ لەپێناوی پێکەنیندا هەموو شتێک دەکەیت)ی (موو یان)ە. ئایا ڕاستە ئەمانە مادام درێژن، ئەوا خراپن؟ بە بڕوای من پرۆسێسی ناونیشان جۆرێکە لە ئەسۆسەیشن (تداعی)، کە (داڤید هیوم) ناوی لێ دەنێت (ئەسۆسەیشنی ئایدیاکان Association of Ideas)، واتە چۆن شتێک شتێکی دیکەمان بیر دەخاتەوە و چۆن لە ئایدیایەکەوە دەگەینە ئایدیایەکی دیکە. چۆن بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین زنجیرەیەک ئایدیای جیاواز و لەیەکچوو لە خەیاڵماندا دروست دەبن.(١٧) لەبەر ئەوە بوو گوتم ناونیشان بەشێکە لە تێکست و لێی جیا ناکرێتەوە، کە هەم لە یەکگرتنی مانای جۆراوجۆر و هەم لە بوونی جیاوازیی نێوان ئەو مانایانەدا دێتە کایەوە. ئەمەیش وا دەکات بە ئاسانی مانای ناونیشان نەدۆزرێتەوە، بەڵکو تەنیا ئاماژە زمانەوانی و ئیستاتیکییەکانی دەربکەون. ئینجا کاری ڕەخنە دەست پێ دەکات چۆن ئەو ئاماژانە دەخوێنێتەوە.



www.iqra.ahlamontada.com

ئەردەڵان گیان، تۆ دەڵێیت: (ئەو گازینۆیەش بەکۆمەڵێک چیرۆکی سەیر گرێداوە، کە زۆر زەحمەتە بۆ خوێنەر هەموو ئەو چیرۆکانە هەڵمژێت). لە شوێنێکی دیکەی گوتارەکەتدا ئەمەیش دەڵێیت: {بەداخەوە زۆرجار زەمنی رۆمانەکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت، خوێنەر نازانێت باس لەکام سەردەم دەکات. بەبڕوای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەکی تری ئەم رۆمانە، ئەویش چۆنێتی داڕشتن و ریزکردنی چیرۆکەکانەیەتی.... رۆماننووس دەبێت زۆر شارەزابێت لەچۆنێتی چنینی چیرۆکەکانی رۆمانەکەی. بەداخەوە نووسەر لەزۆر شوێندا کۆمەڵێک چیرۆک تێکەڵ بەیەکتری دەکات، کە زۆرجار خوێنەر سەری لێدەشێوێت. بۆ نموونە ئەو لەسەرەتاوە لەرێگای فلاش باگەوە، (سوهاد) دەگەڕێنێتەوە بۆ هەولێر، بەدوای گازینۆی منداڵان دەگەڕێت، وردە وردە دەچێتە ناو باسە مێژووییەکەوە. بەبڕوای من، نووسەر هەتاوەکو کوشتنی (ئارۆن) زۆر بەباشی دێتە ژوورەوە، بەڵام لەپاش کوشتنی (ئارۆن)ەوە، دەزووی کوڵارەی رۆمانەکەی لەدەستدەردەچێت، بەشێوەیەکی عەجیب چیرۆکەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، زۆرجار نازانیت باس لەکێ دەکات. لەبەشی سێیەمیشدا، سەرەتا بەچیرۆکی (پەریهان) دەستپێدەکات، زۆرباش دێتە ژوورەوە، دوایی چیرۆکەکان درێژدەبنەوە بۆ (پەلکشان و نەخشە شان،،،هتد) کەبەڕاستی نازانیت سەری بابەتەکە لەکوێندەرە.}

رێی منیش بدە بڵێم ئەمە رێک ئەو گوتانەن لێرە و لەوێ لەبارەی بەرهەمی منەوە دەگوترێن، گوایە زەمەن تێکەڵی یەکتر دەبن و خوێنەر سەریان لێ دەرناکات، بەڵام وەک گوتم تۆ زۆر ڕاشکاوانە و دڵپاکانە هاتوویت داتڕشتوونەتەوە. ئەوەی لای من سەیرە، ئەوەیە، رەخنەگر هەمیشە بە دوای قووڵیدا دەگەڕێت و ئەو تێکستانە فەرامۆش دەکات، کە سادەن، بێ ئەوەی بیانشکێنێت، کەچی رەخنەگری دیمۆتیکی ئێمە بۆیە تێکست بە لاوە دەنێت، یان بە چەند وشەیەکی سادەی رۆژانە دەیشکێنێت، چونکە قووڵە و تێگەیشتنی ئاسان نییە.



www.iqra.ahlamontada.com

ئەردەڵان گیان، تۆ لە سەرەتای گوتارەکەتدا دەڵێیت: (رۆمان سنووریکی ئێجگار مەزنی هەیە، کە نووسەر دەتوانێت هەرچی بەمێشکیدا دێت، لەناو سنووری رۆماندا بینووسێت.لەرێگای رۆمانەوە دەتوانرێت، باس لەژیانی رۆژانەی ئاسایی تاوەکو لەمێژوو، سیاسەت، فکرو فەلسەفە، عادات و تەقالید،،، هتد بکرێت.)

ئەمە لەگەڵ ئەو دەربڕینانەی دیکەت زۆر ناکۆکە. هۆکاری ناکۆکییەکەیش ئەوەیە تۆ بە زمانی رۆژانە باست لە رۆمان کردووە. وەک گوترا زمانی رۆژانە رێی رەخنەگر نادات لە چەمکەکان قووڵ ببێتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانێت هەندێک رستەی ساکار دەرببڕێت. ئەگەر زانیمان چەند رەخنەگری گەورەی دنیا وەک (میکایل باختین)، (لوسیان گۆڵدمان)، (تزفیتان تۆدۆرۆڤ)، (پۆل ریکۆر)، (جیرار جینێت)، (تیری ئیگلیتون)، (سەعید یەقتین)، (یومنا عید) و زۆری دیکە خەریکی تیۆری گێرانەوەن، ئەوسا زیاتر بۆمان دەردەکەوێت بوارێکی ئاسان نییە و ناکرێت بە زمانی رۆژانە رووبەرووی ببینەوە.

ئەردەڵان گیان، تۆ (سوهاد) و (وریا)ت لێ تێکەڵ بووە، کە ئەمەیش لۆژیکە کاتێ خوێنەر دوو کارەکتەری سەرەکیی رۆمانەکەی لێ تێکەڵ ببێت، وەک تۆ نەزانێت باسی چییە، بەڵام مەرج نییە وەک تۆ بڵێت: (بەبڕوای من ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەیەکی تری ئەم رۆمانە، ئەویش چۆنێتی دارشتن و ریزکردنی چیرۆکەکانەیەتی).

راستییەکەی (سوهاد) لە کوردستان دەرنەچووە، بەڵکو ئەوە (وریا)یە دوای نیو سەدە لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە. سەرەتا گوتم رەنگە تۆ لە کاتی نووسینەوەدا لێت تێکەڵ بووبێتن، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت هەر بە راستی نەتتوانیوە لێکیان جیا بکەیتەوە، چونکە ئەوەتا لە شوێنێکی دیکەی گوتارەکەتدا دەنووسیت: (سوهاد هەمیشە رقی لەرابردووەو عاشقی ئەمڕۆو ئایندەیە، بەپێچەوانەی وریای برایەوە.) راستییەکەی ئەوە (سوهاد)ە بە رابردووەوە بەندە، نەوەک (وریا). کۆمەڵێک هۆکار وایان کردووە ئەمیان بە رابردوو و ئەویان بە ئاییندەوە پێوەست بێت، کە دەکرێت بە دوایاندا بگەڕێین. جیاوازیی



www.iqra.ahlamontada.com

نێوان ئەو دوو کارەکتەرە زۆر زۆرە، کە (سوهاد) بەشی یەکەم دەگێڕێتەوە و (وریا) بەشی دووەم. من بم لە شوێنی تۆ جارێکی تر ڕۆمانەکە لە نووکەوە دەخوێنمەوە، کە ڕاستییەکەیشی زۆر جار وام لێ هاتووە. تەمەنم شانزدە ساڵ بوو، کاتێ بۆ یەکەمجار ڕۆمانی (ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست)ی (عەبدولڕەحمان مونیف)م خوێندەوە، نەخێر، نەمخوێندەوە، بەڵکو چەند لە لاپەڕەی سەرەتام ڕوانی. هیچی لێ تێنەگەیشتم و فڕێم دا، بگرە گوتم حەیف، خۆ دەمتوانی بەو پارەیە کتێبێکی چاک بکڕم! دوای دوو ساڵ بە ڕێککەوت بۆی گەڕامەوە و هەستم کرد ئەو گێڕانەوەیە زۆر چێژبەخشە. لەبەر ئەوەی بە ڕۆمانەکانی (نەجیب مەحفوز)، (ئیحسان عەبدولقەدوس) و ئەوانی تر ڕاهاتبووم، بۆیە شێوازی شەپۆلی هۆش، واتە تێکشکاندنی زەمەن و تێکەڵکردنی دیمەنی جیاواز، بۆ من نوێ بوو. ساڵی ٢٠٠١ لە کتێبخانەی شارەکەم کارم دەکرد، کە (ڤی. ئێس. نایپۆل) خەلاتی نۆبیلی وەرگرت. لەو بارەیەوە لەگەڵ ژنێکی هاوکارم کەوتمە گفتوگۆ و گوتم (نایپۆل) ڕۆماننووسێکی گەورە نییە، بەلام ئەو پێچەوانەی من بە یەکێک لە نووسەرە داهێنەرەکانی ئەم سەردەمەی دەزانی. لەم چەند ساڵەی دوایی بۆم دەرکەوت دنیای ئەو ڕۆماننووسە پڕە لە شتی شاراوە، کە من پێشتر نەمدیون. نموونەی تر زۆرن لەم ڕووەوە لە ژیانی خوێندنەوەمدا بیانهێنمەوە، بەلام بە پێویستی نازانم. زۆر جار دەڵێم مێژووی خوێندنەوە لای من لە ساڵی هەشتاوپێنج دەست پێ دەکات، بەوەی لەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار فێر بووم لە کاتی خوێندنەوەدا قەڵەمێک بە دەستەوە بگرم و بەردەوام سەرنجەکان لای خۆم بنووسم. ئەگەر تۆ دوو کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەت لێ تێکەڵ بووبێت، کە هەر یەکەیان بەشێک دەگێڕێتەوە، هەقم نییە بڵێم: (هەست دەکەم بە وردی نەتخوێندووەتەوە)؟ ئایا دەبێت بە ناوی خوێنەرانی دیکەیشەوە قسە بکەیت؟ بەر لەوەی هەندێک لەبارەی ستایلی ڕۆمانەکەوە بدوێم، دەڵێم چەند نووسەرێک دەناسم بە وردی خوێندوویانەتەوە و بە تێکستی قووڵیشی دەزانن، کە بەپێی



www.iqra.ahlamontada.com

ئەلفابێتیکەڵ ناویان ڕیز دەکەم: (ئارام شێخوەسانی)، (بڵند باجەلان)، (دانا فایەق)، (دەوەن مەعرووف)، (ئیدریس عەلی)، (فەرهاد شاکەلی)، (هاوڕێ بەهجەت)، (هەژار عوسمان)، (هۆشەنگ وەزیری)، (کارا فاتیح)، (کاروان محەمەد فەتاح)، (ڕزگار شێخانی)، (سابیر ڕەشید)، (سەباح ڕەنجدەر)، (سۆران ئازاد). کاتێ (ڕەوەز حەمەسالح)ی خاوەنی (کتێبخانەی غەزەلنووس) تێکستەکەی داوەتە (باسم ڕەسام)ی شێوەکار، بەو مەبەستەی بزانێت باسی چی دەکات، ئەویش چەند لاپەڕەی سەرەتای خوێندووەتەوە و نەیتوانیوە تا کۆتایی دەستی لێ هەڵبگرێت. (هۆشەنگ وەزیری)ی هاوڕێی منداڵیم، کە ڕووناکبیرێکی دیارە و بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەنووسێت. دوای ئەوەی بەشی یەکەمی خوێندووەتەوە، چووەتە سەر قەڵات، تاکو لەوێوە بڕوانێتە شار و ئەو دیمەنانە بهێنێتەوە بەرچاوی. (دلێر ئیبراهیم سەلیم) یەکێکە لە ڕۆشنبیرەکانی ئێمە، بەڵام نانووسێت، ئەو ڕومانەی بە وردی خوێندووەتەوە. (دلێر)ی هاوڕێم هەندێک نهێنیی لەو ڕۆمانەدا دۆزیوەتەوە، کە لای خۆیشم شاراوە بوون. دەتوانم بڵێم سی تاکو چل سەعات (دلێر) و من لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە گفتوگۆمان کردووە، چونکە هەر جارێ چەند لاپەڕەیەکی لێ خوێندووەتەوە، تەلەفۆنی بۆ کردووم و ئەو خاڵانەی وروژاندووە، کە بە لایەوە گرنگن. (دلێر) جاری وا هەبووە سەعات دوو و سێی شەو خۆی پێ نەگیراوە و زەنگی بۆ لێ داوم، تاکو لەو بارەیەوە قسەم بۆ بکات. ئەو ناوانەم بۆیە وەک نموونە هێنایەوە، چونکە چ بە نووسین و چ بە شێوەی ڤێربال بۆچوونی خۆیان پێ گوتووم، ئەگینا باوەڕم وایە خوێنەری دیکەیش هەبن کارەکتەر و ڕووداوەکانیان لێ تێک نەچووبێت.

من کاتێ دەنووسم جگە لە خۆم کەسێکی دیکەم لە بەرچاو نییە. من پێویستم بەوەیە ئەو وێنانەی ناوەوەی خۆم فڕێ بدەمە دەرێ، چونکە وا دەزانم ژیانم لە دوای فڕێدانی ئەوانەوە دەست پێ دەکات، کە خۆشبەختانە ئەوە هەرگیز ڕوو نادات، بۆیە پرۆسێسەکە بەردەوامە.



www.iqra.ahlamontada.com

من خۆم نیم بڕیار دەدەم ئەوەی دەینووسم پێویستە ئاسان بێت و هەموو لیی تێبگەن، یان زەحمەت بێت و کەس لیی تێنەگات، بەڵکو ئەو وێنانەی ناوەوەمن بڕیار دەدەن، کە لە ئەنجامی تێڕوانینی منەوە بۆ خۆم و بۆ دەوروبەرمەوە دروست بوون. ئەو وێنانە هەم لە یەکتر دەچن و هەم جیاوازن، بۆیە دەشێ وێنەیەکی منداڵی و یەکێکی گەورەیی بە هۆی بوونی ڕەگەزی هاوبەشەوە پێکەوە دەربکەون، بۆیە هەندێک خوێنەر ناتوانن ئەو لینکە بدۆزنەوە و لێیان تێک دەچێت. من یەکێک نیم لەو نووسەرانەی خوێنەریان زۆرە، بەڵام سەرنجم داوە خوێنەری بەرهەمەکانم ئەوانەن شەیدای گەڕانن. هەموویشیانم هەر لەو ڕێگایەوە ناسیوە. (کارا فاتیح) یەکێکە لەو نووسەرانەی لەم دواییە ناسیومن، کە لە خۆم زیاتر ئاگاداری دنیای ناوەوەی کارەکتەرەکانمە. هەموو ئەوانەی دەیانەوێت تێبگەن، نابنە خوێنەری من. تێگەیشتن چییە؟ تێگەیشتن واتە تەواوبوون. تێگەیشتن ئەنجامی خوێندنەوەی ڕووکەشە. خوێندنەوەی ڕووکەش لە شوێنێک دەوەستێت و ناتوانێت درێژە بە خۆی بدات، بەڵام خوێندنەوەی قووڵ، چونکە تێربوونی نییە، بەردەوام دەبێت و بە دوای کۆتاییدا ناگەڕێت، بەڵکو هەر نایەوێت بگاتە کۆتایی. بایەخی تێکستی ئەدەبی لەوەدایە ماناکان بشارێتەوە و ڕێی خوێنەر بدات بە شێوازی خۆی بیاندۆزێتەوە، چونکە هیچ شتێک وەک ڕاستەوخۆیی گیانی ئیستاتیکای تێکست ناکوژێت. کاتێ تێکست بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کۆنتاکت لەگەڵ خوێنەر دەکات، ئەوا بوار بۆ ئەو خوێنەرە دەڕەخسێنێت لە ماناکان ورد ببێتەوە و پێوەندییان لەنێواندا پێک بهێنێت، کە ئەو پرۆسێسە وا دەکات خوێنەر نەک هەر دیدگای خۆی هەبێت، بەڵکو وەک ڕەخنەگرێکیش بۆچوونەکانی دەرببڕێت. (فرای نۆتروپ Frye Northrop)ی ڕەخنەگر لە کتێبی (The Educated Imagination)دا جیاوازی لەنێوان زمانی خەیاڵ، یاخود زمانی ئەدەب و زمانی هونەری پراکتیک (Practical skill)دا دەکات، کە ئەوەیان چۆن لەبارەی زانست و مێژووەوە زانیاریمان پێ دەگەیەنێت،



www.iqra.ahlamontada.com

بەوەی شێوەیەکی ڤێربالە و ڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر، بەلام لە ئەدەبدا وا نییە. واتە بە شێوەی ناڕاستەوخۆیە. نووسەری ئەدەبی چ لەبارەی بابەت و چ لەبارەی ئەندێشەی خۆیەوە پەنا بۆ شێوازی ناڕاستەوخۆ دەبات. ئەم بۆ ئەوە هەوڵ دەدات بهێڵێت شتەکان خۆیان فۆرمی خۆیان وەربگرن، ئینجا ئەوانە چ شیعر، چ شانۆگەری و چ ڕۆمان بن.(١٨)

ئایا مەرجە لە هەموو شتێک تێبگەین، ئەردەلان گیان؟ ئایا فەلسەفە و سایکۆلۆجیا لەبارەی ئێمەوە نین و لێیان تێناگەین، یان زۆر بە زەحمەت لێیان تێدەگەین؟ ئایا ئەگەر تێگەیشتن چەمکێکی وەستاوە، بۆچی بیرکردنەوە لە مرۆڤ و دیاردەکانی دەوروبەری کۆتایی نایەت؟ بۆچی ئەو هەموو قوتابخانە فیکری و فەلسەفییە جیاوازە هەن و درێژەیان هەیە؟ ئایا وەک (دێریدا) لە زۆربەی بەرهەمە فیکرییەکانیدا پێی لەسەر دادەگرێت چەمکی (تێگەیشتن) لەسەر کۆمەلێک دژایەتیدا نەوەستاوە و قابیلی هەلوەشاندنەوە نییە؟

زمان پڕە لە پرۆبلەماتیک و ئێمبیوگێتی، بۆیە دەشێ وشەیەک لە کۆنتێکستێکدا مانایەکی هەبێت و لە یەکێکی تردا مانایەکی دیکەی جیاواز. ئەگەر بڵێم (کچەکە لە دایکی درێژترە)، تۆ دەزانی ئاخۆ مەبەست لەوەیە، کە (لەگەڵ ئەوەیشدا دایکەکە بالابەرزە، بەلام کچەکەی بالای لە هیی ئەویش بەرزترە)، یاخود مەبەست ئەوەیە، کە (دایکەکە هێندە کورتە، کە کچەکەی لە خۆی درێژترە)؟ ئەگەر تۆ لێم بپرسیت: (سین دەنگوباسی چییە؟) و من ئاوا وەلامت بدەمەوە: (کوڕێکی خۆی کوشت)، ئاخۆ دەزانیت مەبەستم ئەوەیە (سین) کوڕەکەی خۆی کوشتووە، یان کوڕەکە خۆی خۆی کوشتووە؟ بێگومان نازانیت کامیانم مەبەستە. ئەگەر (سین) نامەیەکت بداتێ و پێت بڵێت خۆم کاتم نییە، تۆ بۆم پۆست بکە. تۆیش ئەو کارە دەکەیت و بۆ منی دەگێڕیتەوە. دەڵێیت: (نامەکەم بۆ سین پۆست کرد). ئایا من ناپرسم: نامەکەت بۆ سین نارد؟ پێی گەیشت؟ ئەوسا لە کۆنتێکستێکی دیکەدا بۆم ڕوون دەکەیتەوە و ئەو مانایەم پێ دەڵێیت، کە مەبەستتە.



www.iqra.ahlamontada.com

با نموونەیەکت لە ژیانی خۆم بۆ بهێنمەوە. منداڵ بووم گوێم لە نەنکم بوو لە ژنێکی هاوتەمەنی خۆی پرسی: (ئەرێ نەخۆشیی مێردەکەت چۆنە؟)، ئەو گوتی: (ئۆخەی، نەخۆشییەکەی زۆر باشە). ئینجا من لە نەنکمم پرسی: (نەخۆشی باش بێت خراپە، یان خراپ بێت باشە؟). ئەو گوتی: (وس بە، ئەدەبسز!). دوایی دیار بوو هەر بیری لێ دەکردەوە، چونکە بەردەوام دەیگوت: (نەخۆشی باش بێت خراپە، یان خراپ بێت باشە؟ لەو قسە بێمانایە!). (پۆل دیمان) ئەم پرۆبلەماتیکە لە رووی سیمۆلۆجییەوە راڤە دەکات، واتە پرۆبلەماتیکی نێوان ڕێزمان و ڕەوانبێژی (گرامەر و ڕێتۆریک)، کە ڕێزمان ڕێگامان دەدات پرسیارەکان بخەینە ڕوو، بەڵام ڕەوانبێژی وا دەکات بوونی ئەو پرسیارانە ببێتە کێشە. بەوەدا هەر ڕستەیەک لانی کەم دوو مانای هەیە، مانای لیترال و مانای مێتافۆر، (واتە مانای حەرفی و مانای مەجازی)، ئەوا بونیادی ڕێزمانییانەی تێکست بۆ بونیادی ڕەوانبێژی دەگۆڕێت و ئەوسا دەستنیشانکردنی ئەوەی کام لەو دوو مانایە زاڵە، دەبێتە مەحاڵ.(١٩) بەم شێوەیە (پۆل دیمان) پێی وایە بنەچەی مانای ئەدەبی (بە جەختکردنەوە لە هەموو مانایەک) لە ڕەوانبێژیدایە، نەوەک لە ڕەهەندەکانی دیکەی وەک (فۆرم، ناوەڕۆک، ئاماژە، گرامەر، لۆژیک و شتی دیکە)، بەڵام خوێندنەوەی ڕەوانبێژییانە ناتوانێت دەستەڵاتی ڕاڤەکردن مسۆگەر بکات.(٢٠) دەگەینە ئەوەی بڵێین تێگەیشتنی هەر مانایەک وەک ئەوەی هەیە مەحاڵە، مادام وەک پێشتریش گوترا زمان پڕە لە پرۆبلەماتیک و ئیمبیگویتی، ئەردەڵان گیان. شتەکە بەو ئاسانییە نییە وەک ئەوەی ڕەخنەگری دیمۆتیک دەیهێنێتە بەرچاوی و لانی کەم چل ساڵە بە زمانی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ئەوەی هەر تێکستێکی ئەدەبی، فکری، فەلسەفی و هیی دیکە بە دوای خۆیدا دەیهێنێت، گەڕانە، نەوەک دۆزینەوە، چونکە گەڕان پرۆسێسێکی بەردەوامە، بەڵام دۆزینەوە مانای وەستانە. سرووشتی ئەو تێکستەی دەشخوێنرێتەوە ڕۆڵی لەوەدا هەیە وا لە خوێنەر بکات بگەڕێت و بەردەوام ببێت، یان خێرا ماناکان بدۆزێتەوە و بوەستێت. من هیوا



www.iqra.ahlamontada.com

دەخوازم بەرهەمەکانم لە جۆری یەکەمیان بن، کە ئەوەتا تۆ گەواهییەکی باشت بۆ داوم و زیاتر دڵنیام دەکەیت لەوەی بەرهەمی من سەر لە خوێنەر تێک دەدات. کەواتە، ئەردەڵان گیان، داخم بۆ هەڵمەکێشە، کە (لەزۆر شوێندا کۆمەڵێک چیرۆک تێکەڵ بەیەکتری دەک)ەم، چونکە لەوە ئاسانتر نییە بە شێوەی زنجیرە بیانگێڕمەوە، کە دەزانم هەم زیاتر لێم تێدەگەن، هەم ژمارەی خوێنەرەکانم بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت و هەم قەبارەی بەرهەمەکانم گەورەتر دەبن. من هەوڵێکی زۆر دەدەم ئەو ڕێزبەندییەی تۆ باسی دەکەیت، تێک بشکێنم. ئەمە شتێک نییە بیشارمەوە، بەڵکو لە زۆربەی گفتوگۆکانمدا پێم لە سەر داگرتووە. ئایا دەتوانیت ناوی یەک ڕۆماننووسی داهێنەری دنیام پێ بڵێیت لە (جیمس جۆیس)، (مارسێل پرۆست)، (ولیەم فۆکنەر)، (داڤید هێربێرت لۆرانس) و (ڤێرجینا ولڤ)ـەوە بۆ (ئەندرێ جید)، (گابریال مارکیز)، (کامیلۆ خۆزێ سێلا)، (ساراماگوا)، (پامۆک) و زۆری تر بە شێوازی خۆی وای نەکردبێت؟ نابێت ڕۆماننووسێکی داهێنەر هەبێت و بە شێوەی ڕێزبەندی ڕۆمانی نووسیبێت، تەنانەت (سێرڤانتس) لە سەدەی شانزدەهەم (دۆنکیشۆت)ی وا نەنووسیوە. گێڕانەوە لە ڕۆمانی هونەریدا وەک هی ڕۆمانی تەقلیدی نییە و لە ئاڕاستەیەک زیاتری هەیە. ئەو ئاڕاستانەیش دینامیکین. واتە لە شێوەی بازنەدا دەجووڵێن و شوێنی دیاریکراویان نییە. بە گشتی گێڕانەوە تەنیا ڕووداو لە خۆی ناگرێت، بەڵکو ئەو کۆنتێکستانەیش پیشان دەدات، کە ئەو ڕووداوانەیان لێ پێک هاتووە، وەک دەزانین هەر سەردەمێک خاوەنی کۆنتێکست و ڕووداوی خۆیەتی. هەر سەردەمێک ئەگەر لە چەند ڕوویێکەوە لە سەردەمی پێشووی خۆی بچێت، ئەوا لە زۆر ڕووەوە جیاوازە. ئەو سەردەمەی ڕۆمانی تێدا لە دایک بووە و گەشەی کردووە، لە هەموو سەردەمەکانی پێش خۆی جیاوازە. لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا، کە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمەوە دەست پێ دەکات، دنیا شێوەیەکی دیکە بە خۆیەوە دەگرێت. لە ناوەڕاستی سەدەی



www.iqra.ahlamontada.com

نۆزدەهەمەوە مێژووی مرۆڤایەتی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، کە تێیدا ئابووری گەشە دەکات و پیشەسازی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە دەستێنێت. سەیر نییە ئەگەر دەبینین هەر لەو سەردەمە (داروین) بنەچەی جۆرەکان و (مارکس) کاپیتاڵ دەنووسێت. هەر لەو سەردەمە، بەڵام کەمێک دواتر (نیتشە) و (فرۆید)یش دەردەکەون. بە گشتی فکر لەسەر هەموو ئاستەکاندا گەشە دەکات. هاوکات ڕۆمانی هونەرییش لە دایک دەبێت، بەوەی ڕۆمان بەرهەمی ئەو دنیا نوێیەیە. کاتێ ئەوە لە بەرچاو دەگرین، کە ڕۆمان لەناو چ دنیایەک چاوی هەڵهێناوە و کۆنتێکستی چ دنیایەکی ئاڵۆز دەگوازێتەوە، ناکرێت چاوەڕێ بین بە ئاسانی ماناکانی خۆیمان بخاتە بەردەست. لەو سەردەمەی کۆمەڵێک فەیلەسووف و بیرمەندی ڕەشبینی وەک (نیتشە)، (فرۆید)، (هایدیگەر)، (فۆکۆ)، (هێربێرت مارکیوس)، (کارل پۆپەر) و هیی دیکە دەردەکەون، چۆن ڕۆمان دەتوانێت ئاسان بێت؟ لە ڕۆمانی تەقلیدیدا ڕۆماننووس دەیەوێت وێنەیەکی وای واقیع بە دەستەوە بدات، کە بتوانێت سەرجەم بینینەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵام ڕۆمانی هونەری ئەو وێنەیەی بەرهەمی دەهێنێت، بۆ ئەوەیەتی نەک هەر بینینەکانی پێ پەرت بکات و لە یەکتریان جیا بکاتەوە، بەڵکو مەبەستیەتی لەناو یەک بینینیشدا ئاڕاستەی جیاواز بخولقێنێت، بەوەی هەر یەکێک لە ئێمە کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە، دەبێت کۆمەڵێک گریمان و ئەگەر بۆ ڕووداو و کەسایەتییەکان دابنێت. گێڕانەوەی تەقلیدی، کە پشت بە کرۆنۆلوجیای ڕووداوەکان دەبەستێت، لە توانایدا نییە کات و شوێنی فیزیکی تێک بشکێنێت و بە شێوەی دیکە دروستیان بکاتەوە، تاکو کاریگەریی ئەوانە لەسەر سایکۆلۆجیای کارەکتەرەکاندا پێشان بدات، بەڵکو ئەوە ڕۆمانی هونەرییە ئەو توانایەی هەیە. هەر زوو بۆم دەرکەوت لای ئێمە ئەو تێکستانە کەم دەخوێنرێنەوە، کە لەگەڵ چەمکی کاتدا ڕووبەڕوو دەبنەوە و دەیانەوێت مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ بکەن، جیاواز لەوەی تاکو



www.iqra.ahlamontada.com

ئێستا کەلتووری ئێمە لەگەڵیدا کردووە، بەڵام ئەوە هەرگیز نەیتوانیوە تەفرەم بدات و وام لێ بکات بەو شێوەیە بنووسم، کە دەیانەوێت.
ئەردەڵان گیان، باوەڕ دەکەم ئەوانەی بایەخ بە زمان دەدەن، بزانن من لە هەر ڕستە و پەرەگرافێکدا چەند هەوڵی کورتکردنەوە دەدەم، کە ئەمەیش وا دەکات پەنا بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداو و وەسفی دەرەوەی کارەکتەر نەبەم. زماننناسێکی وەک (فەرهاد شاکەلی) بێ ئەوەی داوام لێ کردبێت بۆم بنوسێت، لە ئیمەیلێک نووسیویەتی: (ڕۆمانەکەتم خوێندەوە و بەڕاستی زۆرم بە دڵ بوو. جاری پێشەکی زۆرم پێ خۆش بوو کە لە ڕووی ڕێنووسەوە پێشکەوتنێکی ئاشکرای پێوە دیارە. وەک تەکنیک و زمان و زۆر لایەنی دیکەی ئێستێتیکی تێکستێکی جوان و بەرز و سەرکەوتووە. یا خوا ماڵی ڕەخنەی کوردی وێران بێت، کە هەمیشە گۆرانی بۆ داهۆڵەکان دەڵێت، بەڵام داهێنەرەکان دادەپلۆسێت و زیندووبەچاڵیان دەکات. لە دڵەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم و دڵنیام لە داهاتوویشدا زۆر بەرهەمی گەورە و جوان و بەرز پێشکەش دەکەیت). لە بەرهەمی مندا زمان لە هەموو شتێ گرنگترە. مەبەستم تەنیا شێوازی دەربڕین، ڕێنووس و خاڵبەندی نییە، بەڵکو مەبەستم ئەو کۆنتێکستانەیشن، کە دەبێت بەو زمانە بیانگەیەنم، بۆیە ئەمەیش وا دەکات خوێنەر بە ئاسانی نەتوانێت مانا شاراوەکان بدۆزێتەوە. من ئەوە بۆ ئەوانە جێ دەهێڵم، کە لە زمان شارەزان. (کەمال چۆمانی)، کە ئێستا لە هیند خەریکی خوێندنە لەبارەی ئەدەب و تیۆری زمانەوە، زیاتر لە جارێک ئەمانەی پێ گوتووم. لە ڕۆمانی نوێدا مەرج نییە خوێنەر بە جارێ لە هەموو تێکستەکە تێبگات، بەڵکو دەشێ لە هەندێک بەشی تێبگات وەک ئەوەی ڕەخنەگرەکان لەبارەی بەرهەمەکانی (جۆیس)ەوە پێی لە سەر دادەگرن. لای (جۆیس) ڕستە لە یەک کاتدا بریتییە لە چەند کایەیەکی جیاواز، کە دەشێ لە هەندێکیان تێبگەیت و لە هەندێکیان تێنەگەیت.
ئەردەڵان گیان، من بەڵێنت پێ دەدەم دواتر بۆ ئەم پەرەگرافەت دەگەڕێمەوە: (نووسەر هەتاوەکو کوشتنی (ئارۆن) زۆر بەباشی دێتە



www.iqra.ahlamontada.com

ژوورەوە، بەڵام لەپاش کوشتنی (ئارۆن)ەوە، دەزۆوی کۆلارەی رۆمانەکەی لەدەستدەردەچێت، بەشێوەیەکی عەجیب چیرۆکەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، زۆرجار نازانیت باس لەکێ دەکات. لەبەشی سێیەمیشدا، سەرەتا بەچیرۆکی (پەریهان) دەستپێدەکات، زۆرباش دێتە ژوورەوە، دوایی چیرۆکەکان درێژدەبنەوە بۆ (پەلکشان و نەخشە شان،،،هتد) کەبەڕاستی نازانیت سەری بابەتەکە لەکوێندەرە.).

هەر چۆنی بێت تۆ وەک گوتم دڵپاکانە ئەمانە دەڵێیت، بەڵام بۆ نموونە نووسەرێک زۆر دیماگۆجییانە گوتوویەتی چیرۆکنووس هەیە رووداوی بێپاساو دەخولقێنێت. من لەو نووسەرە دەپرسم: ئایا هیچ جووڵەیەک هەیە پاساوی نەبێت؟ ئەو مەسەلەیە، واتە پێوەندیی نێوان هۆکار (Cause) و ئەنجام (Effect)، یان رێککەوت (Chance) و زەروورەت (Necessity) لەناو فکردا شوێنێکی گەورەی داگیر کردووە و لەژێر ناوی حەتمییەت (Determinism)دا ناسراوە و چووەتە بواری فەلسەفە لای (ئەرستۆ)، (مارکس)، (هایدیگەر) و (جیل دۆلۆز) بۆ نموونە، ژینگە لای (ئیبن خەلدوون) بۆ نموونە، بایۆلۆجی لای (چارلز داروین) بۆ نموونە، فیزیا لای (نیوتن) بۆ نموونە و زۆری تر، کەچی ئەو نووسەرە دەیەوێت بە زمانی رۆژانە بڕیاری لەسەر بدات و وەک خەسڵەتی نەگەتیف بیخاتە پاڵ چیرۆکنووسێکەوە. بەڵێ، لە (ئەرستۆ)وە بۆ کەلتووری ئیسلامی، ئینجا بۆ فەلسەفەی نوێ هەر یەکەی بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی ئەو پرۆبلەماتیکە بووەتەوە، کە من لێرە بوارم نییە بچمە قووڵاییی ئەو باسەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، لە گوتارێکی سەربەخۆدا بۆی دەگەڕێمەوە. گوتەکەی (دیمۆکریتس)ی فەیلەسووفی یۆنانی زۆر بەناوبانگە، کە دەڵێت: (هەموو شتێک لەم گەردوونە بەرهەمی چانس و نێسەسیتییە).(٢١) کەواتە ڕووداوێک نییە پاساوی نەبێت. (مارکس) ئەمە بە ماتریالیزمی مێژووییەوە دەبەستێتەوە. ئەو کۆمەڵناس و فەیلەسووفە پێی وایە چانس منداڵی نیسسەسیتییە. لە کتێبی (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد) لەسەر زمانی (نازیلە ئینگلیز)دا



www.iqra.ahlamontada.com

ئەوەم گوتووە. بەپێی لێکدانەوەی (مارکس) سەرمایەدار هێزی کار لە کرێکار دەکڕێت. (ئەمە نێسەسیتییە). چەند کرێکار هەڵدەبژێرێت؟ (ئەوەیان چانسە). فرۆشتنی هێزی کاریش لە لایەن کرێکارەکانەوە نێسەستییە و ئەو سەرمایەدارەی پێی دەفرۆشن بۆ ئەوان دەچێتە خانەی چانسەوە. (هایدیگەر) لە سەرەتای کتێبی (پرینسیپی هۆکار)دا، کە ئەو کتێبەی بە تایبەت بۆ ئەو کۆنسێپتە نووسیوە، دەڵێت: (هیچ شتێک بێهۆکار نییە).(٢٢) لە بەشی چوارەمی هەمان کتێبدا دەڵێت: {پرینسیپی هۆکار، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ هەموو شتێک دەست دەدات، نەک هەر بواری پرۆسێسی سرووشتی ( The realm of natural processes) دەگرێتەوە، بەڵکو دەخزێتە ناو ئەو بوارەیشەوە، کە ئەمڕۆ ئێمە ناوی دەنێین مێژوو}.(٢٣) (جیل دۆلۆز) لەم ڕووەوە کتێبێکی گرنگی هەیە و ناوی ناوە (ئیمپیریسیزم و سەبگێکتیڤیتی: گوتارێک لەبارەی هیۆم لەمەڕ سرووشتی مرۆڤەوە). لەو کتێبەدا پێی وایە (هۆکار) تاقە شتێکە دەتوانێت وامان لێ بکات جەخت لە بوون بکەینەوە.(٢٤) (دۆلۆز) بە درێژاییی کتێبەکەی لەوە دەکۆڵێتەوە و بەردەوام بۆچوونەکانی (هیۆم) ڕاڤە دەکات. دەگاتە ئەوەی سێ کێشە بخاتە ڕوو: یەکەم، خەسڵەتەکانی خود چین؟ دووەم، بە چ پرینسیپێک خود ئاوا پێک دێت؟ سێیەم، لەژێر چ کاریگەری و هۆکارێکدا فکر دەگۆڕێت؟(٢٥) من پێم وایە هەر خوێنەرێکی هۆشیار تەنیا چەند لاپەڕەیەک لەو کتێبەی (دۆلۆز) بخوێنێتەوە، خێرا لەوە تێدەگات ڕیزبەندی لە گێڕانەوەدا چ ئایدیایەکی سادە و دەستەپاچەیە. هاوکات دەزانێت ئەو نووسەرەی پێی وایە ڕووداوی پێپاساو هەیە، پشتی بە زمانی ڕۆژانە بەستووە و کەم و زۆر لێی ورد نەبووەتەوە. ئەوەتا (دۆلۆز) دەڵێت: (دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین لە فکردا زنجیرەیەک پێرسێپشن هەن، تەنانەت ئایدیای زەمەن هەمیشە لامان ئامادەیە).(٢٦) وەک پێشتر گوترا لای (هیۆم) چەمکێک هەیە بە ناوی (ئەسۆسەیشنی ئایدیاکان)، واتە چۆن شتێک شتێکی دیکەمان بیر دەخاتەوە و چۆن لە ئایدیایەکەوە دەگەینە



www.iqra.ahlamontada.com

ئایدیایەکی دیکەوە. چۆن بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین زنجیرەیەک ئایدیای جیاواز و لەیەکچوو لە خەیاڵماندا دروست دەبن. (دۆلۆز) دەڵێت: {ئەسۆسەیشن لە هەرسێ پرینسیپەکەی (پێوەستبوون)، (لەیەکچوون) و (هۆکار)دا خەیاڵ تێدەپەڕێنێت و لێی جیاوازە. کاری لێ دەکات. لە خەیاڵدا سنوور و تیمەی خۆی دەدۆزێتەوە، نەوەک ڕەچەڵەکی. ئەسۆسەیشن خەسڵەتێکە ئایدیاکان یەک دەخات، نەوەک خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی ئایدیاکان بێت}.(٢٧) ئەم سێ پرینسیپە بەردەوام بزوێنەری گێڕانەوەن لای من، کە وەک (دۆلۆز) پێی لە سەر دادەگرێت ئەسۆسەیشن ئایدیاکان یەک دەخات، بۆیە خەیاڵ ڕیتمی ئاڵۆزی هەیە و بە چەند ئاڕاستەیەکی جیاوازیشدا دەجووڵێت. ئەگەر پێویستی کرد، بۆی دەگەڕێمەوە و بە نموونە پیشانی دەدەم.

کەواتە هەر دیاردەیەک هۆکارێکی هەیە بۆ دەرکەوتنی و هیچ دیاردەیەکیش نییە بۆ سەرچاوەی پێشووی خۆی نەگەڕێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لە کوردستان سواری فڕۆکە ببێت، بۆ نموونە دەگاتە سوێد. کەواتە (فڕۆکە) هۆکارە و (گەیشتن) ئەنجامە، کە بە هۆی کاریگەریی فڕۆکەوە هاتووەتە کایەوە. ئەو مرۆڤە دەچێت لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی سوێد خەریکی خوێندنەوە دەبێت و کۆمەڵێک زانیاریی گرنگ بە دەست دەهێنێت. کەواتە گەیشتن لە ئەنجامەوە بۆ هۆکار گۆڕا و ئێستا فێربوون ئەنجامە. فێربوونیش وای لێ دەکات بە وردی تێکست بخوێنێتەوە و بە چاکی بۆچوونی دەرببڕێت..... هتد. بەڵێ، هەرچی لەم گەردوونە ڕوو دەدات هۆکاری هەیە و هەر ئەوانەیش هۆکاری ڕووداوەکانی ترن، کە تێکڕایان بەپێی یاساکانی گەردوون بە ڕێوە دەچن. زنجیرەیەکی بەردەوامە و هەموو ڕووداوەکان پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە. ئەو نووسەرە تۆمەت دەداتە پاڵ چیرۆکنووسێکەوە و دەڵێت کاتێ ئەوەی نییە لەوە زیاتر بڵێت، لە کاتێکدا چ (هایدیگەر) و چ (دۆلۆز) کتێبی گەورەی لەبارەیەوە دەنووسن. من داوا لەو نووسەرە دەکەم یەک نموونە بە ئارەزووی خۆی چ لە دنیای فاکچوەڵ و چ لە دنیای خەیاڵدا بهێنێتەوە، کە



www.iqra.ahlamontada.com

ڕووداو پاساوی نەبێت. من سەرجەم بەرهەمەکانی خۆمی دەخەمە بەردەست، بۆ ئەوەی یەک ڕووداوی بێهۆکاریان تێدا بدۆزێتەوە. بە ڕاستی زمانی ڕۆژانە لە نووسینی ڕەخنەدا وێرانەیە! ئەگەر لە بەرهەمی مندا ڕیزبەندی نییە، ئەوا پێوەندیی بەو (هۆکار) و (کاریگەری)یەوە هەیە، کە لای ئەو دوو فەیلەسووفەدا دەبینرێت. من یەکێک نیم لەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن لە (هایدیگەر) و فەیلەسووفانی تر تێگەیشتوون، بەڵام بەردەوام گوتوومە من وەک نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە هەموو بوارەکانی وەک فەلسەفە، سۆسیۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا، زمانناسی و هیی دیکە دەخوێنمەوە، بگرە ئەوە ئەدەبی گێڕانەوەیە بە سەرمدا دەسەپێنێت بیانخوێنمەوە. تێگەیشتنی (د. محەمەد کەمال) و هیی من بۆ فەلسەفە جیاوازن، کە ئەو هەموو کاتی خۆیی بۆ تەرخان کردووە، لە ساتێکدا من لە ڕێی ئەدەبەوە کۆنتاکتی لەگەڵ دەکەم. من ئەگەر زۆر ناچار نەبم گوتاری لەم شێوەیە نانووسم، چونکە ئەدەبی گێڕانەوە بۆ من شوێنی هەموو شتێکی تێدا دەبێتەوە، کە ئەمەیش یەکێکە لەو هۆکارانەی وا لە خوێنەری ئاسایی دەکات بە ئاسانی لێیان تێنەگات. کاتێکیش بینووسم، زۆر بەرپرسیارانە بۆچوونەکانم دەردەبڕم.

مەرج نییە پاساو ڕوون بێت. پاساوەکانی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی چین؟ پاساوی یازدەی سێپتێمبەر چییە؟ با من نموونەیەک لە ژیانی خۆم بهێنمەوە، کە هەمیشە ڕووداوەکانی ژیانم لە کاتی نووسیندا کۆمەکیان کردووم. تەمەنم دوانزدە ساڵە و شێتی مەلەم، بەڵام باوکم وەک زۆر شتی دیکە مەلەیشی لێ قەدەغە کردووم. ڕۆژێکیان دەچمە ناو حەوزێک و هەر بە جلەوە مەلە دەکەم. دواییش بۆ ئەوەی زوو جلەکانم وشک ببنەوە، چمکیان دەگرم و بایان دەدەم. هەر دەڵێی سەرچۆپیم گرتووە و بە تەنیا هەڵدەپەڕم. خەیاڵێکی کۆمیدیم بۆ دێت: یەکێ دەمبینێت و دێت دەستم دەگرێت، تاکو وەک من هەڵبپەڕێت. دووان و سێیان و دەی دیکەیش دێن، بەڵام من دەبێت بڕۆم، چونکە جلەکانم وشک بوونەتەوە. هەتا دێت



www.iqra.ahlamontada.com

هەڵپەڕکێ گەرمتر دەبێت، بەڵام کەسیان نازانن بۆچی هەڵدەپەڕن. ئایا مانای وایە ئەو هەڵپەڕکێیە هۆکار و پاساوی نییە. ئەوان وا دەزانن هۆکارەکەی خۆشییە، بەڵام نازانن بە پێچەوانەوەیە. لە کەلتوورێکی ئۆراڵیی وەک کەلتووری کوردیدا، مرۆڤ لە هۆکاری زۆر شت بێئاگایە. بۆ نموونە دەگوترێت: (نازانم فلان چۆن مرد! خۆ شەو پێش ئەوەی بخەوێت یەک لەگەن ساوەری چەوری خوارد!). بە چێشتی چەور مردووە، کەچی وا دەزانرێت خواردنی چێشتی چەور نیشانەی بەهێزی و تەندروستییە. دەگوترێت: (کابرا لەرزی لێ هات و بە گەرمترین نوێن دامانپۆشی، کەچی هەر مرد). لەرز ئەنجامی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایە، کەچی ئەوان وا دەزانن سەرمایەتی. دەکرێت دەیان نموونە لەم بارەیەوە بهێنینەوە. ئێمەی نووسەرانی ئەدەبی گێڕانەوە مادام لەناو ئەو کەلتوورە چاومان هەڵهێناوە و گەورە بووین، دەبێت بزانین کارەکتەرەکانمان لەناو چ کۆنتێکستێکی فکری و سایکۆلۆجیدا بیر دەکەنەوە. ئەو خوێنەرەی کاتێ تێکستی ئەدەبی دەخوێنێتەوە و بە دوای پاساوی ڕووداودا دەگەڕێت، خوێنەرێکی زۆر سەرەتاییە و توانای وردبوونەوەی نییە. جوانیی ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی گێڕانەوە بە تایبەتی لەوەدایە ڕێ بە خوێنەر نادات پاساو بۆ ڕووداوەکان بدۆزێتەوە، مادام ئەرکی زۆر لەوە گرنگتری پێ دەسپێرێت.
ئەردەڵان گیان، تۆ دەڵێیت: (خاڵێکی تر کە جێگەی سەرنجمبوو، بەکارهێنانی کۆمەڵێک ناوی سەیرو سەمەرە، کە دوورن لەناوی کوردییەوە، بۆ نموونە (پەلکشان، بەهاران هامان داخانی، مەردان خودادا، ئەلیاس داخانی، نەهران بایەدۆستی، نەخشەشان، تیشکەشان، شادیناز.. هتد). بەداخەوە بەختیار عەلیی نووسەر، بەداهێنەری بەکارهێنانی ئەم جۆرە ناوە نامۆیانەیە لەناو ڕۆمانی کوردی دادەنرێت.)
ڕێی منیش بدە بڵێم بەشی زۆری ئەو ناوانە کوردین، بەڵام دەگمەنن و منیش لە یەکەم چیرۆکمەوە هەوڵم داوە ناوی دەگمەن هەڵبژێرم.



www.iqra.ahlamontada.com

بۆ نموونە (پەلکشان، بەهاران، نەخشان، تیشکەشان، مەردان و خوداداد) کوردین و لە واقیعدا هەن. باوکم کوتاڵفرۆش بوو و کوتاڵی بە قەرز دەدا. دەفتەرێکی هەبوو ناوی قەرزارەکانی تێدا دەنووسی. من خۆیشم بە منداڵی یارمەتیم دەدا، چونکە هەموو جارێ دە فلسی دەدامێ. ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام ناوە سەیرەکان بوون. (پەلکشان) و (مانگشان) دوو خوشک بوون و ناویان لەو دەفتەرەدا هەبوو. لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا گوتراوە: {ناوی ڕاستەقینەی پاکشانە، واتە هەم خاوێن و هەم جوان، بەڵام کاتێ دەگاتە ئێرە، کەمێک دەستکاریی دەکات و بۆ (پەلکشان)ی دەگۆڕێت}. دواییش دەیکاتە (پەلکۆ)، کە مەبەستی خۆی هەیە و دەکرێت بۆی بگەڕێیتەوە، ئەردەڵان گیان. (بەهاران و نەورۆزان) دوو کچی گەڕەکمان بوون. (بەهاران) ئاماژەیە بۆ وەرزی بەهاران. سلێمانی لە کۆنەوە بەو جۆرە ناوانە ناسراوە. (مەردان) و (خوداداد) نێوی دوو گۆرانیبێژی گەرمیانن. (شادیناز) ناوێکە، جووی هەولێر لە کچی خۆیان ناوە. لە بیرت نەچێت (تیشکەشان) جووە، بەلام لە ڕێی ئاماژەوە گوتراوە، نەوەک بە شێوەی ڕاستەوخۆ. دایکی ناوی (ئەنتوانێت)ە و باوکی ڕقی لە کشتوکاڵە. بۆ زانینت جووەکان دوژمنی کشتوکاڵن و لە ڕۆمانی (مامزێر)یشدا ئەوەم باس کردووە. (مامزێر) نەک هەر ناونیشانەکەی، بەڵکو ناوی کارەکتەرەکانیشی دەگمەنن، بەوەی پێوەندییان بە کەلتووری جوو و مێژووەوە هەیە. هیچ کەسێک لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) ناوی (نەخشەشان) نییە، بەڵکو ژنێک هەیە ناوی (نەخشان)ە و بە (نەخشە) بانگ دەکرێت. (نەخشە)م پێشتریش ساڵی (١٩٩٧) لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!)دا بە کار هێناوە. ناوی پووری خۆمە، کە لە ماڵەوە بە (نەختێ) ناسراوە. ناوی دیکە هەن هەر لە خانەوادەی خۆمانم وەرگرتوون وەک (هەرناز)، کە پووری باوکمە. نەنکیشی ناوی (دورناز)ە، کە ئەو ناوەیشم لەم ڕۆمانەدا بە کار هێناوە. تا ئەمڕۆیش نفووسی نەنکم لای (گوڵیزار)ی ئامۆژنم ماوە. دایکی باوکم لە بنەڕەتدا کەرکووکییە و ڕیشەی ئەو



www.iqra.ahlamontada.com

ناوانه بۆ ئەوێ دەگەڕێنەوە. (داخانی) ناوی خانەوادەیەکی گەڕەکی خۆمان بوو، کە ڕاستییەکەیشی وشەیەکی عیبرییە. (نەهران) کوڕێکی خانەقینی بوو لە زانکۆی موسڵ. (بایەدۆستی) ناوی خانەوادەیەکی جووی هەولێرە، لە بازاڕ شەکریان فرۆشتووە. (هامان) ناوێکی مێژووییە. لە (سیفری ئەستێر) لە تەوراتدا باسی کراوە. وەزیرێکی نادادپەروەر دەبێت و پلانی لەناوبردنی جووەکان دادەڕێژێت، بەڵام (ئەستێر)، ئەو کچە زیرەکەیە، دەتوانێت لە چواردەی ئادار پلانەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و جووەکان ڕزگار بکات. ئەم ناوە لە ڕۆمانی (مامزێر)، ڕومانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) و چیروکی (ماڵی نانی)یشدا بە کار هاتووە. پێویستە خوێنەری هۆشیار بزانێت بۆچی لە ڕۆمانێکدا باسی جوو دەکرێت، ناوی (هامان) هەیە، لە کاتێکدا ئەو (هامان)ـە هیچ خەسڵەتێکی ئەو (هامان)ـە مێژووییەی هەڵنەگرتووە، بەڵکو ناوەکەی ئیندیکەیشنێکی زمانەوانیی هەیە و یادەوەریی خوێنەری زیرەک دەورووژێنێت. کاری ڕۆماننووس ئەوە نییە ڕوونکردنەوە بدات، بەڵکو لەسەر خوێنەر پێویستە بەدواداچوون بۆ دراوەکان بکات. (ئەوەی من ئێستا دەیکەم، وەک گوتم ناچارییە و تەحەدایە). کەواتە هەندێک لە ناوەکان ڕاستە دەگمەنن، بەڵام کوردین. هەندێکیان هیی جووەکانن و هەندێکیان پێوەندییان بە مێژووەوە هەیە. لە پشت هەموویانەوە چەند مەبەستێک خۆیان حەشار داوە و بە ئاگاییەوە هەڵبژێردراون، یان دروست کراون. ناوی (سوهاد)یش وەک (وریا) دەڵێت باوکی لە شیعری (ئەبو عەلاء ئەلمەعەری)ی وەرگرتووە، واتە کەسێک خەوی بزڕێت، یان خەوی کەم بێت، کە ئەو خەسڵەتە کەم و زۆر لەو دوور نەبووە. ئەو ناوە لە کتێبی منداڵییشمدا هەیە. زۆر ئاساییە ئەگەر کوردییش نەبن، چونکە ئەوە کۆنتێکستی گێڕانەوەیە ئەوە دەسەپێنێت چ جۆرە ناوێک لە کارەکتەر بنێیت. بۆ نموونە نەدەکرا (موفید) ناوی (ئارۆن) و (نەخشە) ناوی (مارینا) بێت. ناکرێت ئەمنێکی عەرەب ناوی (دلۆڤان) بێت. من تەنانەت لە ناونانی کارەکتەرە لاوەکییەکانیشمدا هەوڵ دەدەم ئیندیکەیشنی



www.iqra.ahlamontada.com

زمان، میژوو، سایکۆلۆجیا، کات و شوێن له‌ به‌رچاو بگرم. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بایه‌خ به‌ ده‌نگی ناوه‌وه‌ی وشه‌ ده‌ده‌م، ئه‌وا مه‌به‌ستمه‌ نێوی کاره‌کته‌ره‌کانم به‌ر له‌ هه‌ر چی ڕیتمی خێرایان هه‌بێت. به‌ کورتی پرۆسێسی ناونان هه‌میشه‌ لای من بایه‌خی گه‌وره‌ی هه‌بووه‌ و له‌ گفتوگۆیشدا له‌و باره‌یه‌وه‌ لێیان پرسیوم، که‌ ده‌کرێت پوخته‌یه‌ک له‌ وه‌لامه‌که‌م بۆ ئێره‌ بگوێزمه‌وه‌:

{هه‌تا چه‌ند ساڵێک له‌مه‌وبه‌ر ده‌بووایه‌ ناوی پاڵه‌وان و ماناکه‌ی پێوه‌ندییه‌کی دۆستانه‌یان هه‌بێت. بۆ نموونه‌ (شۆڕش) ده‌بووایه‌ شۆڕشگێڕ بێت. (نه‌به‌ز) خۆڕاگر بێت. (به‌ختیار) به‌خته‌وه‌ر بێت. له‌ لایه‌کی دیکه‌ ئه‌و کاره‌کته‌ره‌ی ڕۆڵی خراپی پێ ده‌درا، هاوکات ناوێکی ناخۆش و ڕه‌زاگرانیشی لێ ده‌نرا. ده‌توانم بڵێم ئه‌و تێگه‌یشتنه‌ ئه‌گه‌ر ئێستا به‌ ته‌واوییش کۆتایی پێ نه‌هاتبێت، ئه‌وا زۆر که‌م بووه‌ته‌وه‌. ساڵی ١٩٩٢ له‌ که‌مپ منداڵێکی کوردم بینی ناوی (ئه‌نفال) بوو. هه‌ر ڕێک له‌ سه‌رده‌می ئه‌نفاله‌کانیش له‌ دایک بووبوو. کچی یه‌کێک له‌و خێزانه‌ کوردانه‌ بوو، که‌ ڕژێمه‌که‌ی (سه‌دام حسێن) له‌ سه‌ره‌تای شه‌ڕی قادسیه‌ له‌ به‌غدا ده‌ریکردن و له‌ودیوی سنووری فڕێ دان. نه‌ده‌کرا نه‌پرسم بۆچی دایکوباوکێکی کورد ناو له‌ کچه‌که‌ی خۆیان ده‌نێن (ئه‌نفال). باوکه‌که‌ زۆر به‌ شانازییه‌وه‌ گوتی ناوی سووره‌تێکی قورئانی پیرۆزه‌ و له‌گه‌ڵ (ئه‌نعام)ی خوشکی ڕێکی خستووه‌، که‌ ئه‌ویش هه‌ر ناوی سووره‌تێکی دیکه‌ی قورئانه‌. هه‌ندێک له‌ کورده‌کان به‌ چاوی ڕقه‌وه‌ له‌و منداڵه‌یان ده‌ڕوانی. من له‌و کاته‌وه‌ زیاتر له‌ جارێک ناوم له‌ کاره‌کته‌ره‌کانم ناوه‌ (ئه‌نفال)، به‌لام نه‌ک به‌و مه‌به‌سته‌ی مادام که‌سه‌که‌ هه‌ڵگری ئه‌و ناوه‌یه‌، ده‌بێت خراپ بێت، نه‌خێر ته‌نها وه‌کو پیشاندانی جۆرێک له‌ پارادۆکس. هه‌ر خوێنه‌رێک ئه‌و ناوه‌ی بکه‌وێته‌ به‌رچاو، خێرا کۆمه‌ڵێک شت به‌ خه‌یاڵیدا دێت، له‌ کاتێکدا تۆ هیچ یه‌کێک له‌و شتانه‌ت مه‌به‌ست نییه‌. ئه‌مه‌ش گه‌مه‌یه‌که‌، که‌ هه‌موو نووسه‌رێکی هۆشیار ده‌یه‌وێت له‌گه‌ڵ خوێنه‌ری بکات. له‌ دواناوه‌ندیی ڕزگاری کوڕێکمان له‌گه‌ڵ بوو ناوی (سه‌دام حسێن



www.iqra.ahlamontada.com

مەجید) بوو. لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکان گیرا، چونکە دوژمنی ڕژێمەکەی (سەدام حسێن) بوو. شاعیری فرەنسی (بەرنار نوێل) لە شیعرێکیدا دەڵێت: (ئەگەر لە ناوی خۆمدا بوونم هەبووایە، ناوم مانای نەدەبەخشی). بە هەرحاڵ من پێم وایە دەبێت ناویش وەکو زۆر ڕەگەزی دیکەی چیرۆک و ڕۆمان، هەندێک پرسیار بورووژێنێت، نەک بەشداریی لە ئاسانکردنەوە و ڕوونکردنەوەی تێکستەکەدا بکات. زیاترین وشە، کە لە هەر چیرۆکێکدا بە کار بێت، ناوی کارەکتەرە، بۆیە ئەگەر وەکو قەوارەیش لێی بڕوانین، ئەوە دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە ئەو وشانە، ئەگەر ئەرکیان نەبێت، وەکو بۆشاییەکی پاسیڤ لەناو تێکستەکە دەردەکەون. هەندێکجار نووسەر بە مەبەستی دەمامک ناو هەڵدەبژێریت، بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو ناوەوە ئازادییەکی زیاتر بە دەست بهێنێت و کۆنترۆڵەکان لەسەر خۆی لا ببات، بەو مەبەستەی ئارەزووە نارسیسییەکانی تێر بکات. ڕێک وەکو هونەری نواندن. (هێنری فۆندا)ی ئەکتەری جیهانی گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە. ئەو دەڵێ: (منێکی لاو کاتێ بوومە ئەکتەر، هەستم کرد دەتوانم خۆم لەو شەرمە دەرباز بکەم و وا بزانم کەسێکی دیکەم)}.(٢٨)

تۆ دەڵێیت ئەو نەریتە (بەختیار عەلی) دایهێناوە. سەرەتا ئەوە نەریت نییە، بەڵکو پرۆسێسە، کە دواتر بۆی دەگەڕێمەوە. ئینجا من لە چیرۆکەکانی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ)ەوە، کە لە ناوەڕاستی هەشتاکان نووسراون، بەردەوام بایەخم بە ناو داوە. بۆ نموونە چیرۆکی (خولەکانی فێرکردن)م لە پۆلی شەشەمی ناوەندی نووسیوە و کارەکتەرەکەی ناوی (ویسام حیسام)ە. لە چیرۆکی (ژنە ناسکەکەی سەربەست فەریادی)دا شاعیرێک هەیە نێوی (سەربەست فەریادی)یە و هاوسەرەکەی ناوی (بەهرە)یە. ئینجا چونکە شیعرێکی نووسیوە و نێوی ناوە (ژنە ناسکەکە)، ئەوا ڕەخنەگرەکان بە هەڵی دەزانن و لە شێوەی مێتافۆر جوێن بە هاوسەری دەدەن. بۆ نموونە یەکێکیان دەنووسێت: (سەربەست فەریادی بە بەهرە پشتی قایمە و



www.iqra.ahlamontada.com

بەهرەیش ناتوانێت کەسێک بکات بە شاعیر، کە هیچی تیا بەستە نییە.. بەڵێ، ژنە ناسکەکەی ناتوانێت ئاییندەیەکی ڕۆشەنی بۆ مسۆگەر بکات). لە چیرۆکی (شیری مادەس)دا دیسان کێشەی ناو دێتە کایەوە. ناوی (عوریڤە)م ساڵی ١٩٨٦ لە چیرۆکی (هونەری چێشتلێنان)دا بە کار هێناوە، کە دایکی (خەلیل عەببوود)ە. چ لە چیرۆکی (لاکێ)، کە ناوی کەڵەشێرێکە و چ لە (مردن لەسەر شێوازی شیعر)یشدا بە هەمان شێوە ناو بایەخی پێ دراوە، کە هەموویان لە هەشتاکان نووسراون. ناوی وەک (کەمال هەڵڕووشاوی چیرۆکنووس)، (جەلال هەڵپرووکاوی شاعیر)، (کەرخی کوورەچی) و زۆری دیکە لەو چیرۆکەی دواییاندا هەن. لە کۆمەڵەچیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)دا، کە لەنێوان ١٩٩٢ و ١٩٩٧ نووسراون، هەمان شتم کردووە. ناوی (هیڤان)، (حەمەعەلی شاسواری) و هیی دیکە لە چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)، (جیهانگیری جەبار نانەوا) و (سۆزرەت) لە چیرۆکی (جیهان لە فنجانی قاوەدا) دوو نموونەی دیکەن. هەروەها لە چیرۆکی (ئەستێرە)دا، کە لە ١٩٩٣ نووسراوە کوڕێکی شەرمن شێتی کچێکە و ئەو کچە ناوی (تارا)یە. ناوەکەی لە هەر شتێکی دیکە زیاتر دەیترسێنێت و ناهێڵێت لیی نزیک ببێتەوە. خۆزگە گوێ لەم مەنەلۆجەی دەگریت: {هەندێجار چوار پیتی ناوەکەت لەسەر دەفتەر و کتێبەکانم دەنووسم و لێیان ورد دەبمەوە... هێندە لێیان ورد دەبمەوە، تا بەرچاوم تەواو لێڵ دەبێت... تەمێکی مەیلەوسپی دەکەوێتە سەر گلێنەی چاوم... پیتەکان لە بەرچاومدا گەورە دەبن... زۆر زۆر گەورە دەبن... دەکشێن... بە هەموو لایەکدا دەکشێن، تا دەبن بە گۆڕ... ڕەنگە باوەڕ نەکەیت پیت ببێت بە گۆڕ... با من پێت بڵێم چۆن... لە پێشدا پیتی (ت) دەکشێت... دەکشێت و ناوەڕاستەکەی چاڵ دەبێت... دەبێت بە گۆڕ و لەناویدا ڕادەکشێم... دوو خاڵەکەی سەریشی دەبن بە دوو بەردی گەورە... گەورەتر دەبن و بەرز دەبنەوە... لەپڕ دەیدەن بە یەکدا... دەبن بە ملیۆنەها پارچەی بچووک و جەستەم دادەپۆشن... دوو ئەلفەکەیش دەبن بە دوو کێلی سپی سپی... یەکێکیان لە لای



www.iqra.ahlamontada.com

سەرم دەچەقێت و ئەوەی تریان لە لای قاچم... پیتی (ر) پشتە کۆمەکەی ڕاست دەکاتەوە... بە دیار سەرمەوە دەبێت بە درەختێکی گەلاسەوز}. هەروەها لە چیرۆکی (خێو)دا، کە لە ١٩٨٥ نووسراوە و لە ١٩٩٥ پێیدا چووومەتەوە، کۆمەڵێک نێوی سەیرم بە کار هێناوە. ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!!)، کە لە ١٩٩٧ و ١٩٩٨ نووسراوە، هەر لە ناونیشانەکەیەوە تاکو ناوی کارەکتەرەکان لەم شێوەیەن، بۆ نموونە (شازەمان)، کە لە هەزارویەک شەوم وەرگرتووە. ڕاستییەکەیشی ناوێکی پیاوانەیە، بەڵام من بە مەبەست بۆ ژنێکی ناسکم هەڵبژاردووە، کە ئەو جێگۆڕکێیە بەردەوام لە بەرهەمی مندا بەرچاو دەکەوێت. ناوێکی وەک (ویسامی سامی سەماوی) هەر لەو ڕۆمانەدا دەبینرێت. لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا فەرهەنگێکم بۆ لێکدانەوەی ناوەکان کردووە، کە ئەمە تەنیا مانای وایە هەر لە سەرەتاوە ناو لای من کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی هەبووە. کتێبی منداڵیم پڕە لە نێوی وەک (نازیلە ئینگلیز)، (بەگیسی ئیدریتە)، (ئەستیلە مەستەڕە)، (عارەب یابە کوردستانی)، (عیززەدین لووراندی) و دەیان، بگرە سەدانی دیکەی دەگمەن. ناو هەیە ڕستەیەکە وەک (جەمیل مەعاشەکەم بەشم ناکات). لەو کتێبەدا باسی ماڵێکی ئەمنی عەرەب دەکرێت، کە لەبەر ئەوەی کوڕەکەیان نێوی (مەیموون)ە و منداڵ بەردەوام بە (مەیموون، مەیموون) دوای دەکەون، ناچار دەبن شارەکە جێ بهێڵن. دەتوانم بڵێم بە دەگمەن چیرۆک و ڕۆمانم هەن تییاندا ناو کێشەیەک نەبێت. هێشتا نە (بەختیار عەلی)م دەناسی و نە ناویم بیستبوو، کە بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمانەمم نووسیبوون. لە هەردوو کۆمەڵەچیرۆکی (خەوننامەی دادە سوزی) و (منارەی ئاوەدانی)یشدا دیسان پرۆسێسی ناونان هەیە. چیرۆکی (منارەی ئاوەدانی) پڕە لە گەمەی ناو. بۆ نموونە (زێریڤان)، کە یاریکەری فوتبۆڵە، هەر بە (ڕیزیرڤ) بانگ دەکرێت، کە مانای (احتیاط)ە. بڕوانە ئەم پەرەگرافە: {سەرەتا وات دەزانی لەبەر ئەوەیە، کە وشەکە هەندێک لە ناوی خۆتەوە نزیکە، یان با بڵێین لەنێوان (ڕیزیرڤ) و (زێریڤان)دا زۆربەی پیتەکان



www.iqra.ahlamontada.com

هاوبەشن، بەڵام دواتر بۆت دەرکەوت مەسەلەکە شتێکی تەواو جیاوازە... ڕەنگە هەندێک وا بزانن وشەی (زێریڤان) لە (زێڕ)ەوە هاتووە بە تایبەتی باوکت بازرگانی زێڕ و ئەڵماس بووە، بەڵام ئەو ناوە دوور و نزیک پێوەندیی بە زێڕەوە نییە، بەڵکو مانای کەسێکی چالاک دەگەیەنێت، کە بە داخەوە تەواو پێچەوانەی وشەی (ڕیزێرڤ)ە}. بە کورتی پرۆسێسی ناونان لە یەکەم چیرۆکمەوە دەست پێ دەکات و تاکو ئەمڕۆ درێژەی هەیە. پرۆسێسێکی تایبەتە و لە هیی یەک نووسەری دیکەی ئەم دنیایە ناچێت، بۆیە زۆر بە ئاسانی تۆمەتی لاساییکردنەوەم لە سەر لا دەچێت، ئەگەر نەڵێم هەر پێمەوە نالکێت. ڕاستییەکەیشی هەموو هاوڕێیانی منداڵیم دەزانن چ لە قوتابخانە و چ لە گەڕەک بەوە ناسرا بووم، کە نێوی سەیروسەمەرەم لە خەلک دەنا. لە قۆناغی ناوەندی ئەو ناوانەم لە شیعری گاڵتەجارییشدا بە کار دەهێنا. لە منداڵی ناوم لە (دۆکتۆر شوان سلێمان یابە)ی هاوڕێم نابوو (شوان عارەب). لە ناوەندی ناوم لە (دڵشاد کەمال)ی هاوڕێم نابوو (دڵشاد چاوفریز)، چونکو چاوەکانی وەک چیمەنی باخی گڵکەند سەوز بوون، کە ڕۆژانە لەوێ کۆ دەبووینەوە، گوایە کۆشش دەکەین، بەڵام کتێبەکانمان فڕێ دەدان و کاتمان بە نوکتە و گفتوگۆ بە سەر دەبرد. دواتر لە چیرۆکی (ڕۆژژمێری چاڵدێران)دا کردمە (کرمانجی چاوچیمەن). لە زانکۆ ناوم لە هاوڕێیەکی ئازیزی عەرەبم نابوو (پلاتیرۆ). ناوی ئەو کەرەیە شاعیری داهێنەری ئیسپانی (خوان ڕامۆن خیمینیز) لە (پلاتیرۆ و من)دا بە شێوازی فانتاسی باسی دەکات و لەو ڕێگایەوە وێنەی فرەڕەهەندی گوندەکەی دەکێشێت. ئەو هاوڕێ ئەدەبدۆستەم دەیگوت: (هەمیشە لە بیرت بێت من کەرم، بەڵام کەرێکی کەرانەم). منیش پێیم دەگوت: (کەواتە تۆ پلاتیرۆیت). لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی (جمع تكسير)مان خوێند، کە چۆن ناوی هەندێک وشە لە ئەنجامی گۆڕینیان لە تاکەوە بۆ کۆ، پیتەکانیان بە شێوەی جیاواز دەستکاریی دەکرێن، جیاواز لە وشەی ئاسایی، وەک (قلم: أقلام. كرسي: كراسي. دفتر:



www.iqra.ahlamontada.com

دفاتر). خشتەیەک هەبوو زیاتر لە پەنجا ناوی تێدا بوو، کە دەبووایە لە بەریان بکەین و بۆ مامۆستایان بڵێینەوە. ئەوسا ئەتمۆسفێری فیلمی میسری بەسەر گەڕەکی ئێمەدا زاڵ بوو، بۆیە منیش زۆر ئاسایی گوتم: (ملهی: ملاهي). مامۆستا بە دار تێمکەوت، کە ئەو ڕووداوە لە قوتابخانە دەنگی دایەوە. ئیتر لەمەوە ناوی هەموو شتێکم لەسەر شێوازی (جمع تكسير) دەگۆڕی و لە ماڵەوە لێدانی چاکم دەخوارد. من هەر لە منداڵییەوە ناوی خەڵکم لێ گۆڕاوە و بە شێوەی دیکە گوتوومن، کە لە زانکۆ زۆر جار کێشەی بۆ دروست دەکردم، بە تایبەتی لەگەڵ کچان. لەم ڕۆمانەیشدا (وریا) زوو زوو ناوی (مارینا) و (مالینا)ی لێ تێکەڵ دەبێت، کە یەکەمیان ئەو ژنەیە لە منداڵییەوە بە خێوی کردووە و دووەمیان هاوسەرە ئەڵمانییەکەیەتی. من ئێستایش لە ناوهێنانی نووسەراندا گرفتم هەیە. بۆ نموونە ناوی (ئیتالۆ کالڤینۆ) دەکەمە (ئیتاڵیانۆ کالڤینۆ)، (ڕۆلان بارت) دەکەمە (ڕۆلان پارت). نێوی فەیلەسووف و نووسەری دیکەم بە هەڵە نووسیوە و دوایی هەستم پێ کردوون. لە ڕۆمانی جیهانیدا، بە تایبەتی لە شێوازی شەپۆلی هۆشدا، بە مەبەست ناوی شتەکان بە هەڵە دەنووسرێن، بەڵام زمانی ئێمە تاکو ئەمڕۆیش توانای ئەمە و زۆری دیکەی نییە، کە بێتواناییەکە بۆ خودی زمانی کوردی ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بە ئاڕاستەی جیاواز نەجووڵێنراوە و خاوەنی گراماتیکێکی ستاندارد نییە. ئەمە باسێکی سەربەخۆیە. بێگومان هەر نووسەرێ بە هۆشیارییەوە ئەدەبی گێڕانەوەی نووسیبێت، هەستی بە کێشەی نێو کردووە و هەوڵی داوە بە شێوازی خۆی ڕووبەڕووی ببێتەوە. (بەختیار عەلی) لای من داهێنەرێکی گەورەیە و بەردەوام گوتوومە، کە ئەو لە سەرەتای ڕاپەڕین لەپاڵ یەک دوو نووسەری دیکەدا شێوازی بیرکردنەوەی نەوەیەکی گۆڕی، بەڵام من هەرگیز نەمویستووە وەک ئەو بنووسم. دەتوانم بڵێم لاسایی یەک نووسەری دنیام نەکردووەتەوە. ڕێی هەر خوێنەرێک دەدەم، ڕستەیەک، یان پەرەگرافێک، یاخود بیرۆکەی نووسەرێکی تر لە بەرهەمەکانمدا



www.iqra.ahlamontada.com

بدۆزێتەوە. سەرسامبوون بە داهێنەران شتێکە و لاساییکردنەوەیان شتێکی دیکەیە. من تەنیا ژیانی خۆم دەنووسمەوە، کە ئەمەیش وا دەکات چیرۆک و ڕۆمانەکانم لە هیی نووسەرانی دیکە نەچن، مادام سەرتاپێی ژیانم بەرهەمی ئەو سەرنجانەن، کە بەردەوام لە لام گەڵاڵە دەبن. ئەو ڕۆژەی (کازینۆی منداڵان) لە غەزەلنووس بڵاو کرایەوە، هاوڕێی ئازیزم (دیاری قەرەداغی)ی هونەرمەند بە (دانا فایەق)، (سۆران ئازاد) و یەک دوو برادەری دیکەمانی گوت: (ئەوەی من لە کارواندا بە دڵمە، ئەوەیە، ڕێچکەیەکی جیاوازی گرتووە و نەهاتووە وەک زۆر نووسەری دیکە بە هەمان شێوەی بەختیار عەلی بنووسێت، کە ئەمە لە بواری هونەری موزیکیشدا هەیە، بەوەی زۆر کەس دەیانەوێت شوێنپێی گۆرانیبێژە گەورەکان، بۆ نموونە مەزهەری خاڵقی، هەڵبگرن، بەڵام هەیە دەیەوێت ببێتە دەنگی جیاواز). دیارە ئەو جیاوازییەی نێوان (بەختیار عەلی) و من لە زمانی ڕۆژانەدا دەرناکەوێت، یان با بڵێین بە وردی دەرناکەوێت، مادام زمانی ڕۆژانە هەر لە دەرەوە بە چەند وشەیەکی سادە بڕیار لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگ و هەستیاری فکری و ئیستاتیکی دەدات، بێ ئەوەی پشت بە هیچ لێکدانەوەیەک ببەستێت، بەڵام باوەڕ دەکەم لە زمانی نووسیندا ئەوە بە ڕوونی ببینرێت، کە پرۆسێسی ناولێنان لای هەر یەکێکمان بە چ شێوەیەکە. تەنیا لە کەلتووری ئۆراڵیدا ڕەخنەگر خەریکی ئەوەیە بزانێت کام نووسەرە لە کام نووسەرە چاکترە و کامیان لە کامیانی وەرگرتووە. هەمووومان لەم دنیایە دەژین و هەر لەبارەی ئەم دنیایەشەوە دەنووسین، بۆیە ئەوەی جیامان دەکاتەوە بابەتەکان نین، بەڵکو ئەو زمانەیە هەر یەکێکمان بە کاری دەهێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر کەسێ تاقە ناوێک لە یەکێ لە بەرهەمەکانی مندا بدۆزێتەوە، کە پێشتر نووسەرانی دیکە بە کاریان هێنابێت، ئەوا بەڵێن بێت ئیتر ئەو بەرهەمە بە هیی خۆم نەزانم. مەبەستم ناوی سادە نییە، چونکە ناوی سادەی ناسراوی وەک (تارا، شیلان، تابان، ساکار، ئەردەڵان، دانا، ئازاد، مەریوان، ئاراس) کوردین و هەمووومان بە



www.iqra.ahlamontada.com

کاریان دەهێنین، بەڵکو مەبەستم ناوی سادەی دەگمەن، ناوی لێکدراو و پاشناوی سەیرومەرەیە. بۆ نموونە (سۆزرەت) ناوێکی سادەیە، بەڵام دەگمەنە. (عوریقە) و (عوربیە) ڕاستە دوو ناوی سادەن، بەڵام بە مەبەست دروستکراون، بۆیە هەر چیرۆکنووسێکی تر بە کاریان بهێنێت، دەردەکەوێت. دیارە تۆ ئەمەت نەگوتووە، ئەردەڵان گیان، بەڵام ڕەخنەگری دیمۆتیک هەیە ئەوەی کردووەتە پیشەی خۆی. بە هەرحاڵ ئەو پرۆسێسە لەپێش (بەختیار عەلی) و منیشەوە هەبووە، بەڵام دەشێ بەم شێوەیە نەبووبێت. هەر ڕەخنەگرێکی هۆشیار لە ڕووی مێژووییەوە لە بەرهەمەکانم بڕوانێت، دەزانێت چ چەمکی ناو و چ چەمکەکانی دیکەیش، کە لە چیرۆکە سەرەتاییەکانمدا دەرکەوتوون، ئەوا بە شێوەی سرووشتی گەشەیان کردووە و بوونەتە بەشێک لە تایبەتمەندیی من. زۆر نووسەر دەڵێن بەرهەمی من دەناسنەوە، ئەگەر ناویشمی بە سەرەوە نەبێت. ئەو ناوانەی لە (کازینۆی منداڵان)دا بە کار هاتوون هەمان سیمای ئەو ناوانەیان هەیە، کە لە هەشتاکان، نەوەدەکان و دواتر هەن. مادام ئەدەب پرۆسێسی گەڕان و دۆزینەوەی بەردەوامە، ئەوا هەر بە سرووشتی خۆی دیاردەی نامۆ دەهێنێت. کاتێ باس لە چەمکی (نامۆ) دەکەین، ئەوا خۆمان لە بەردەم پێوەردا دەبینینەوە، کە ئەو پێوەرە کەلتوور دایهێناوە، بەڵام کەلتوور شتێکی چەسپاو نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئەوەی کەلتوور دەگۆڕێت و دەیخاتە ئاستی دیکەوە، زمانی نووسینە، بەوەی پرۆسێسی نووسین لە ئەنجامی تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەوە دێتە کایەوە. بە مانایەکی تر نووسین بەردەوام زمانی ڕۆژانە تێک دەشکێنێت، کە زمانی ئێستای کەلتوورە، بەو مەبەستەی زمانێکی دیکە دابمەزرێنێت، کە ئەو زمانە خۆیشی جارێکی دیکە دەبێتەوە زمانی ڕۆژانە و دیسان تێک دەشکێنرێتەوە. کەواتە ئەو پرۆسێسە ئینفینیتییە و لە شوێنێک ناوەستێت. ئەگەر زمانی ئەمڕۆی ئینگلیزی لە زمانی سەردەمی (شێکسپیر) ناچێت، ئەوا لە ئەنجامی ئەو تێکشکاندنەی زمانی ڕۆژانە و دامەزراندنی زمانی نووسینەوە هاتووەتە کایەوە.



www.iqra.ahlamontada.com

دیاره کەلتووری ئەمڕۆی ئینگلیزیش لە کەلتووری سەردەمی (شێکسپیر) ناچێت، بەوەی زمان کەلتوور دەگۆڕێت. هەندێک لە نووسەرانی حەفتاکانی ئێمە زمانێکی نوێیان هێنا، کە پێی دەگوترا نامۆ، بەلام توانییان ئەو زمانە بکەنە زمانی ڕۆژانە. لە هەشتاکان هەندێک نووسەری تر ئەو زمانەیان تێک شکاند و زمانی دیکەیان دامەزراند. لە نەوەدەکان نووسەری دیکە زمانی هەشتاکانیان تێک شکاند و زمانێکی دیکەیان هێنا، کە ئەم پرۆسێسە بەردەوامە. بە کورتی زمان کاتێ لە ئاستی ڕۆژانەوە دەخرێتە ئاستی نووسین، دووبارە دەبێتەوە زمانی کەلتوور، بەلام بە ئاستێکی بەرزتر لەوەی پێشووی، بۆ ئەوەی دیسان ئەو ئاستەی تێبپەڕێنرێت و بکرێتە نووسین. لە وەلامی پرسیارێکی (د. جەلال ئەنوەر سەعید)دا بە درێژی لەوە دواوم.(٢٩)

شتێک لێرەدا دەمەوێت بڵێم، ئەوەیە، باوەڕ دەکەم تۆ بزانیت بەشێک لەو ناوانە کوردین و بەشێکیان هیی جووەکانن. دوور و نزیکیش لەو ناوانە ناچن (بەختیار عەلی) بە کاریان دەهێنێت، بەلام میتۆدی ڕەخنەی ویژدانی ئەوە دەخوازێت لە بەرانبەر خاڵی پۆزەتیڤدا چەند خاڵێکی نەگەتیڤیش دەستنیشان بکرێن، بۆ ئەوەی ویژدان سەلامەت بێت. من زیاتر لە سەرەتای هەشتاکانەوە تاکو ئەمڕۆ بەردەوام ئەدەب و فکری عەرەبی بە زمانی خۆیان دەخوێنمەوە. ڕەخنەگرێکم نەدیوە بە مەقەست تێکستێک لە ناوەڕاستەوە ببڕێت، بۆ ئەوەی بڵێت ئەم بەشە چاکە و ئەو بەشە خراپ. (مەبەستم لە مەقەستە لەسەر ئاستی سیمبۆڵدا، نەوەک مەقەستی فیزیکی). ڕەنگە یەکێ لە نیشانەکانی دروستبوونی ڕەخنە لای ئێمە نەمانی ئەو میتۆدە بێت. زۆر لەو گوتارانەی هەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێمە بە بایەخی گەورەوە بلاویان دەکەنەوە، مەحاڵە لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی عەرەبیدا ڕووناکی ببینن، چونکە زۆر لاوازن.

ئەردەلان گیان، تۆ دەڵێیت: (لەلایەکی ترەوە، کۆتایی ڕۆمانەکە زۆر نادیارە. کەس نازانێت کۆتایی ئەم ڕۆمانە چییە، ئەمەش کێشەیەکی



www.iqra.ahlamontada.com

گەورەیە بۆ رۆمان. دیارە کۆمەڵێک نووسەر کێشەی (کۆتایی) لەڕۆمانیان هەیە، بۆ نموونە رۆماننووسی ناوداری روسی و جیهان دۆستیۆفسکی، لەبەشێکی زۆری رۆمانەکانیدا، هەستم بەو کێشەیە کردووە.).

ڕێی منیش بدە بڵێم زۆر دروست بۆی چوویت. نەک هەر کۆتاییی ئەم ڕۆمانە، بەڵکو کۆتاییی هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانی دیکەیشم بە شێوەیەک لە شێوەکان دیار نین، کە ئەمەیش لەبەر ئەوەیە ئەدەب لای من چەمکێکی میتافیزیکییە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)، کە بە هاوبەشی لەگەڵ (دوارۆژ)ی کورمدا نووسیومە، بەشەکان جێگۆڕکێیان پێ کراوە و کۆتاییەکەی بە کراوەیی ماوەتەوە. ڕەخنەگری دیمۆتیک لەوە تێنەگەیشتووە و لە دەرەوە حوکمی بۆ دەرکردووە، بەڵام خوێندکارێکی زانکۆ بە ناوی (ئارام ڕەحمان پاشا) دیزەرتیشنێک بە ناونیشانی (تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو، ڕۆمانی سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە وەک نموونە) بۆ زانکۆکەی دەنووسێت، کە زۆر بە وردی تەکنیکی ئەو ڕۆمانە شی دەکاتەوە و کۆمەڵێک نهێنیی تێدا دەدۆزێتەوە.(٣٠) ئێمە دەمانتوانی تێکستەکە بە شێوەی ڕوون بنوسین، کە کۆتاییەکەی دیار بێت و خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات، بەڵام ئەو کاتە تەعبیری لە ئێمە نەدەکرد. من ئاگام لێیە چەند دەنگێک لەم نەوەیەی ئەمڕۆ دەرکەوتوون و بە دوای ئەو تێکستانەدا دەگەڕێن، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کۆنتاکت لەگەڵ خوێنەردا دەکەن. ئەوانە هەر لە ئێستاوە کاریگەرییان هەیە و ناکرێت ئەو کاریگەرییەیان هەست پێ نەکەین. بەوەدا لە نزیکەوە پێوەندیم لەگەڵ زۆربەی ئەو دەنگانەدا هەیە، ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم ئەم قۆناغەی ئێستامان قۆناغی پشکنینی ئەو چەمکانەیە، کە نەوەی ئێمە و هیی پێشتر بە کاریان هێناون. باوەڕم وایە ئیتر ڕێگارد بۆ ئەو تێکستانە بگەڕێتەوە، کە ڕەخنەگری دیمۆتیک بازی بە سەردا هەڵداون، یان بە زمانی ڕۆژانە بە نەفرەتی کردوون.



www.iqra.ahlamontada.com

خۆشبەختانە بەرهەمی من لە ئێستاوە لای ئەو دەنگانە جێگای سەرنجە.
کۆتایی، مانای ڕێککەوتنی تێکستە لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی خوێنەر چاوەڕێیان دەکات، کە ئەمە بچووککردنەوەی ئەدەبە بۆ مەبەستی دیاریکراو، بەڵام کاتێ تێکست بە کراوەیی دەمێنێتەوە، مانای وایە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو تێکستە بە مەبەستی بیرۆکەی دیاریکراو چاوی هەڵنەهێناوە و گەشەی نەکردووە. هەر تێکستێک ئەگەر لە ڕووی فیزیکییەوە کۆتایی پێ بێت، ئەوا لە ڕووی میتافیزیکییەوە بەردەوامە، مادام هەر وشەیەک وەک (سۆسێر) پێی لەسەر دادەگرێت بەپێی کۆنتێکستەکان مانا وەردەگرێت. واتە ئەگەر تێکست بە بازنەیەک بچوێنین، ئەوا لە هەر خاڵێکی ئەو بازنەیەدا کۆمەڵێک لینک هەن و دەکرێت جارێکی تر لەوێوە سەرەتای دیکە دەست پێ بکەنەوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین کۆمەڵێک دەستپێکردنەوەی ترمان هەن. نامەوێت جارێکی دیکە بۆ بواری سیمۆلۆجیا بگەڕێمەوە، مادام پێشتر باسم لێوە کردووە. لە ڕەخنەی نوێدا، بە تایبەتی لای (دێریدا) تێکست پێکهاتەیەکی میتافیزیکییە و لەسەر کۆمەڵێک شتی دژ بە یەک وەستاوە، بۆیە شوێنێک نییە پێی بگوترێت کۆتایی. ئەگەر ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) لە ڕووی فیزیکییەوە لەو شوێنە تەواو دەبێت، کە یەکێک لە کوڕەکانی (پەلکشان) لەپاڵ عەرەبەکاندا دژی ئەمریکا دەجەنگێت و هەر موجاهیدەکان خۆیان دەیکوژن، ئەوا لە ڕووی میتافیزیکییەوە ئەوی کۆتایی نییە. تێکستەکە شێوەیەکی بازنەیی هەیە و دەشێ لە هەر خاڵێک لەو بازنەیە ئاراستەی تر دەست پێ بکات. ئەگەر سەرنجت دابێت بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانم لە بەرهەمەکانی ترمدا دەردەکەونەوە و شتی دیکەی خۆیان دەڵێن، چونکە ناگەنە خاڵی کۆتایی. لە چیرۆک و ڕۆمانی کلاسیکیدا کۆتایی تا ڕادەیەک دیار بوو، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دواتردا ڕۆماننووسانی وەک (جیمس جۆیس)، (ڤیرجینا ولف)، (ولیام فۆکنەر) و ئەوانی دیکە بە تەواوی دژی وەستانەوە، چونکە وەک لای (باختین)



www.iqra.ahlamontada.com

بینیمان سەردەمەکە خۆی ڕۆمانی فەلسەفیی سەپاندووە و ناکرێت بە هەمان زمان و تەکنیک تەعبیری لێوە بکەین. ڕاستییەکەیشی هەر تۆ نییت پێت وایە تێکست سەرەتا و کۆتاییی هەیە، بەڵکو زۆر جار دەبینم ڕەخنەگری دیمۆتیک لە ڕووی فیزیکییەوە کۆتاییی تێکستەکە دەستێنیشان دەکات و دەڵێت نووسەر لەم کۆتاییەیدا وای کردووە و نەدەبووایە وا بکات، لە کاتێکدا ئەوەی یەک تۆزقاڵ ئاگای لە ڕەخنەی نوێی دنیا بێت، دەزانێت لە هیچ تێکستێکدا سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی نییە، چونکە تێکست لەناوەوە هەزاران ئاڕاستەی هەیە، بەڵام لە ڕووی فیزیکییەوە، واتە کاتێ پیتەکان دەکەونە سەر کاغەز، یەک ئاڕاستە وەردەگرێت. ئامۆژگاری و ڕێنوێنی دوو خەسڵەتی ڕەخنەی دیمۆتیکن. بە دەگمەن ڕەخنەگری دیمۆتیک دەبینیت خۆی بە مامۆستا و ڕێپیشاندەر نەزانێت، کە ئەم دوو خەسلەتە بێ زیاد و کەم هیی ئەو کەلتوورانەن هێشتا نووسینیان نەناسیوە و هەموو شتێک بە شێوەی زارەکی یەکلا دەکەنەوە. ناوە ناوە نووسەری کورد دەنووسێت: (دەبێت فڵان کەس دادگایی بکرێت)، کە ئەمە زمانی ئەو کەلتوورانەیە خاوەنی دامودەستگای مەدەنی نین و دادگایان پشت بە زمانی ڕۆژانە دەبەستێت، نەوەک بە نووسراو. ڕەخنەگری دیمۆتیک ڕۆڵەی ئەو کەلتوورەیە و نایەوێت تێیبپەڕێنێت، بۆیە ڕێ بە خۆی دەدات ببێتە دادوەر و نووسەر دادگایی بکات. سەیر ئەوەیە ڕەخنەگری دیمۆتیک دەچێت گوتەی ڕەخنەگرانی دنیا لێرە و لەوێ کۆ دەکاتەوە و وەک تەنی فیزیکی فڕێیان دەدات، کە زۆربەیان دژی یەکن. دیارە ئەمە خەسڵەتی زەقی ڕەخنەی ویژدانییە، بەوەی ڕەخنەگرەکە چونکە دوور و نزیک ئاگای لە کۆنتێکستی ئەو گوتانە نییە و نازانێت بە چ مەبەستێک بە کار هاتوون، ئەوا لەپاڵ یەکدا ڕیزیان دەکات. ئەلفیان پێ دەشکێنێت و بێیان پێ هەڵدەدات.

ئەردەڵان گیان، باسی (دۆیستۆیڤسکی)ت کردووە، کە کۆتاییی ڕۆمانەکانی دیار نین. بە ڕاستی سەرنجێکی وردە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ئەو سەرنجە وای لێ نەکردوویت بە دوای لینکەکەیدا



www.iqra.ahlamontada.com

بگەڕێیت. بە هەرحاڵ کارەکەت تەواو ئاسان کردووەتەوە، چونکە (دۆیستۆیڤسکی) ئەو ڕۆماننووسەیە، کە بایەخی گەورە بە میتافیزیکا دەدات. بۆ ئەوەی بە ڕاستییش بچینە ناو دنیای ئەو داهێنەرەوە، ئەوا (میکایل باختین) ڕێنوێنیکی چاکمانە، مادام ئەو نەک هەر کتێبی (کێشەکانی شیعرییەتی دۆیستۆیڤسکی)، کە وەرگێڕی عەرەبی بە (شعرية دوستويفسكی) وەریگێڕاوە، لەبارەی ئەو ڕۆماننووسەوە نووسیوە، بەڵکو لە کتێبەکانی دیکەیشیدا بەردەوام لەپاڵ (سێرڤانتس) و نووسەرانی تردا لێی کۆڵیوەتەوە.(٣١)

با ئەوەیش بڵێم ئەو سەرنجەی تۆ لەگەڵ بۆچوونەکانی (باختین)دا یەک دەگرێتەوە، بەوەی لای (دۆیستۆیڤسکی) کۆتایی نییە، مادام لە دنیای ئەو ڕۆماننووسەدا بە قەدەر لەیەکچوون، دژایەتی دەبینرێت، کە ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی)، بەوەی کۆمەڵێک دەنگ هەن و هەر یەکەی بە جیا دەردەکەوێت.(٣٢) بەرهەمە داهێنانەکانی ئەو بۆ زنجیرەیەک بونیادی فەلسەفی دابەش دەبن، کە هەم سەربەخۆن و هەم دژی یەکن.(٣٣) بۆ ئەوەی بزانین بۆچی لای ئەو ڕۆماننووسە خاڵێک نییە پێی بگوترێت کۆتایی، ئەوا پێویستە ئاماژە بە یەک دوو گوتەی (باختین) بدەم. ئەو پێی وایە (دۆیستۆیڤسکی) (داهێنەری ڕۆمانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی)یە. بە شێوەیەکی جەوهەری تایپێکی نوێی ڕۆمانی نوێی داهێناوە. هەر بە تایبەتی لەبەر ئەو هۆکارەیە ناکرێت بەرهەمە داهێنانەکانی بخرێنە ناو هیچ جۆرێکی دیاریکراوی دیکەوە. ناچنە ژێر ڕکێفی هیچ قاڵبێکی ئەدەبییەوە، کە بە درێژایی مێژوو دەرکەوتوون و ئێمە وا ڕاهاتووین لەسەر دیاردە جۆراوجۆرەکانی ڕۆمانی ئەورووپیدا پراکتیزەیان بکەین).(٣٤) (سەردەمەکە خۆی وای کردووە ڕۆمانی فەلسەفی بێتە کایەوە. دۆیستۆیڤسکی بەرپرسیارییەتیکی خودیی لە ئاستی فرەییی پرۆگرام و ئاراستە دژ بە یەکەکانی سەردەمەکەیدا هەبوو).(٣٥) (دەکرێت بە ڕاشکاوی بگوترێت بۆ ئەوە هەوڵ دەدات هەر کۆنترادیکشنێکی ناوەوەی مرۆڤ بکاتە دووان، بەو مەبەستەی



www.iqra.ahlamontada.com

خەسڵەتی دراماتیکی بەو کۆنترادیکشنە بدات و بە شێوەی فراوان ڕاڤەی بکات... هەموو ئەوانەیشی بۆ ئەوەیە، کە تا لە توانادایە لە یەک کاتوشوێندا فۆکووس بخاتە سەر زۆرترین کارەکتەر و تیمە. بە کورتی گەرەکیەتی لە ساتێکدا زۆرترین فرەڕەنگی پێشان بدات).(٣٦) ئەم یەک دوو گوتەیەم لە کتێبەکە هەڵبژارد، بەو مەبەستەی بڵێم کاتێ ئێمە دەنگی جۆراوجۆرمان هەبێت، کاتێ زۆرترین کارەکتەر و تیمەی جیاوازمان هەبێت، ئەوا خاوەنی زیاترین ئاراستەی دژ بەیەکین و ناکرێت یەک کۆتاییمان هەبێت، بگرە هەر ناکرێت چاوەڕێی کۆتایی بین. ڕۆمانەکانی ئەو ڕۆماننووسە پێوەندیی بەتێنیان بە فەلسەفەوە هەیە و فەلسەفە ڕێمان نادات خاڵێک بۆ تێگەیشتن دابنێین، بەوەی پرۆسێسی فەلسەفە وەک لای (نیتشە)، (هایدیگەر) و ئەوانی دیکەدا دەبینین بریتییە لە تێپەڕاندنی میتافیزیکێک و گەیشتن بە یەکێکی تر، بێ ئەوەی لێی دەربچین. مادام (دۆیستۆیڤسکی) گوتاری زمانی خۆی لەسەر کۆنترادیکشنەکان دادەمەزرێنێت، ئەوا لە توانادا نییە ئاراستەیەک بگرین و ئەوانی دیکە بە لاوە بنێین، بۆیە خۆمان لە بەردەمی بازنەیەکدا دەبینینەوە و مەحاڵە کۆتاییەکەی دەستنیشان بکەین. ئێستا دوای هەموو ئەوانە دەمەوێت بۆ ئەو شوێنە بگەڕێمەوە، کە ئەوەت وەک خاڵێکی نەگەتیڤ بۆ من حیساب کردووە، گوایە نازانم چیرۆکەکان لە شێوەی ڕیزبەندی بگێڕمەوە. دەکرێت هەمان پرۆسێس بە شێوەیەکی دیکە لای (دۆیستۆیڤسکی) ببینین، کە (باختین) هێندە پێی سەرسامە و لەوێوە جاری دەرکەوتنی شێوازێکی نوێ لە مێژووی ئەدەب دەدات. جیاوازییەکە ئەوەیە زمانی ڕۆژانە بەسەر ڕەخنەی ئێمەدا زاڵە و ڕەخنەگری دیمۆتیک ناتوانێت قووڵاییەکانی تێکست ببینێت، بەڵکو لە دوورەوە بە نەفرەتی دەکات، مادام لەو بەرهەمە سادانە ناچێت، کە ئەو لێیان تێدەگات. دەزانم، ئەردەڵان گیان، تۆ ڕێک ئەوەت نەکردووە، بەڵام ئەو دیاردەیە لای ئێمە هەر زۆر زەقە.



www.iqra.ahlamontada.com

ئێستا ڕێم بدە پێت بڵێم من هەر خۆم لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە لەگەڵ کۆتاییەکاندا ڕێک نیم. بە منداڵی دەچووین لە دەرەوەی شار بەردێکمان دەهێنا و بە ئاسنێک، دەمێکی پان و کلکێکی درێژکۆڵەی هەبوو، بەردەوام پێیماندا دەکێشا، بەو مەبەستەی بیکەینە کەلا. ئەوەی من لەناو هیی هەموویاندا خڕ نەدەبوو. دوایی زانیم ئەوە نە ئاسنەکەیە و نە لێدانەکە ئەو بەردە خڕ دەکات، بەڵکو ئەو وێنەیەیە، کە من دەیخەمە خەیاڵی خۆمەوە. بە لێدان بەردەکەی ناو دەستم بچووک دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر من دوای وێنەکەی ناو خەیاڵم نەکەوم، مەرج نییە خڕ ببێت. گرفتی من تاکو ئەمڕۆیش ئەوەیە ناتوانم وێنەی خڕ بهێنمە بەرچاوم. ئەگەر بیشیهێنم، ئەوا زۆر زوو پەرت دەبێت، ڕێک وەک ئەو بەردانەی کاتێکم دەزانی وا چەشنی سابوون لاکێشەیی دەرچوون. ئەمەم لە چیرۆکی (ماڵی نانی)دا گوتووە، کە لە ئەزموونی ژیانی خۆمم وەرگرتووە. کاتێ تێکستێک دەخوێنیتەوە و هەست دەکەیت لە شوێنێک کۆتایی هاتووە، ئەوا پێویستە بزانیت نووسەرەکەی تەنیا یەک وێنەی لە خەیاڵ بووە و بەردەوام دوای ئەو وێنەیە کەوتووە، تاکو پێی گەیشتووە. بێگومان خوێنەر لە خوێندنەوەی تێکستی ئاوادا سەری لێ تێک ناچێت. لێت ناشارمەوە لە کاتی نووسیندا بە ڕادەیەک وێنەکان گەمارۆم دەدەن، کە زۆر جار هەست بە مەرگ دەکەم. دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەزموونی خۆم بنووسمەوە و باسی زۆر نهێنیی ژیانی نووسینم بکەم. لە چیرۆکی (ئەسپیدیلۆن)یشدا (هیڤان) پێی وایە هەر کاتێ بیرۆکەیەکی جوانی بۆ دێت، وا دەزانێت مردن لێی نزیک بووەتەوە و ناتوانێت دایبڕێژێت. ئەوەتا دەڵێت: (وام دەزانی مەرگ تەنیا ئەو کاتانە زەفەرم پێ دەبات، کە شیعری چاک و مەزن دەنووسم).

ئەردەڵان گیان، تۆ دەڵێیت: (سەرەتا نووسەر هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ریالیستی رۆمانەکە دابرێژێت، لێ پاشان لەم ڕێچکەیە لادەدات و خۆی فڕێدەداتە باوەشی فەنتازیاوە. بەتایبەتی لەکاتی باسکردنی (حەمدی، مەیسون، پاشان گەرەکی ئاگرباز). دەبووایە یان پشت



www.iqra.ahlamontada.com

بەڕیالسیت ببەستێت یان فەنتازیا، چونکە تێکەڵاوکردنی هەردووکیان، سەر لەخوێنەر دەشێوێنێت.).
ئەگەر بمانەوێت باس لە پێوەندیی نێوان فانتاسیا و ڕیاڵ بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی پرۆبلەماتیکێکی زۆر گەورە دەبینەوە. چی فانتاسییە و چی ڕیاڵیتی؟ فانتاسیا لە کوێ دەوەستێت و ڕیاڵ لە کوێ دەست پێ دەکات؟ با لە ئێستایشەوە ئەوە بڵێین، کە لای (دۆلۆز) خەیاڵ و فانتاسیا جیاوازییان هەیە. فانتاسیا شوێنی ئایدیاکان و یەکییەتیی تاکە لێکدابڕاوەکانە. بەوەدا گرێدەری ئایدیاکانە، ئەوا ئەو جووڵەیەشە گەردوون دەبزووێنێت.(٣٧) تەنانەت لە ڕووی تێرمینۆلۆجییشەوە ئەو دوو وشەیە جیاوازن، بەوەی لە زمانی فرەنسیدا وشەی (فەنتاسیا) کۆنە و مانای هەستی هاوبەش، پارێزگاری و خەیاڵ دەگەیەنێت.(٣٨) هیوادارم جارێکی تر چاوێک بە گفتوگۆکانمدا بخشێنیتەوە، تاکو بزانیت لە دیدی مندا فانتاسیا و واقیع چەند تێکەڵی یەکترن.(٣٩) با بۆ لای (سۆسێر) بگەڕێینەوە، کە پێی وایە ئێمە کاتێ دەڵێین درەخت، ئەوا ئەو دەنگە دالە و مەدلوولەکەی وێنەی درەختە، کە دێتە بەرچاومان. هەر کاتێ نووسیمان (درەخت) ئەوا پیتەکان لە ڕێی دەنگەوە ئاماژە بە درەخت دەدەن و ئیتر درەخت وەک وێنەیەک دێتە بەرچاومان. کەواتە فانتاسیا لە هەر شوێنێکدا هەیە، کە واقیعی لێیە و واقیع لە هەر کاتێکدا دەبینرێت، کە فانتاسیا ئامادەیە. بەڵێ، ئەو دووانە نە بەبێ یەکتر دەتوانن هەبن و نە دەشکرێت جیا بکرێنەوە. ئامادەم ئەگەر پێویستی کرد بە یەک گوتاری سەربەخۆ بۆی بگەڕێمەوە و وەک گوتیشم بەردەوام لە گفتوگۆکانمدا قسەم لەو پرۆبلەماتیکە کردووە. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو پەرەگراف لە دوو گفتوگۆی جیاواز دەدەم، کە یەکەمیان ساڵی ٢٠٠٤ لە وەڵامی پرسیارێکی (توانا ئەمین)دا گوتوومە: {ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی هەرگیز ناتوانێت ژیان بنووسێتەوە. ڕاستە ژیانی واقیعی سەرچاوەی ئیلهامی نووسینە و نووسەر بە کەرەستەکانی ئەو ژیانە دنیای خۆی دەخوڵقێنێت، بەڵام خوڵقاندن، نەوەک گواستنەوە. بە



www.iqra.ahlamontada.com

بڕوای من کاری نووسەر کەم و زۆر لە کاری فڕۆکەوان و دایڤەر (غواص) دەچێت. یەکەمیان دەچێتە ئاسمان و دووەمیان بۆ ژێر ئاو ڕوو دەچێت، بەڵام هەردووکیان لەسەر زەوی فێری هونەری خۆیان دەبن. ئەوەندە هەیە نووسەری ئەدەبی لەوەدا لە فڕۆکەوان و دایڤەر جیاوازە، بەوەی لای ئەو دووانە فێربوون تا ئەو کاتەیە تا دەیانگەیەنێتە ئاستی ئەوەی بە چاکی کارەکانیان ڕابپەڕێنن. ئیتر لەمەوە پشت بە نەخشە و پلان دەبەستن، بەڵام لای نووسەر فێربوون کۆتاییی نایەت. ئەو فێربوونە نابێتە پلان و نەخشە. کەواتە ناتوانێت زەویی واقیعیش جێ بهێڵێت.... خۆ ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی ئەگەر ژیانیش بنووسێتەوە، ئەو ژیانە دەنووسێتەوە، کە هێشتا نەهاتووە، نەوەک ئەوەی هەبووە و ئێستا هەیە. واتە گرنگترین پرسیار دوای خوێندنەوەی هەر تێکستێکی ئەدەبی ئەوەیە چ یۆتۆپیایەکی خوڵقاندووە.}(٤٠)

دووەمیشیان کورتەیەکە لە وەڵامی پرسیارێکی (ئیدریس عەلی)، بەر لە چوار ساڵ: {ئامانجی سەرەکیی فانتاسیا ڕزگاربوونی یەکجارەکییەتی لەژێر دەستەڵاتی واقیع و دامەزراندنی دنیایەکی دیکەی تەواو جیاوازە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە هەرگیز ڕوو نادات، بۆیە فانتاسیا بە ناچاری دەست لە بەشێکی ئارەزووەکانی خۆی هەڵدەگرێت و جیهان لەگەڵ واقیع دابەش دەکات. کەواتە پێوەندیی فانتاسیا و واقیع، پێوەندیی نێوان خود و بابەتە، کە ئەو پێوەندییە لای (دیکارت)، (هیگڵ)، (کیەکەگورد)، (هۆسێرل)، (هایدیگەر)، (سارتەر) و زۆری دیکە وەک سەرەکیترین پرسیاری فەلسەفە کاری لەسەر کراوە. ڕازیبوونی فانتاسیا بە بەکارهێنانی ئایکۆن (مەبەستم ئەو پیتانەن، کە لە نووسیندا بە کار دەهێنرێن)، هەر خۆی تێکەڵبوونی دنیای خەیاڵ و واقیعە، چونکە فانتاسیا کاتێک دەخرێتە ئاستی ڤێربالەوە (واتە کاتێ لەفز دەکرێت) و لەوێشەوە بۆ باری ئایکۆنی دەگۆڕێت، مانای ئەوەیە نەیتوانیوە کەرەستە و موفرەداتی تەواو جیاواز لە هیی واقیع دابهێنێت. کەواتە فانتاسیا ناتوانێت دەستبەرداری



www.iqra.ahlamontada.com

کەرەستە و موفرەداتی دنیای واقیع ببێت، چونکە هەموو کردارێک گیرۆدەی دەستی ئەو کەرەستانەیە. بۆ نموونە ئەگەر تەنیا سەرنج لە کرداری (دانیشتن) بدەین، ئەوا دەبینین ئەو کردارە وەکو سەرجەم کردارەکانی دیکە، ناتوانرێت بە تەنیا پراکتیزە بکرێت، بەڵکو بەندە بە یەکێک، یان زیاتر لە کەرەستەکانی ئەو واقیعەوە، ئینجا زەوی بێت، کورسی بێت، یاخود بەردێک بێت، کە هەر دەبێت لە سەریان دابنیشرێت. ڕاستە فانتاسیا ئەو کەرەستانە بە شێوەی جیاواز لە هیی واقیع بە کار دەهێنێت، چونکە ئەو کەرەستانە لە ئاستی ماتریالەوە دەگۆڕێت بۆ ئاستی هەستپێکراو، بەڵام فانتاسیا و واقیع هەردووکیان یەک سیستەمی ناونانیان هەیە. فانتاسیا ناوی شتەکانی واقیع وەک خۆی بە کار دەهێنێت، بەڵام شێوە، جۆر و قەبارەی ئەو کەرەستانە دەگۆڕێت، بەو مەبەستەی کردارەکان سەرنج ڕابکێشن و شیعرییەت و ئیستاتیکا بە دەست بهێنن، بەڵام هەرگیز لە توانایدا نییە بیانسرێتەوە، چونکە بە سڕینەوەیان فانتاسیا خۆیشی دەسڕێتەوە و نامێنێت}(٤١)

چیرۆک و ڕۆمانەکانی من باس لە دنیای ناوەوەی کارەکتەر دەکەن، کە لەو دنیایەدا هیچ خەیاڵێک، هیچ بیرۆکەیەک و هیچ پرسیارێک سانسۆری لەسەر نییە، بۆیە ئاساییە مرۆڤ خۆی بە ئاژەڵی دڕندە، هیی ماڵی، خێو و جانەوەری ئەفسانەیی بزانێت. ئەگەر بۆ سایکۆلۆجیا، بە تایبەتی بۆ لای (فرۆید) بگەڕێینەوە، ئەوا ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبینەوە، کە ئەمە بە نەستەوە دەبەستێتەوە و لە چوارچێوەی خەوندا لێی دەکۆڵێتەوە، بەڵام لێرە بواری ئەوەمان نییە. سەرنجێکی خێرا لە تابلۆی هونەرمەندە سوریالیستەکانی وەک (ماکس ئێرنست)، (سەلڤادور دالی)، (جۆرجیۆ دی چێریکۆ)، (مارک شاگال)، (فریدا کاهلۆ) و ئەوانی دیکە بدە و بزانە تێکەڵبوونی مرۆڤ و ئاژەڵ لای هەموویاندا خاڵی هاوبەش نییە!! شێوەکاری گەورەی هۆڵەندی (هیرۆنیمۆس بۆش) (١٥١٦_١٤٥٠) وێنەی مرۆڤ لە شێوەی ئاژەڵ دەکێشێت، تاکو پێشانی بدات دێوی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئاژەڵی



www.iqra.ahlamontada.com

درندەیە. نایشارمەوە من لە ڕێی سەیرکردنی تابلۆکانی ئەو هونەرمەندەوە زیاتر قووڵاییی خۆم و هیی دنیام بینی. (بۆش) بە هۆی هونەرەکەیەوە زۆر لەپێش (فرۆید)ەوە گوتوویەتی ناخی مرۆڤ پڕە لە جانەوەری درندە. تاکو ئەو ساتەی زمانی ڕۆژانە بەسەر ڕەخنەی ئێمەدا زاڵ بێت، ناتوانین بە دوای وردەکاریی شتەکاندا بگەڕێین، بەڵام کاتێ ڕەخنە پشت بە نووسین دەبەستێت، ناچارە هەر خاڵێک لە تێکستەکە هەڵبکۆڵێت و بزانێت چیی دیکەی لەژێردایە، چونکە نووسین پرۆسێسێکی هێمن و وریایە و ناتوانێت بە ئاسانی بەسەر شتدا تێبپەڕێت. ئەمەیشە وا دەکات زمانی ڕەخنە هەمیشە چڕ بێت وەک هەر بۆ نموونە لای فەیلەسووفە گەورەکانی وێنەی (ڕێنێ دیکارت)، (سۆرێن کیەکەگۆرد) (کارل مارکس)، (فریدریک نیتشە) و زۆری تردا دەیبینین. ئەگەر وا بکەین، دەبێت بە وردی لەسەر ئەوە بوەستین بۆچی (پەریهان) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کچی مانگایە؟ کەواتە لێرەوە گەڕان لای ڕەخنەگر دەست پێ دەکات، نەوەک بڕیار، نەوەک نەفرەت و نەوەک ستایش. ڕەخنەگر چەمکێ دووان لە تێکستێک وەردەگرێت و لێیان ورد دەبێتەوە، چونکە مەحاڵە فریای ئەوە بکەوێت لە هەموو تێکستەکە بکۆڵێتەوە، لە کاتێکدا وەک گوترا قەبارەی تێکست بە ژمارەی وشە ناپێورێت، بەڵکو تێکستەکان لە ناوەوە زۆر گەورەن. دەکرێت نووسەر بە هەزار و پێنجسەد وشە باس لە چوارچێوەی گشتیی تێکستەکە بکات، بەڵام مەحاڵە بتوانێت هەموو تێکستەکەی پێ بخوێنێتەوە. ڕەنگە بپرسێت: ئەی چۆن بابەتەکەی من بە وشە دەپێورێت؟ منیش دەڵێم بابەتەکەت بە زمانی ڕۆژانە نووسراوە و ڕاستەوخۆیە. زمانێکە لە دەرەوە لەبارەی چەمکەکانەوە دەدوێت، کە بەردەوام نموونەم لێ هێناوەتەوە و دەتوانم نموونەی زۆر زەقتریشی لێ بهێنمەوە. من مەبەستم لەو تێکستانەن، کە لە ناوەوە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئایدیاکان دەگەیەنن. ئەوانە بە وشە ناپێورێن. بێگومان ئەوەیش جیاوازە، کە نووسەر بیەوێت چەمکێک، یان زیاتر لە چەمکێکی ئەو تێکستە ورد



www.iqra.ahlamontada.com

بکاتەوە، یان بە گشتی لەبارەیەوە بنووسێت، کە ئەوەی یەکەمیان
[illegible]
بێتە دەرێ، تاکو بڵێت ئەمەی باشە و ئەوەی خراپ، بەڵام ئەوەی دووەمیان هەندێک زانیاریمان لەبارەیەوە دەداتێ، بێ ئەوەی ڕێ بە خۆی بدات بە لای خاڵی نەگەتیف و پۆزەتیڤدا بچێت. خاڵی نەگەتیف و پۆزەتیف تەنیا لە ڕەخنەی ویژدانیدا هەن. ماوەیەک لە کتێبخانە کارم ئەوە بوو هەر چی ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی دانمارک لەبارەی ناساندنی کتێبەوە دەنووسرێن، کۆیان بکەمەوە و بیانخەمە ئەرشیڤەوە. لەوێ بۆم دەرکەوت ناساندنی کتێب چەند گرنگە، بەڵام بۆ تاقە جارێکیش نەمبینی نووسەرێک وا تێکستێک بخوێنێتەوە، کە کوێی خراپە و کوێی باش.

بە بڕوای تۆ بەشی یەکەم و دووەم ڕیالیستین و بەشی سێیەم فانتاسیایە، کە وەک گوتمان ئەوانە لێک جیا ناکرێنەوە، بەڵام ئێستا دێم لەو بارەیەشەوە قسەی خۆم دەکەم. (مەیسوون) ناوی ئەو مانگایەیە، کە (پەریهان) دوای کوژرانی مێردە کۆمیسارەکەی بە دەستی (موفید)ی هاوڕێی؛ دەیکڕێت، بەو مەبەستەی خۆیانی پێ بژیێنن، شیرەکەی بکەنە ماست و لە بازاڕ بیفرۆشن، ئەگەرچی ئەو ژنێکی شارییە و لەو ڕووەوە هیچ ئەزموونێکی نییە. (مەیسوون) بۆ (وریا) و (سوهاد) دەبێتە دایک. با لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم، کە زۆر ژن لەم ڕۆمانە ناویان (مەیسوون)ە و بە هۆشیارییەوە کراوە. کەواتە ئەمەیش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی من بە شێوازی خۆم بایەخ بە ناو دەدەم. بە هەرحاڵ (حەمدی)، یان (خەلۆ چاوسوور)، کە پیاوێکی ژنکوژە و دەستی لە هاوسەر، دایک و خوشکی خۆیشی نەپاراستووە، لەو گەورە بەسەر (مەیسوون)ەوە دەگیرێت و هەردووکیان، واتە خۆی و (مەیسوون)ی مانگا دەربەدەر دەکرێن. هەر لەم شوێنەدا کۆمەڵێک گەمەی ئاڵوگۆڕی ناو هەیە، وەک ئەوەی (مەیسوون) لە لایەک ژنی (حەمدی) بووە و بە دەستی خۆی کوشتوویەتی و لە لایەکی تر ناوی داپیرەگەورەی بووە، کە بەپێی وەسیەتی باپیرەگەورە



www.iqra.ahlamontada.com

دەبێت بەردەوام ئەو ناوە لە کچیان بنێن. لە لایەکی دیکە ناوی ژنێکی دراوسێی ماڵی (پەریهان)یشە. لە بەشی سێیەمدا کچێک دەردەکەوێت ناوی (پەریهان)ـە و بۆ (وریا) و (سوهاد) دەگێڕێتەوە، کە ئەو کچی (مەیسوون)ی مانگا و (حەمدی)یە. لێرەشدا سەرنجی پرۆسێسی ناو بدە، کە (پەریهان)ێک هەیە دایکی (وریا)یە و خاوەنی مانگاکەیە، (پەریهان)ێکیش کچی (مەیسوون)ی مانگایە. ئەوەی وای لێ کردوویت بڵێیت ڕۆمانەکە لەناکاو بووەتە فانتاسی، ئەو مەسەلەیەیە، کە چۆن مانگا منداڵی دەبێت. پێش هەموو شتێک گوتاری ئەدەبی لە توانایدایە تێکڕای بەربەستە زانستییەکان تێک بشکێنێت و گومان لە حەقیقەتیان بکات، چونکە زانست چەند بیەوێت وا خۆی پێشان بدات لەسەر حەقیقەتی چەسپاو دامەزراوە، هێشتا ناتوانێت ڕێ لە خەیاڵ بگرێت تێیبپەڕێنێت، بۆیە (گریگۆر سامزا)ی کارەکتەری چیرۆکی (مێتامۆرفۆسیس)ی (کافکا) دەبێتە زیندەوەرێکی قێزەون. لەو هەموو ڕەخنەیەی لەبارەیەوە نووسراوە، نەمزانیوە کەسێ ئەوەی بە گوناهـ بۆ نووسەرەکەی حیساب کردبێت، بگرە بە پێچەوانەوە ئەمە بە خاڵی جەوهەریی تێکستەکە دەزانن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کێ دەڵێت (پەریهان) کچی مانگایە؟ وەڵام خۆی. بە کێ دەڵێت؟ بە (وریا) و (سوهاد). ئایا بوونی (پەریهان) لەو شوێنە بوونێکی فیزیکییە، یان حاڵەتە؟ بێگومان حاڵەتە. ڕێم بدە بۆت باس بکەم گێڕانەوەی هەر سێ بەشەکە چۆنە. لە بەشی یەکەمدا (سوهاد) بەسەرهاتەکان لەناو تاکسی دەگێڕێتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی جاران (کازینۆی منداڵان) بووە و ئێستا کراوەتە ئاپارتمان. لە بەشی دووەمدا (وریا) هەر لەو شوێنە هەشتا ساڵی تەمەن بۆ (سوهاد)ی برای دەگێڕێتەوە. لە بەشی سێیەمدا و هەر لەو شوێنە (پەریهان)ی کچی مانگا بەشێک لە ژیانی خۆی بۆ (سوهاد) و (وریا) دەگێڕێتەوە. ئینجا (بەهارانی هامان داخانی) ڕووی لە (پەلکشان)ـە و بەشێکی ژیانی خۆی، هیی (پەلکشان)، (پەریهان) و زۆری تر دەگێڕێتەوە. بە کورتی هەموویان لەو شوێنە کۆ دەبنەوە، کە جاران (کازینۆی منداڵان)ی لێ بووە، بەڵام



www.iqra.ahlamontada.com

کۆبوونەوەکە بە جەستە نییە، بەڵکو بە ڕۆحە. ئەوان تەنیا دەنگن، کە هونەری نووسینی ڕۆمان ئەوەی سەپاندووە. پێشنیاز دەکەم ئەم یەک دوو پەرەگرافە بخوێنیتەوە: (پەریهان)ی کچی (مەیسوون)ی مانگا دەڵێت: (دیارە ئەمەیش شتێکی ئاساییە کچی مانگایەک لەم سەردەمەی خەڵک بۆ کەمترین شت داوای بەڵگە و دۆکیۆمێنت دەکەن، دنیایەک ئازاری بە دەست دەوروبەرەکەیەوە چەشتبێت...). بێگومان دەبێت ئەم پەرەگرافە شتێکت پێ بڵێت، ئەردەڵان گیان. تێکەڵکردنی دنیای ئەفسانە و دنیای مۆدێرنیتە. ئەمە باسێکی زۆر قووڵە و کاتمان بۆی نییە. با بزانین (شوعلە ئەلبەدری)، کە خۆی و کەسوکاری کۆمۆنیستن، چیی پێ دەڵێت: (جاریکیان پێی گوتم ئەوەی لەبارەی دایکمەوە دەیڵێن، گوایە مانگایە و مرۆڤ نییە، ئەوە تەنیا قسەی نەزانەکانە و نابێت باوەڕ بەو خورافەیە بهێنین... وای دەزانی خەڵک ئەوەیان بۆ هەڵبەستووە... نەیدەزانی دایە خۆی بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت... نەک هەر شەرمی پێ نییە، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان شانازییشی پێوە دەکات...).

واز لەمەیش بهێنە و ئەمەیان بخوێنەرەوە: {_ حەمدیی باوکی پەریهان پیاوێکی بێکەس دەبێت و لای دایک و کچێک ژوورێک بە کرێ دەگرێت، کە ئەوان خۆیشیان لەو بێکەسترن... کچەکە زۆری بە دڵ دەبێت و بە شێوەیەکی سەیر ئەو چاوە سوورانەی خۆش دەوێت، بۆیە دەیەوێت شووی پێ بکات... دایکی بە سەردا نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت... حەمدی بەو مەرجە ئامادەیە ببێتە هاوسەری، کە ئەو باوەڕ بەوە بهێنێت مانگایە... کچەکە گوتوویەتی ئۆی هەر دەڵێی تۆ ناو دڵمت خوێندووەتەوە، چونکە من خۆم ئاواتم ئەوەیە شوو بە پیاوێک بکەم وەک مانگا نازم هەڵبگرێت... ئەو پیاوانە زۆر دەگمەنن، کە دەزانن وەک مانگا لە ژن بڕوانن و وەک مانگایش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن... ئەوسا حەمدی گوتوویەتی نامەوێت تۆ وا بزانیت وەک مانگا لێت دەڕوانم و وەک مانگا مامەڵەت لەگەڵ دەکەم... نا، نا، باش گوێ بگرە...!! ئەوەی تۆ دەیڵێیت زۆر لەوە جیاوازە من مەبەستمە...



www.iqra.ahlamontada.com

تۆ دەبێت باوەڕ بهێنیت مانگایت و تەواو... ئەو ئاژەڵەی لەسەر چوار پەل دەڕوات و دەبۆڕێنێت... گیا دەخوات و شیر دەدات... کاتێکیش ماندوو دەبێت، لە شوێنی خۆی تەمبەڵ تەمبەڵ پاڵ دەکەوێت و کاوێژ دەکات... کچە قاقایەک لێ دەدات و دەڵێت چەندم پێ خۆشە ئەو وشانە لە دەمی تۆوە دەبیستم... لەم ساتەوە وا بزانە تۆ لەگەڵ مانگایەکدایت، چاوسوور گیان... پەت دەخەیتە ملم، رامدەکێشیت، دەمدۆشیت، سوارم دەبیت و بە مست لە پاشووم دەدەیت، ئەوە لە ئێستاوە ئازادیت... حەمدی گوتوویەتی پەلە مەکە، پەلە مەکە، چونکە مەرجێکی تریشم هەیە، رەنگە ئەوەیانت بە دڵ نەبێت، بەڵام لێت ناشارمەوە ناتوانم دەستی لێ هەڵبگرم... کچەکە گوتوویەتی ئا، دەی با بزانم ئەوەیان چییە... حەمدی گوتوویەتی ناوی مەیسوون لای من زۆر پیرۆزە، بگرە ناتوانم لەگەڵ ژنێک بم ئەو ناوەی لێ نەبێت، بۆیە دەبێت تۆ ناوی خۆت بۆ مەیسوون بگۆڕیت... کچە گووتوویەتی مەیسوون...؟! ئینجا لەو ناوە خۆشتر هەیە، چاوسوور گیان...؟! وا هەست دەکەم جارێکیان لە خەونیشدا قسەیەکی وا خۆشت لەگەڵ کردووم، بەڵام هەر چۆنێ بێت ئێستا راستییە و تۆ ئیتر بە مەیسوون بانگم دەکەیت، چاوسوورەکەی خۆم... مەیسوون...؟! وەهـ وەهـ وەهـ مەیسوون...!! بۆ مانگایەکی وەک من ئەو ناوە پڕ بە پێستە... ئینجا دەزانی چی، چاوسوور گیان...؟! با یەک شتت پێ بڵێم... وای دادەنێم تۆ ئەو ناوەم وەک دیاریی ژیانی هاوسەرگیری پێ دەبەخشیت... ئەوا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئەو دیارییەم لە تۆ وەرگرت، حەمدی گیان... ئیتر من مانگای پیاوێکی چاوسوورم.}

ئەردەڵان گیان، لە رۆمانی فرەدەنگیدا دەبێت گوێ لە هەموو دەنگەکان بگریت. وەک لای (دۆیستۆیڤسکی) و (باختین)دا بینیمان. ئێستا ئەگەر تۆ گوێ لە هەموو دەنگەکان بگریت، دەزانیت ئەو شتە بەو شێوەیە نییە، کە لێی تێگەیشتوویت. سەرجەم ئەوانەی بە زمانی رۆژانە بەرهەمی من دەشکێنن، یان بە چاوی کەم لێیان دەڕوانن، ئەوانەن نەیانتوانیوە بە وردی بیانخوێننەوە. نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن



www.iqra.ahlamontada.com

هەر ناوێک، هەر ڕووداوێک، هەر دیمەنێک زیاتر لە جارێک و بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێتەوە، بۆیە ئاوەڵناوی درێژدادڕ و وڕێنە و شتی دیکەیان دەخەنە پاڵ. وەک بینیمان (باختین) بۆیە (دۆیستۆیڤسکی) بە گەورە دەزانێت، چونکە تا لە توانادایە لە یەک کاتوشوێندا فۆکوس دەخاتە سەر زۆرترین کارەکتەر و تیمە. بە کورتی گەرەکیەتی لە ساتێکدا زۆرترین فرەڕەنگی پیشان بدات، بەڵام ڕەخنەگری دیمۆتیک هەر ئەو خاڵە بۆ من بە نەگەتیڤ لێک دەداتەوە، بێ ئەوەی تاقە جارێک گومان لە توانای خۆی بکات. ناکرێت دیسان بەو ڕاشکاوییەی تۆ سەرسام نەبم، کە وای کرد بۆ یەکەمجار کەمێک لەو بارەیەوە قسەی خۆم بکەم. تۆ بەرهەمی منت نەشکاندووە و بە چاوی کەم لێیت نەڕوانیوە، بەڵام ئەو دیاردەیە هەیە و هەستی پێ دەکرێت.

ئەردەڵان گیان، تۆ دەڵێیت: (پەخشان یەکێکە لەتەکنیکە گرنگەکانی رۆمان، لێ نابێت هیچ کاتێک ئەم تەکنیکە هێندە بەزۆری بەکاربهێنرێت، کە هیچ جێگایەک بۆ تەکنیکەکانی تر نەهێڵێتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجم بوو، لەم رۆمانەدا پەخشان زۆر زاڵە، ئەمەش وایکردووە کە مافی رەگەزەکانی تر (دیالۆگ، مۆنۆلۆگ،کتوپڕ) بخوات.).

ڕێی منیش بدە بڵێم (پەخشان) نەک یەکێک نییە لە تەکنیکەکانی ڕۆمان، بەڵکو هەر تەکنیک نییە. ڕۆمان خۆی ژانرێکی پەخشانە. واتە ڕۆمان لەناو پەخشاندا چاوی هەڵهێناوە و فۆرمی وەرگرتووە. (باختین) لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا، کە لێرە ئاماژەمان بە هەندێکیان داوە، ڕۆمان وەک درێژکراوەی پەخشان دەناسێنێت. لە ئەدەبی عەرەبییشدا (عەبدولفەتاح کلیتۆ)، (سەعید یەقتین)، (عەبدوللا ئیبراهیم) و زۆری تر هەر بەم شێوەیە لێیان کۆڵیوەتەوە. بێگومان پەخشان بەسەر ڕۆماندا زاڵ دەبێت، مادام ڕۆمان هەر خۆی پەخشانە. ئایا دەتوانین بڵێین شیعر بەسەر شیعری فلان شاعیردا زاڵە، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە تێکستەکە بدەین؟ ئەگەر پەیکەرێک لە گەچ دروست



www.iqra.ahlamontada.com

بکەین، چ ئێلەمێنتێکی بە سەردا زاڵ دەبێت؟ گەچ. وایە؟ بۆچی؟ چونکە لە گەچ دروست کراوە. ئایا ناکرێت بەم میتۆدەی تۆ سەرجەم ڕۆمانی دنیا بخوێنینەوە؟ بڕوانە: مەنەلۆجەکانی (جۆیس) لاوازن، دایەلۆگەکانی (فۆکنەر) بێزارکەرن، کۆنێکشنەکانی (لۆرانس) نالۆجیکین و ئاند سۆ ئۆن!! ئەردەلان گیان، سەرجەم ڕۆمانەکە بە مەنەلۆج و دیالۆگ نووسراوە. شوێنێک نییە کارەکتەری تێدا ون ببێت و نووسەر خۆی دەربکەوێت، بەڵکو حیکایەتخوانی نادیار ( Absent Narrator) هەیە و گێڕانەوەکە هەڵدەسووڕێنێت. هەموویان ئازادیی تەواویان هەیە. کەواتە چۆن مافی ئەو ڕەگەزانە خوراوە؟ بە هەرحاڵ من ئەم خاڵە لێرەدا جێ دەهێڵم و داوات لێ دەکەم مەبەستی خۆتم پێ بڵێیت، ئەوسا بەڵێنت پێ دەدەم دیالۆگەکەت لەگەڵ تەواو دەکەم.

ئەردەلان گیان، بەڵێنم پێ دابوویت بۆ ئەم پەرەگرافەت بگەڕێمەوە: (نووسەر هەتاوەکو کوشتنی (ئارۆن) زۆر بەباشی دێتە ژوورەوە، بەلام لەپاش کوشتنی (ئارۆن)ەوە، دەزووی کۆلارەی ڕۆمانەکەی لەدەستدەردەچێت، بەشێوەیەکی عەجیب چیرۆکەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، زۆرجار نازانیت باس لەکێ دەکات. لەبەشی سێیەمیشدا، سەرەتا بەچیرۆکی (پەریهان) دەستپێدەکات، زۆرباش دێتە ژوورەوە، دوایی چیرۆکەکان درێژدەبنەوە بۆ (پەلکشان و نەخشە شان،،،هتد) کەبەڕاستی نازانیت سەری بابەتەکە لەکوێندەرە.). ئەوەتا بۆی گەڕاومەتەوە. سەرەتا دەڵێم من ئەگەر لە بەشێکی زۆری ڕۆمانێک تێنەگەم و لە بنەڕەتیشەوە دوو کارەکتەری سەرەکی و جیاوازم لێ تێکەڵ بووبێت، ئەوا یەک وشەی لەبارەیەوە نانووسم. یان دەینووسم، بەلام لە شێوەی پرسیار. دەپرسم ئەوە ئەو ڕۆماننووسە بۆچی ئاوای کردووە؟ مەبەستی لە فلان ڕووداو چییە؟ ئەو دیمەنانەی بۆچی پاشوپێش کردووە و شتی لەم بابەتە، نەوەک بە ناوی هەموو خوێنەرانەوە بڵێم ڕۆمانێکی زۆر باشە، بەلام لەم خاڵەیەوە بۆ ئەو خاڵەی بە کەڵک نایەت. وەک گوترا تۆ وا مامەڵەت لەگەڵ تێکستەکەدا کردووە، کە شتێکی فیزیکییە. من ئەگەر لە دیوارێک بڕوانم، کە



www.iqra.ahlamontada.com

بوونێکی فیزیکیی هەیە، دەتوانم بڵێم ئێرەی خوارە و ئێرەی سکی داوە، بەڵام لە تێکستی ئەدەبیدا، بە تایبەتی لەم تێکستەدا، کە وەک خۆت دەڵێیت زەمەنی تێک شکاندووە، ئەوا مەحاڵە شوێنێک دەستنیشان بکرێت و بگوترێت لێرە ئاوایە و لەوێ ئاوا نییە. من ئەگەر ئێستا دێم جەمسەری چیرۆکەکانی بەشی دووەمت بۆ دەدۆزمەوە، ئەوە تەنیا بۆ ئەوەیە پیشانت بدەم ئەوانە پێوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵام خوێنەری وردبینی گەرەکە لێیان تێبگات. هاوکات دەمەوێت پڕوپاگەندەی ئەو ڕەخنەگرە میللییانە بەتاڵ بکەمەوە، کە ئەوە لانی کەم پانزدە ساڵە لە دەرەوەی نووسین و بە چەند وشەیەکی سادە بڕیار لەسەر بەرهەمی من دەدەن، ئەگینا باوەڕم بە ڕوونکردنەوەی تێکستی ئەدەبی نییە.

دەڵێیت لە دوای کوشتنی (ئارۆن)ەوە چیرۆکەکان تێکەڵ دەبن. ئەمە زۆر ڕاستە، چونکە کوژرانی (ئارۆن) دنیایەک مانای هەیە، بە تایبەتی بۆ (وریا). با بزانین (وریا) کێیە. کوڕی (پەریهان) و (سامی عومەر پیروەیس)ی کۆمیساری پۆلیسە. تەمەنی تەنیا چەند مانگێکە، کە باوکی بە دەستی (موفید) دەکوژرێت. بەڵام (موفید) کێیە؟ ئەو کوڕەیە کاتی خۆی (پەریهان) خۆشی ویستووە، بەڵام دوایی وازی لێ هێناوە و لەگەڵ (سامی) ژیانی هاوسەرگیریی پێکەوە ناوە. (وریا)ی کوڕی دەڵێت: {زۆر درەنگ (ئەمیر)ی دراوسێمان بۆی گێڕامەوە، کە دایکی بە حوکمی ئەوەی لە منداڵییەوە دایە دەناسێت، ئاگای لێیە چۆن سەرەتا (موفید)ی خۆش ویستووە، تا ئەو کاتەی (سامی)ی باوکم، کە ئەوسا کوڕێکی گەنجی قۆز بووە و لەگەڵ دایکی ماڵیان بۆ گەڕەکی ئەوان گواستووەتەوە... لەمەوە وازی لە (موفید) هێناوە و چاوی بڕیوەتە ئەو... ئەوەی وای کردووە (پەریهانی ڕەئیس فەرحان)، کچە جوان و بزێوەکەی گەڕەک، (سامی) بخاتە سەرووی (موفید)ەوە، پیشەکەی بووە، چونکە لە زووەوە خەون و زیندەخەونی بە پیاوێکەوە دیوە لە زۆر ڕووەوە لە باوکی بچێت، بە تایبەتی ئیشەکەی... سەیرەکە، یان با بڵێین داخەکە لەوەدایە ئەو دوو کوڕە



www.iqra.ahlamontada.com

هاوڕێی نزیکی یەکتر دەبن، بۆیە (سامی) دایکی ڕازی دەکات بۆ ئەو گەڕەکە بگوێزنەوە... دوای ئەوەیش پێوەندییەکەیان دەمێنێت، بەڵام شەوێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تر لەماڵێک دادەنیشن و دەخۆنەوە... کاتێ سەرخۆش دەبن، (موفید) گۆرانی بەسەر (پەریهان)دا هەڵدەڵێت و لەمەوە دەبێتە شەڕیان، ئەنجام ئەمیان ئەویان دەکوژێت...)

تەمەنی (وریا) چەند مانگێکە، کە (سامی)ی باوکی کوژراوە. (سوهاد)یش باوکی لە سلێمانی دەکوژرێت و باپیری (خەلۆ چاوسوور) بە زۆر لە دایکی دەستێنێت. دەیهێنێتەوە هەولێر و دەیداتە (پەریهان)، بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕە ساواکەی خۆی بە خێوی بکات. بەڵام {هەر کە تەمەنی دەبێتە حەوت ساڵ، دەیهێنێتەوە و لەگەڵ خۆی بۆ ئێشی دەبات، هەرچەند نە (سوهاد) بێ ئەوان و نە ئەوان بێ ئەم هەڵدەکەن... (پەریهان) پێی دەڵێت ئامادەیە دەست لەو بڕە پارەیەش هەڵبگرێت، کە مانگانە دەیداتێ، بەڵام ئەو لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور دەبێت... بە پیاوێکی ناسیاوی گوتووە کوڕەزاکەی گەورە بووە و ناتوانێت لەوە زیاتر لای ئەو بێوەژنە دڵتەڕ و جوانکیلەیەی جێ بهێڵێت... هیچ بە دووری نازانێت چاوی تێ ببڕێت و لە خشتەی ببات}.

ئێمە ئێستا واز لە چیرۆکی (سوهاد) دەهێنین، بەڵام هەر هێندە دەڵێین پێوەندیی (وریا) و (سوهاد) لێرەوە دەست پێ دەکات، کە خۆیان بە برا دەزانن. زۆری پێ ناچێت (پەریهان)یش دەمرێت، لە کاتێکدا (وریا) لە قۆناغی سەرەتاییە. مامۆستاکەی ماڵێکی جوو دەناسێت، کە تازە کوڕە هەرزەکارەکەیان کوژراوە و دەیانەوێت (وریا) بکەنە کوڕی خۆیان. با (وریا) خۆی بۆمان بگێڕێتەوە: {ئەوان (دانیال)ی تاقە کوڕیان، کە تازە گەیشتبووە قۆناغی هەرزەکاری، لە دەست دابوو، چونکە لە ڕێگای قوتابخانە لەگەڵ چەند هاوپۆلێکی خۆی تووشی شەڕ بووبوو... دووانیان لە دواوە گرتبوویان و یەکێکیان نووکی چەقۆیەکی تیژی لە نەرمەی سکی بردبووە خوارێ... دەستبەجێ



www.iqra.ahlamontada.com

گیانی دەرچووبوو... (مارینا) و (ئارۆن) دوای نەمانی (دانیال) هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحیی گەورە دەکەن، بۆیە کاتێ (مامۆستا عەلی فەیزی) بە ڕێککەوت باسی منیان بۆ دەکات، کە کەسم نەماوە، پێی دەڵێن ئامادەن بمکەنە کوڕی خۆیان...}.

ئەوان ماڵێکی گۆشەگیرن و بە شێوەیەکی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی دەژین: {هەر لە سەرەتاوە دەبووایە لەوە تێبگەم ژیان لەو ماڵە بە شێوەیەک لە شێوەکان مانای دابڕانە لە ئاوەدانی، بەوەی پێوەندیمان لەگەڵ خەڵک زۆر کەم بوو، یان دەکرا بڵێم هەر نەمانبوو، تەنانەت (مامۆستا عەلی فەیزی)، کە منی پێ ناساندبوون و ئەوان بە جێگای متمانەی خۆیانیان دەزانی، تەنیا لە بۆنەکاندا دەیانبینی... هەروەها شوێنەکەیشمان لەو گەڕەکە لاچەپە، کە هەندێک لە بەیانیانی وەرزی پاییز و زستان تەمومژ دایدەپۆشی، هێندەی دیکە لە خەڵکی دابڕیبووین}.

(مارینا) و (ئارۆن) دوو کەسی ڕۆشنبیرن و ماڵەکەیان پڕە لە کتێب. وەک (وریا) خۆی دەڵێت: {لە ماڵی (مارینا) و (ئارۆن)دا ژیانم سەرتاپێی گۆڕا و ئاراستەیەکی تەواو جیاوازی گرتە بەر... ئەو ژنوپیاوە خۆیان بە دایکوباوکم دەزانی و بە شێوازێکی زۆر مۆدێرنانە بە خێویان دەکردم... ئەوان ئەگەرچی جوو بوون، بەڵام هیچ بە ئایینەکەیانەوە پابەند نەبوون، بگرە هەر بە گشتی باوەڕیان بە ئایین نەبوو، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەوە بڵێن... خۆیان بە کۆمۆنیستیش نەدەزانی... زۆر کەس وا دەزانن بە هۆی ئەوانەوە بوومە کۆمۆنیست و تاکو سەرەتای حەفتاکانیش لەسەر ئەو ڕێبازە ڕۆیشتم، بەڵام ئەوە لە ڕاستییەوە دوورە}.

(وریا) کچێکی هاوتەمەنی خۆی دەناسێت، کە ناوی (گوڵدان)ە و ناسیاوی ماڵی (مارینا) و (ئارۆن)ە: {هاوتەمەنی خۆم بوو... پێشتر هەرگیز کچی وا زۆرزان و چاونەترسم نەدیبوو، بگرە ئەوە یەکەمجارم بوو ئاوا لە نزیکەوە کچێک بناسم... (فەوزی داود)ی باوکی نیگارکێشێکی ناسراو بوو و دەمزانی لەپاڵ ئەوەیشدا



www.iqra.ahlamontada.com

کارمەندی ئیشغاڵە، بەڵام (هەرناز خان)ی دایکی وەک هەر ژنێکی دیکەی ئاسایی دەهاتە بەرچاو... لەوە نەدەچوو هیچ بەهرەیەکی هونەریی هەبێت، یاخود حەز لە کاری هونەری بکات، چونکە بەشداریی لەو گفتوگۆیانەدا نەدەکرد، کە لەبارەی نیگارکێشانەوە دەهاتنە گۆڕێ}.

پێوەندییەکەیان وردە وردە گەشە دەکات: {هەر کاتێ دەهاتن، دەستی دەگرتم و بە پایەکانی قادرمەدا سەری دەخستم... دەیبردمە ژوورەکەی خۆم و لەوێ لەسەر تەختی نووستنەکەم دادەنیشتین... سەرەتا شەرمم چ لە خۆی و چ لە دایکوباوکی دەکرد، بەوەی تەمەنم گەیشتبووە دوانزدە و خۆمم بە کوڕێکی گەورە دەزانی، بەڵام کاتێ بۆم دەرکەوت ئەوان بە خەیاڵیاندا نایەت، ئینجا لای منیش بووە شتێکی ئاسایی... هەندێجار دەستی دەگرتم و بۆ لای ئەو بەستەی دەبردم، کە ئاوی بارانی پێدا دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی لەوێ ئەو بەردە ورد و ڕەنگاوڕەنگانە کۆ بکەینەوە، کە کەس نەیدەزانی ئاو لە چ مەملەکەتێکەوە هێناونی و بۆ ئەو قەراغەی هەڵداون... دەتگوت چاوی باڵندەن و لە بەر تیشکی هەتاودا دەبریسکانەوە... دەبێت ئەوە بڵێم، کاتێ پێکەوە بووینایە، ئەو هەمیشە مەچەکمی دەخستە ناو ئەو بازنەیەی، کە بە پەنجەی دۆشاومژە و پەنجە گەورەی پێکی دەهێنا و توند توند دەیگوشی، یان هەر پێنجی چەپەیانی لەوانەی ڕاستەی مندا هەڵدەکێشا و لە کاتی ڕۆیشتندا حەزی دەکرد تا لە تواناماندایە قۆڵمان بەرز بکەینەوە... ئینجا چونکە جووتێ پێڵاوی پاژنەبەرزی لە پێ دەکرد، کە هەر بە ناوە ئینگلیزییەکەی های هیلس (high heels) دەناسرا و لە دەرەوە بۆی هاتبوو، بۆیە باڵای بە قەدەر باڵای منی لێ دەهات و تەقەتەقی هەنگاوەکانی سەرنجی ڕێبوارانی ڕادەکێشا... یەک جاریشم لە بیر نییە ئاوای نەکردبێت، واتە بە دەم ڕۆیشتنەوە دەستی خۆی و منی بۆ سەرەوە هەڵنەبڕیبێت، تەنانەت لەو کاتانەی شەڕیشمان دەبوو، کە ئەوە هەندێجار دوور لە خواستی خۆمان ڕووی دەدا، بەڵام خێرا ئاشت دەبووینەوە...}. ئەردەلان گیان، وەک



www.iqra.ahlamontada.com

گوترا ئەوە (وریا)یە ڕقی لە ڕابردووە، نەوەک (سوهاد). ئەوەتا دەڵێت: {ڕاستیت دەوێت لەوە تێنەدەگەیشتم ئاخۆ ئەو توانایەی خۆمم لە دەست داوە، کە لە ڕێگایەوە بۆ دواوە بگەڕێمەوە، یان لە هەر بنەڕەتەوە نەمبووە... ئەوەندەم لا ڕوون بوو حەزم نەدەکرد هیچ شتێک بۆ ئەو ڕابردووەم بگەڕێنێتەوە، تەنانەت هەر جارێ دەمبینی (گوڵدان) بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دایکی دەچێت، ڕقم هەڵدەستا، بە تایبەتی کاتێ قژە درێژ و چرەکەی لە دواوە بە قردێلە دەبەست و دەموچاوی زیاتر دەردەکەوت... بۆیە دەتوانم بڵێم هەر ئەو ساتانە ئەوم خۆش دەویست، کە لە سیمایدا داهاتووم دەبینی، ئەگەرچی نەمدەزانی ڕێک و ڕەوان بڵێم مەبەستم لەوە چییە و چۆن دەکرێت داهاتوو لەسەر ڕووی کەسێکدا ببینم... دەمویست لای (مارینا) و (ئارۆن) یەکەم شت وازی لێ بهێنم، خواردنەوەی شیر بێت، بۆ ئەوەی ڕۆژگاری مندالیم بیر نەکەوێتەوە، بەلام ئەوان هەرگیز وەک ئێمە نەیاندەخواردەوە، بەڵکو لەناو ئەو بوتڵە دیمەنێکی تەواو جیاوازی پێشان دەدا، بە ڕادەیەک دوور و نزیک سیمای مندالانەم تێدا نەدەبینی، بۆیە زوو لە بڕیارەکەم پاشگەز بوومەوە... هەر بە گشتی هیچ شتێکی ئەو ماڵە لەوەی پێشووی خۆمان نەدەچوو}.

هەر لەبەر ئەو هۆکارەیشە (گوڵدان)ی لە بەرچاو دەکەوێت: {(گوڵدان) هەمیشە نارەزایی دەردەبڕی، بەوەی زوو زوو پلانی ژیانی داهاتوومانم دەگۆڕی، بگرە سەرتاپێیانم هەڵدەوەشاندەوە... بۆ نموونە جارێکیان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین لە دواڕۆژ خانوویەکی دوونهۆمی لەسەر پارچە زەوییەکەی تەنیشت ماڵیان هەڵبچنین و دەوروبەری بکەینە باخچە، کە ئەو لەوە دڵنیا بوو کاتێ شوو دەکات، دایکوباوکی بە دیاری دەیدەنێ، بەلام دوای حەفتەیەک هەستم کرد ئەو نەخشەیە کۆن بووە... ڕێکخستنی ناوماڵەکەیش بەو شێوەیە، دڵی دەگوشیم... نەخێر، هەر بە جارێ پاشگەز بوومەوە، لەوەی خانووەکەمان لەو شوێنە دروست بکەین... (گوڵدان) لە سەری خۆی دەدا و دەیگوت:



www.iqra.ahlamontada.com

_ ئادەی، وەرە تێمبگەیەنە، شتێک هێشتا دروست نەکراوە و هەر لەناو خەیاڵماندایە، چۆن ئاوا زوو کۆن بوو...؟!
دەمگوت:
_ کۆن بوو، گوڵدان... ئاوام ناوێت.
_ کەواتە دەتەوێت هەر بە قسەی خۆت بکەیت... ئەی نابێت گوێ لە منیش بگریت...؟! ئەرێ تۆ هاوسەرم نییت...؟!
_ با، هاوسەرتم، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت، کە لەم خانووە دڵم دەتەقێت.}.
پێوەندیی (گوڵدان) و (وریا) تێک دەچێت: {ئەو دۆخە تاکو ڕۆژی (کوژران!!)ی (ئارۆن) بەردەوام بوو... بەو هۆیەوە لەگەڵ دایکوباوکی هات و بە ناچاری وەڵامی هەندێک پرسیاریم دایەوە، کە پێوەندییان بە ڕووداوەکەوە هەبوو و دواییش......، ...... ئا، دەیویست بزانێت کێ کوشتوویەتی، بەڵام من هەر دەمگوت نازانم... لەوە دەچوو گومانی لێ کردبێتم، یان یەکێ پێی گوتبێت دوور نییە دەستی منی تێدا بێت، کە ئەوسا کوڕێکی هەرزەکار بووم و لە کلاسی دەیەم دەمخوێند}.
ئەوەتا ئێمە گەیشتینە ڕۆژی کوژرانی (ئارۆن) و با بزانین ڕاستە کەس سەر لە چیرۆکەکانی دواتر دەرناکات! من خۆم وەک خوێنەرێک لێی تێدەگەم و تەحەدای هەر یەکێک لەو ڕەخنەگرە دیمۆتیکانە دەکەم، کە لە دەرەوەی نووسین بە چەند وشەیەکی ساکار بەرهەمی من دەسڕنەوە. بێگومان ئەردەڵان گیان، تۆ وات نەکردووە. بانگهێشتیان دەکەم بێن وەک تۆ ئەو وشانەی خۆیان بنووسنەوە، بەو مەبەستەی هەر بەم شێوازە دایەلۆگیان لەگەڵ بکەم. دەبێت ئەوەیش بڵێم، کە ئەو کورتکردنەوەیەم تەنیا بۆ ئەوەیە پیشانت بدەم چیرۆکەکان پێوەندییان پێکەوە هەیە، ئەگینا تێکستەکە زۆر شتی دیکەی تێدایە. وەک (دلێر ئیبراهیم سەلیم)ی ڕۆشنبیر دەڵێت پڕە لە دایەلۆگی فەلسەفی، کە ئەو هاوڕێیەم لەبارەی هەموویانەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردووم. بە هەرحاڵ ئێستا (ئارۆن) کوژراوە. کێ کوشتوویەتی؟ ئەمە پرسیارە جەوهەرییەکەیە. پێش ئەوەی خۆم هیچ بڵێم سەرنجی (خوێنەر) بۆ



www.iqra.ahlamontada.com

ئەو گوتارەی (سۆران ئازاد) ڕادەکێشم، کە لەژێر ناونیشانی (کازینۆی مندالان، کازینۆی دەنگە جیاوازەکان)دا نووسیویەتی و بە وردی ئەم خاڵەی شی کردووەتەوە.(٤٢) (وریا) دەڵێت چوار پیاوی دیوە. باشە، (وریا)، ئەوانە کێ بوون؟: {ڕاستییەکەیشی نەمدەزانی ئەو پیاوانە کێ بوون، چونکە تەنیا تارماییانم دی، کاتێ لە دەرگای حەوشە چوونە دەرێ و بە ئەسپایی کۆلانەکەیان بڕی... لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە حەیران و سەراسیمە لێیان ڕادەمام، بەڵام چونکە نەمدەزانی (ئارۆن)یان کوشتووە، بۆیە بایەخێکی زۆر تایبەتم پێ نەدەدان... ئەوەندە هەبوو، دەمزانی شتێک لە ماڵەکەمان ڕووی داوە...}. (گوڵدان) گومانی لە (وریا)یە، بگرە (وریا) خۆیشی گومانی لە خۆیەتی، بێ ئەوەی هیچی لەو بارەیەوە بیر بکەوێتەوە. لە کاتی ڕووداوەکەدا (مارینا)، کە یاریدەدەری پزیشکە لە نەخۆشخانەیە و تەنیا (ئارۆن) و (وریا) لە ماڵن. {کاتێ بە پایەکانی قادرمەدا هاتمە خوارێ، بینیم وا لە بەردەرگای ژووری نووستن، نزیک ئەو شوێنەی یەکەم پایەی قادرمە دەستی پێ دەکرد، کەوتووە و خوێنی لە بەر دەڕوات... چەند جارێ ڕامتەکاند و بانگیم کرد، بەڵام تەرمێکی سارد بوو و نووزەی لێوە نەدەهات... هەر دەتگوت خەون دەبینم... ئاخر یەکێ لەو خەونانەی دەمبینی و پێی تێک دەچووم، ئەوە بوو، کە زوو زوو ئەوم دەکوشت و لەگەڵ هاواری خۆم بێدار دەبوومەوە... مەبەستم (ئارۆن)ە... بەڵێ، ئەوە لە خەونەکانمدا ڕووی دەدا، (سوهە)ی برام... ئەوسا بە شێوەیەکی سەیر بەزەییم پێیدا دەهاتەوە، وەک بڵێی بە ڕاستی کوشتبێتم... دەمویست بچم بەو شەوە خۆم بخەمە سەر سنگی و تێر تێر بیگوشم، بەڵام لە ڕووم نەدەهات، بەوەی لە لایەک خۆی و ژنەکەی بە ڕووتی لە باوەشی یەکتر دەخەوتن و لە لایەکی تریش نەمدەزانی بڵێم چی پاڵی پێوە ناوم ئاوا بوی دەگریم... خۆ نەدەکرا خەونەکەی بۆ بگێڕمەوە، ئەگەرچی چەند جارێ هاتە سەرم بۆ (مارینا)ی باس بکەم، بەڵام دەترسام بە هەڵە لێکی بداتەوە}.



www.iqra.ahlamontada.com

ئەو حاڵەتە وا لە (وریا) دەکات جارێکی تر بە هەموو ئەو ڕابردووەیدا بچێتەوە، کە لەگەڵ (ئارۆن) بووە، یان بیری لێ کردووەتەوە، بۆیە لێرەوە ڕەوتی گێڕانەوەکە زۆر چڕ دەبێتەوە و ناهەقی تۆ و هیچ خوێنەرێکی دیکەیش ناگرم ئەگەر لێتان تێک بچێت، بەڵام ئەمە ستایلی منە و ناتوانم، یاخود هەر نامەوێت بە ئاسانی ڕووداوەکان بگێڕمەوە. ئەو تەکنیکە لە بواری ناراتۆلۆجیدا بە (Retrospective) ناسراوە، کە مانای گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو. نووسەر بە مەبەستی پیشاندانی کاریگەریی ڕووداوەکانی پێشوو لەسەر سایکۆلۆجیا و ئایدیاکانی ئێستای کارەکتەردا، پەنای بۆ دەبات. ئەو تەکنیکە هەمیشە بە شێوەی جیاواز جیاواز لە بەرهەمەکانی مندا هەستی پێ دەکرێت. بە ئاگاییەوە کراوە و وزەی زۆری تێدا بە کار هاتووە. واتە ئێمە بەبێ ئەو گەڕانەوەیە ناتوانین دۆخی ئێستای کارەکتەر لێک بدەینەوە، بەڵکو لەو ڕێیەوە نووسەر دەمانخاتە بەردەمی پرۆسێسی پێوەستکردن و بەراوردکارییەوە: چی لە چی دەچێت، چی لە چی جیاوازە و چی پێوەندیی بە چییەوە هەیە؟ بۆ نموونە (فوکنەر) بەو تەکنیکە ناسراوە، لەبەر ئەوەیە لای ئەو دیمەنەکانی ڕابردوو زوو زوو دەردەکەونەوە، کە ڕەخنەگری دیمۆتیکی ئێمە لێی بێئاگایە و بە درێژدادڕی لە قەڵەم دەدات، بێ ئەوەی لە هەموو تەمەنیدا تاقە دێڕێکی دروستی لەبارەی زمانەوە نووسیبێت، بگرە ئەوەی نەبووبێتە جێگای بایەخی، بواری زمانە، بەڵام ڕەخنەگری هۆشیار دەزانێت ئەو تەکنیکە زۆر سەختە، تەنانەت لە ئەدەبی جیهانییشدا هەر چەند ڕۆماننووسێک دەرەقەتی دێن. سەرنج بدە و بزانە هەتا گێڕانەوەکە هەنگاوێک دەچێتە پێش، ئەوا چوار هەنگاو بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، چونکە هۆکاری کوشتنەکە لە ڕابردووە: {بەڵام جارێکیان (ئارۆن)یش لە ڕێگای بازاڕ هەر لەو بارەیەوە بۆچوونی خۆی دەربڕی، کە دەکرێت مەبەستەکەی بەم شێوەیە کورت بکەمەوە: ((مرۆڤ بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە، بەڵێ، لە هەموو شتێک، چونکە بیرکردنەوە لە دەرەوەی ویستی خۆیەتی، بۆیە هیچ خەیاڵێک هەڵە نییە، بەڵکو هەڵە لەو کاتەوە دەست



www.iqra.ahlamontada.com

پێ دەکات، کە نایەوێت هەندێک لەو خەیاڵانە لای خۆی گڵ بداتەوە و لەوێ لەگەڵیان بژیێ... ڕاستیت دەوێت هەندێک خەیاڵ زۆر قووڵن، چەند بڵێی قورسن، بە ڕادەیەک مرۆڤ ناتوانێت وەک ئەوەی هەن، بۆ دەرەوەیان بگوازێتەوە، بەڵکو بە نیوەچڵی دەیانهێنێت و ماناکانیان دەشێوێنێت، بۆیە ئەو خەیاڵانە لە ڕێگا دەمردن... تا ئەو کاتەی ئەو خەیالانە لە ناوەوەن، ئەوا دەتوانن زیندوو بن و وزەی گەورە ببەخشن))... بە پێی ئەو گوتەیە بیرم لە کوشتنی دەکردەوە، بۆیە خەونم پێوە دەدی، ئەگەرچی هەرگیز نەمدەزانی، ئاخۆ ئەوە لە من ڕووی داوە...!! ئەوەتا خەونەکەم بە شێوەیەک لە شێوەکان بووە ڕاستی، بەڵام خۆ من نەمکوشت...!!}.

مەرگ واتە گۆڕانی مرۆڤ لە سەبجێکتەوە بۆ ئۆبجەیکت. گرفتەکە لەوەدایە مرۆڤ دەبێتە بابەت. ئەوەتا (ئارۆن) دوای مردنی زیاتر دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوە. ئەمە ئەو شتە بوو لە ژیانیدا لێی دەترسا و نەیدەویست پێوەندیی بە خەڵکەوە هەبێت. با بزانین (مارینا) هەڵوێستی چییە: {کاتێ زۆر درەنگ هاتەوە و دیمەنی ئێمەی ئاوا بینی، هەردوو دەستی بە دەمیەوە گرت، بێ ئەوەی بقیژێنێت، یان بگریێت... وەک بڵێی چاوەڕێی ڕووداوێکی وای کردبێت و بکوژەکانیشی ناسیبێت، بۆیە لەو بارەیەوە یەک دەنک لێی نەدەپرسیم، بەڵام هەتا دەهات زیاتر شپرزە دەبوو و پتر ترس لە سیمای دەنیشت... گیانی دەلەرزی و بەردەوام پاڵی بە دیوار دەدا، نەبادا خۆی بە پێوە بۆ ڕاگیر نەکرێت و بکەوێت}. (گوڵدان) و دایکوباوکیشی دێن و ئەوانیش هەر یەکەی دەیەوێت لەو ڕووداوە تێبگات: {(مارینا) لەگەڵ ئەوەدا نەبوو دامودەستگای پۆلیس ئاگادار بکاتەوە، بەڵکو دەیویست وەک مردنێکی ئاسایی تێیبپەڕێنێت، کە خۆت دەزانیت لەو سەردەمە کاری ئاوا دەکرا، بەڵام (هەرناز خان) بەردەوام پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، بۆیە بەو حاڵەوە چووە مەخفەری گەڕەک و دوای ماوەیەکی کورت ئەفسەرێک و چوار پۆلیسی لەگەڵ خۆی هێنا}... لە شوێنێکی دیکەیشدا گوتراوە: {(هەرناز خان) و (فەوزی داود)یش



www.iqra.ahlamontada.com

جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بە چەقۆیەکی دەمپانی تیژ کوژراوە...}.
لێرەدا پۆلیسیش دێتە ناوەوە، بۆ ئەوەی ئەویش بە شێوازی خۆی لەو بابەتە بکۆڵێتەوە: {پۆلیسەکانماڵەکەیان کون بە کون پشکنی، بە تایبەتی ژووری من، تەنانەت گیرفانی جلەکانیش گەڕان، چ ئەوانەی بە عەلاگەوە هەڵواسرابوون و چ ئەوانەی لەناو لۆکەرەکە هەڵگیرابوون... تەرمەکەیان گەیاندە نەخۆشخانە، بەو مەبەستەی وردتر لە ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و لەو بارەیەوە هەندێک زانیارییان دەست بکەوێت... درەنگی شەو بۆیان هێنایەوە، کە دەبووایە تا بەیانی بە دیارییەوە ئێشک بگرین... ئەوسا جورئەتم خستە بەر خۆم و لێیم ڕوانی... تەنیا یەک برینی گەورەم لە ئاستی دڵیدا بینی... لە ڕاپۆرتی پزیشکیشدا هەر ئاوا نووسرابوو}. ئیستا باز بەسەر گفتوگۆی نێوان (مارینا) و پۆلیس و زۆر شتی دیکەیشدا هەڵدەدەم و دەگەمە ئەو شوێنەی، کە (مارینا) دەیەوێت لای پۆلیسەکان بە هەموو شێوەیەک تۆمەتەکە لەسەر (وریا) لا ببات: {لەوە تێنەدەگەیشتم بۆچی دەیویست هەموو گومانێکم لەسەر لا ببات، لە کاتێکدا چاوەڕێم دەکرد بە پلەی یەکەم من تۆمەتبار بکات... زوو زوو هەڵی دەدایە و دەیگوت وەک کوڕی ئەوان وام، بگرە هەر کوڕیانم و هەرگیز هیچ خراپەیەکیان لێ نەدیوم.}.
سەیرەکە ئەوەیە (وریا) دەڵێت: {نازانم بۆچی دەمویست بڵێم: ((با، لانی کەم خراپەیەکم هەبووە، کە زۆر جار واپین و بیرەم لێ دزیون و لە ژوورەکەم خواردوومنەتەوە))، بەلام نازانم چی پەشیمانی دەکردمەوە... ڕەنگە وام لێک دابێتەوە مرۆڤ بۆی هەیە ئەو شتانە بدزێت، کە مەستی دەکەن و لە دنیای دادەبڕن... ڕاستییەکەی هەمووی ساڵێکیش بوو فێری ئەو بەزمە بووبووم...}.
سەرنج بدە ئەردەلان گیان، هەر لەم شوێنە چەند چیرۆکی جیاواز و چەند گەڕانەوە هەن. ئەوەتا (وریا) دەڵێت: {خۆ ئەگەر لە بیرت بێت دایە زوو زوو پێی دەگوتین کاتێ گەورە دەبین، هەرگیز بە لای



www.iqra.ahlamontada.com

خواردنەوەدا نەچین، چونکە بابە بە سەرخۆشی و بە دەستی هاوڕێی نزیکی خۆی کوژرابوو، بەڵام گوێم بەو شتانە نەدەدا و دەمویست تاقیی بکەمەوە... وام دەزانی تەنیا تامی دەکەم و ئیتر ئاوڕی لێ نادەمەوە، کەچی وا دەرنەچوو... نایشارمەوە هەر لە یەکەم پێکەوە شەیدای بووم و هەستم کرد لەو تەنیاییە هاوڕێی خۆشەویستی خۆمم دۆزیوەتەوە}.

سەرنج لەم دایەلۆگەیش بدە، کە ئاماژەیە بۆ رابردوو و شتێکیشمان لەبارەی کوشتنەکەوە پێ دەڵێت: {(ئارۆن) پێی دەگوتم:

_ هەر کاتێ دەبینم ئاوا لێی ڕادەمێنیت، دەزانم حەزت لێیەتی، بەڵام خۆت بگرە، تا هەندێکی تر گەورە دەبیت... ئەوسا لەگەڵ ئێمە دادەنیشیت و دەخۆیتەوە.

ئینجا قاقایەکی لێ دەدا و دەیپرسی:

_ بە دڵتە...؟!

من هیچم نەدەگوت، تەنیا بە بزەیەک وەلامیم دەدایەوە، تاکو لەو ڕێگایەوە پێشانی بدەم ڕاستی بۆ چووە... ئینجا ئەو دەیگوت:

_ دەزانم... چاک دەزانم بە دڵتە.

کەمێک بێدەنگ دەبوو... دوایی سەری هەڵدەبڕی... وردتر لە سیمامی دەڕوانی و بە دەم قاقای پێکەنینەوە ئەمەیشی دەخستە سەر:

_ لەو چاوانەت زۆر شت دەخوێنمەوە.

نەدەکرا پێی بڵێم ئەگەر دەمزانی ئەو تاموچێژەم پێ دەبەخشێت، زووتر، هەر لەگەڵ شیری دایکم دەستم دەدایە و پانزدە ساڵ چاوەڕێم نەدەکرد.}.

وەک (وریا) پێمان دەڵێت کوژرانی (ئارۆن) {ڕێککەوتی پێنجشەممەی کردبوو، کە ئەگەر وا نەبووایە، بۆ ئێوارەکەی مێز دەڕازێنرایەوە، بۆیە نەمدەتوانی شەوێکی درێژ بێ خواردنەوە بەسەر ببەم... ئەگەرچی دەمزانی سەختە و دوور نییە تووشی بەڵایەکم بکات، بەڵام نەدەکرا بەسەر ئەو ئارەزووە سەرکێشەمدا زاڵ ببم... ئەوان لە گەرمەی گفتوگۆدا بوون... (مارینا) دەیگوت پۆلیس دەفتەرێکیان لەنێوان



www.iqra.ahlamontada.com

سپرینگەکانی تەختی نووستنەکەدا دۆزیوەتەوە، کە (ئارۆن) بەسەرهاتی ڕۆژانەی خۆی تێدا نووسیوەتەوە... بە شێوەیەک لەو شوێنەی شاردووەتەوە، کە هیچ کەسێک دەستی پێی نەگات... وەک (مارینا) خۆی دەیگوت ئەم هەرگیز نەیزانیوە مێردەکەی ئەو دەفتەرەی هەبوووبێت، چجای زانیبێتی چیی تێدا تۆمار کردووە...!! لەو بڕوایەدا بوو ئەوە یارمەتیی پۆلیس دەدات، تاکو زۆر زانیاریی ورد بە دەست بهێنن.}. ئەوەتا دەفتەرێکیش هەر دوای کوژرانی دۆزرایەوە، کە ئەمە هەر خۆی چیرۆکێکە لە چیرۆکەکان. (وریا) ئاڵوودەی خواردنەوە بووە، بۆیە لە کاتێکدا تەرمە خوێناوییەکەی نەنێژراوە، ئەو دەیەوێت بچێت لە ژوورەکەی خۆی لە نهۆمی سەرەوە کەمێک بخواتەوە و بەردەوامیش بیر لە دەفتەرەکەی (ئارۆن) دەکاتەوە: {کاتێ تەپەدۆرەکەم لە دەمی دەرهێنا و هەندێکم خواردەوە، ئینجا زانیم نەک هەر ماندووم، بگرە زۆریش ترساوم... ڕاستییەکەی ژوورەکەیشم دوای ئەوەی لە لایەن پۆلیسەوە پشکنرابوو، ترسناک دەهاتە بەرچاو، بەوەی شتومەکەکان لە شوێنی خۆیان نەمابوون و بەسەر یەکدا کەڵەکە کرابوون، تەنانەت وێنە، تابلۆ و کەمانەکەی (دانیال)یشیان لە دیوار کردبووەوە و لەو ناوەیان فڕێ دابوون... تەختی نووستنەکەم ڕێک خستەوە و لەسەری دانیشتم، بێ ئەوەی ڕووم لە پەنجەرە وەرگێڕم... دەمویست لەو سپۆتە ڕووناکییانە بڕوانم، کە لێرە و لەوێ لەناو ئەو شەوە ڕەشەدا دەردەکەوتن... لە خۆمم پرسی ئاخۆ ئەوانەی (ئارۆن)یان کوشت، بەوەندە واز دەهێنن...؟! ئایا ژیانی (مارینا) و هیی منیش لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدا نییە...؟! ئەری ئێمە دەتوانین لەمەودوا بە ئاسوودەیی لەم ماڵە، لەم گەڕەکە چۆڵە بژین...؟! پەیتا پەیتا دەمخواردەوە و پرسیاری دیکەم لە خۆم دەکرد... دەفتەرەکەی (ئارۆن)یش بەردەوام لە خەیاڵمدا جینگڵی دەدا... بۆچی مێژووی ژیانی خۆی نووسیوەتەوە...؟! جارێکیان بە سەرخۆشی گوتی: ((هەندێک دەڵێن ئێمە ڕۆژانی ڕابردوو لە دوای خۆمان جێ دەهێڵین و ئاوڕیان لێ نادەینەوە، بەڵام من بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لە



www.iqra.ahlamontada.com

ئاوڕدانەوە نەکەمەوە، سەرجەمی ڕابردووی خۆم لەگەڵ خۆم دەهێنم، چونکە هەر بیرکردنەوە لە ئاوڕدانەوە، مانای وایە تۆ ڕابردووت هەیە... کاتێکیش بزانیت هەتە، مانای وایە لە بیرت نەچووەتەوە))}.

(وریا) گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و (ئارۆن)ی بیر دێتەوە: {نیوەڕۆیەکی مانگی ئادار لە دەشتێکدا قاچمان لەناو سەوزەگیادا ڕاکێشابوو و لەو ڕیشۆڵانەمان دەڕوانی، کە بە ڕەوە هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە، نەمزانی بۆچی ئەو گفتوگۆیەی بە بیر هێنامەوە، کە جارێکیان لەبارەی چەکەوە کردمان... ئەوسا لە دڵی خۆمدا پرسیم: ((ئایا هیچ پێوەندییەک لەنێوان دیمەنی ڕیشۆڵەکان و ئەو گفتوگۆیەی ئێمەدا هەیە...؟!))... ئەوە یەکەمجار بوو ئەو ببینم بە شتێکی ڕابردوودا بچێتەوە... دوایی پێی گوتم:

_ کەواتە تۆ لەگەڵ ئەوەدایت چەکمان هەبێت.

_ بۆ هیچ نا، ئارۆن، بەڵکو هەر بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین.

_ بۆچی پێت وایە خەڵک بە سەرمان دادەن...؟! ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەس هەیە...؟!

_ نیمانە، بەڵام.......

_ تۆ خۆت گوللەی پێ دەهاوێژی...؟!

_ ئا، ئەگەر........

لەمەوە بێدەنگ بووین... هەستم دەکرد ئەو لە خەیاڵی خۆیدا ئەو گوتانەی منی لێک دەدایەوە... لە خۆمم پرسی: ((تۆ بڵێی ئەمەی لە دەفتەرەکەدا تۆمار نەکردبێت...؟!))}. پێشتر گوترا پێوەندیی (گوڵدان) و (وریا) تێک چوو، بەڵام لە ڕۆژی مردنی (ئارۆن)دا ئاشتبوونەوە. چۆن؟ ئەمەیشیان چیرۆکێکی ترە: {تەپەتەپی پێی کەسێک هاتە گوێچکەمەوە، کە زۆر خێرا بەو پایانەی قادرمەدا سەر دەکەوت... گوتم پۆلیسە، دوای ئەوەی دەفتەرەکەیان خوێندووەتەوە، هەندێ شتیان لەبارەی منەوە بەرچاو کەوتووە و دەیانەوێت لێکۆڵینەوەی ترم لەگەڵ بکەن، بۆیە هێندەی دیکە ترسام، بەڵام کاتێ دەرگا ترازا، (گوڵدان)م بینی و هات لە بەرانبەرم وەستا... فریا کەوتبووم بوتڵەکەم



www.iqra.ahlamontada.com

بشارمەوە، ئەگەرچی تەپەدۆرەکە هێشتا لەناو دەممدا بوو... وەک پۆلیسەکان چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و پرسی:

_ ئەوە لەگەڵ کێ قسەت دەکرد...؟!

سەرم لەو پرسیارەی سووڕ ما... ماوەیەک وەڵامم بۆ نەدرایەوە، بەوەی نەمدەزانی چی بڵێم... دوایی هەرچۆنێک بوو تەپەدۆرەکەم لە دەمم دەرهێنا و پرسیم:

_ من قسەم کردووە...؟!

_ بەڵی، تۆ... بۆ کەسی تر لێرە هەیە...؟! ئەگەر هەبێت، دەبێت لەگەڵ ئەو قسەت کردبێت.

_ لەوانەیە گوێت زرینگابێتەوە.

بە ڕقێکەوە لێم ڕاما و گوتی:

_ قسەت دەکرد و دەنگت دەگەیشتە خوارێ... وەرە لە هەرچواریان، بڵێم لە هەرسێکیان بپرسە، بزانە من گوێم زرینگاوەتەوە، یان تۆ........

تەواوی نەکرد و لچی هەڵقورتاند، وەک بڵێی نەیەوێت ئەو درێژکردنەوەیەی لای من مانای ئەوە بگەیەنێت، بایەخی پێ داوم... پێیم گوت:

_ دەی باشە، یەک قسەم لەو قسانە پێ بڵێ، کە من کردوومن.

بێ ئەوەی شتێک لەو سیما ڕقاوییەی بگۆڕێت، گوتی:

_ ئەوە گرنگ نییە تۆ چیت گوتووە، بەڵکو ئەوەی گرنگە، ئەوەیە، بۆچی لەم کاتەدا لە بەر خۆتەوە قسە دەکەیت.

پرسیم:

_ مەبەستت چییە...؟!

بە شێوەیەک دەمولچی خوار کردەوە، وەک بڵێی لە ڕێگای ئەو ئاماژەیەوە بڵێت چاک دەزانیت مەبەستم چییە... دوای کەمێک پرسی:

_ ئەو تەپەدورە چییە لە دەستت...؟!

گوتم:

_ لە دەمم بوو... مانای وایە نابێت قسەم کردبێت.



www.iqra.ahlamontada.com

_ با، قسەت دەکرد، بەڵام ئێستا زانیم بۆچی وشەکانت بە ڕوونی نەدەبیستران.
هێندەی دیکە سەرم سووڕ ما و نەمزانی چی بڵێم... ئەو گوتی:
_ ئەوە سەری وایینە، بەڵام بۆچی لەم کاتەدا پێتە...؟!
ئینجا کەمێ لووتی جووڵاند و بۆنی ژوورەکەی هەڵمژی... پرسی:
_ دەتخواردەوە... وا نییە..؟! ئێمە لە خوارەوە بە دیار تەرمی ئارۆنەوە دانیشتووین و تۆیش لێرە دەخۆیتەوە...؟! بەڵێ، تۆ ئێستا پێویستت بەوەیە بخۆیتەوە.
زۆر لێی تووڕە بووم، بەڵام نەمویست دەنگم بگاتە نهۆمی خوارێ، بۆیە ددانم جیڕ کردەوە و گوتم:
_ تۆ هەقت چییە...؟! من لە ژووری خۆمم، نەخێر هەر لەماڵی خۆمم... تۆ بە چ سیفەتێک دێیتە ئێرە و لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکەیت...؟! بڕۆ دەرێ...!!
پەنجەی دۆشاومژەی لە سنگی خۆی چەقاند و گوتی:
_ من...؟! من بڕۆمە دەرێ...؟!
_ بەڵێ، بڕۆ دەرێ و نامەوێت چارەت ببینمەوە.}
ئێستا چیرۆکێکی تر دەست پێ دەکات، کە ئەویش ئەوەیە: {ئەوەندەم زانی وا لەگەڵ ئەو تووڕەییەمدا حەز دەکەم دەمم بخەمە ناو دەمی و تێر تێر لێو و زمانی بمژم... زیاتر لێم هاتبووە پێش و بێدەنگ بێدەنگ لە چاوەکانمی دەڕوانی، تاکو لە ڕێگای ئەو ئاماژەیەوە پێم بڵێت تۆ ناتوانیت لێرەم دەربکەیت... پێشتر هەرگیز تا ئەو ڕادەیە جوان و سەرنجڕاکێش نەمدیبوو... زۆر هەوڵم دا ڕووم وەرگێڕم و لەو گڵێنە شینانەی ورد نەبمەوە، کە ناوە ناوە پێڵووە تەنک و برژانگە درێژ و تیژەکانی دایاندەپۆشی و دەریاندەخستەوە، چونکە دەمزانی خۆم بۆ دابین ناکرێت و پەلاماری دەدەم، بە تایبەتی ئەوەم دەخستە بەرچاو، کە ئەوەتا تەرمی (ئارۆن) هێشتا لە ماڵ نەچووەتە دەرێ و ئەمە بۆ من وەک ڕیسوابوون وایە، بەڵام سەری نەگرت}.



www.iqra.ahlamontada.com

(وریا) لەو شەوەدا (گوڵدان) دەکاتە ژن و هاوکات پەشیمانی و نیگەرانییەکی قورس دایدەگرێت، نەک لەبەر ئەوەی تەرمی (ئارۆن) هێشتا لەماڵەکە نەچووەتە دەرێ، بەڵکو وەک خۆی دەڵێت: {لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو، ڕووداوێکی ئاوا چارەنووسمی بە یەکێک دەبەستەوە، کە هەوڵم دەدا بە هەر جۆرێک بێت لێی دوور بم}.

(گوڵدان)یش سەرەتا دڵخۆشە، بەڵام ئەویش دوای ئەوەی دەزانێت (وریا) بەو ڕووداوە تێک چووە، هەست بە نائومێدی دەکات. هەر ئەوسا لێیان دەبێتە شەڕ و (گوڵدان) ژوورەکەی (وریا) جێ دەهێڵێت. ئێستا (وریا) لە خەیاڵی خۆیدا بیر لەو گرفتە دەکاتەوە و بەردەوام چیرۆکی جیاواز جیاوازی بیر دێتەوە، کە من ناتوانم هەموویان کورت بکەمەوە، بەڵام هێشتا هەر ڕۆژی کوژرانی (ئارۆن)ە و (وریا) لە ژووری خۆی دەخواتەوە: {دیسان گوێم لە تەپەتەپی کەسێک بوو بە پایەکانی قادرمەدا سەر دەکەوت... وای بۆ چووم (گوڵدان)ە، بەڵام کاتێ کۆکی و لە دەرگای دا، زانیم (مارینا)یە... زۆر ترسام... گوتم ئەو ژنەی ڕۆژان لە پەپوولە دەچوو، وا ئێستا زەندەقم لێی دەچێت... خێرا چەرچەفە خوێناوییەکەم لوول کرد و خستمە ژێر تەختی نووستنەکەمەوە... هاتە ژوورێ و لە تەنیشتم دانیشت... سەرمی خستە سەر سنگی... هەموو گیانم دەلەرزی... پێی گوتم:

_ دەزانم دڵت تەنگە، بۆیە گۆرانی دەڵێیت... ئەوەندەی سەرنجم دابێت تۆ ئەو کاتانە گۆرانی دەچڕیت، کە ئاوا خەمێک بەرۆکت دەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوان مەیڵێ، یان بە دەنگی نزم بیڵێ... ئەوان وەک من لێت تێناگەن، ورەی خۆم.

ئەگەرچی نەمدەزانی کەی گۆرانیم گوتووە، بەڵام نەمدەتوانی نکووڵیی لێ بکەم، بۆیە بێدەنگ بووم... بوتڵەکەیش لەوێ کەوتبوو... لێی ڕادەما، بێ ئەوەی لەبارەیەوە هیچ پرسیارێکم لێ بکات... شتەکانی بەرچاوم وردە وردە ڕەش هەڵدەگەڕان و وەک تارمایی دەمبینین، کە



www.iqra.ahlamontada.com

وا دیار بوو هەر ئەمەیش خەوی لێ خستبووم... بەیانی زوو زوو، پێش هەتاوکەوتن، کاتێ (مالینا)، ببووره (مارینا) بانگی کردم}.
ئەوا ئەو ڕۆژە تێپەڕی، کە (ئارۆن) کوژرا، بەلام هێشتا تەرمەکەی نەنێژراوە. بزانە هەر بۆ نموونە (وریا) چەند جاری دیکە ڕابردووی خۆی و (ئارۆن)ی بیر دێتەوە: {هەرگیز هێندە هەستم بە ڕەشبینی نەکردبوو... (ئارۆن)م وەبیر هاتەوە، کە جارێکیان لەبارەی گەشبینی و ڕەشبینییەوە گفتوگۆمان دەکرد و پێی گوتم:
_ ئێواران دەرگا سپییەکەمان، کە دەڕوانێتە ڕۆژهەلات، لەپێش هەر شوێنێکی تری مالمان تاریک دادێت، چونکە هەرکە ڕۆژ ئاوا دەبێت و ناوی شەو دێت، هەموو شتێک بە لاوە دەنێین و چاوی هیوا لەو دەبڕین... هەر ئاوایە، ئەوەی زوو لە ناو دەچێت، هیواکانن، با زۆر بە گەورەییش وێنەمان کێشابن.}.
باوکی گولدان (فەوزی داود) چووە عەرەبانەیەک لەو عەرەبانانە بهێنێت، کە دوو ئەسپ ڕایاندەکێشن، بەو مەبەستەی تەرمی (ئارۆن) بۆ گۆڕستان ببەن. (وریا) بەردەوام سەرنج لە (گولدان) دەدا و ڕووداوەکەی دوێنێی بە بیر دێتەوە. لە مالی خۆیانەوە بۆ گۆڕستان کۆمەلێک گەڕانەوەی دیکە هەن، بەلام من بازیان بە سەردا هەلدەدەم. چەند دیمەنێکیش هەن، کە تەعبیر لەو حالەتە دەروونییەی (وریا) دەکەن و ئەوانیش بۆ تۆ جێ دەهێلم. بە هەرحال (وریا) پێمان دەلێت: {بەم حالەیشەوە دەبووایە لە هەلکەندنی گۆڕەکە یارمەتیی (گولدان) و دایکوباوکی بدەم، کە دامێنی ئەو گۆڕستانەمان بۆ هەلبژاردبوو... (مارینا) هەر لەگەل گەیشتنمان پشتی بە چیورمەیەک دا... لەسەر ئەو خۆلە قاچەکانی ڕاکێشا... بە شالێکی ڕەش شان و سنگی داپۆشی}.
(مارینا) و (هەرناز خان)ی دایکی (گولدان) لەبارەی کوشتنی (ئارۆن)ەوە گفتوگۆ دەکەن و ئەوان خەریکی هەلکەندنی گۆڕەکەن. لەو کاتەدا (سوهاد)ی برای (وریا)، کە ئەویش دوای ئەوەی باپیری بەسەر مانگایەکەوە گیراوە و دەربەدەر کراوە، لە مالی (نەخشە) و (موفید) دەژێ. (موفید) برای (نەخشە)یە و ئەو کەسەیە (سامی)ی



www.iqra.ahlamontada.com

باوكی (وریا)ی كوشتووه. واته ئەو كوڕەیە كاتی خۆی دۆستی (پەریهان) بووه. ئەوانە بۆچی هاتوون؟ ڕاستییەكەی وەک لە دایەلۆگی (وریا) و (سوهاد)دا دەردەكەوێت، كوڕێک، كە ناوی (مەزاهیر مەزهەر)ە بە لای ئەواندا تێپەڕیوە، كاتی تەرمەكەیان بۆ گۆڕستان بردووه، بەڵام (وریا)ی نەدیوە. ئەمەیش چیرۆكێكە، كە ئەگەرچی گوتم بازی بە سەردا هەڵدەدەم، بەڵام دەبێت بۆی بگەڕێمەوە. با لە زمانی (وریا) خۆیەوە گوێمان لێی بێت: {ئەو كوڕە وەک هەموو بەیانییەكی تر هاتووە لەوێ شیاكەی مانگا كۆ بكاتەوە، چونكە گاوانەكان هێشتا دنیا تاریكە و گاگەلی خۆیان بەو ڕێگایەدا بۆ مەیدان دەبەن... ئەویش قوتوویكی گەورە بە دەستەوە دەگرێت و پڕی ڕێخ دەكات، تاكو لەو بەردەمەی ماڵیان هەڵیانبخات و دوای وشكبوونەوە بۆ سووتان بە كاریان بهێنێت... خۆی و خوشكێكین و كەسیان نییە... بە منداڵی دایكیان دەمرێت... باوكیان لەگەڵ ژنێكی موسڵاویی زۆر جوان پێوەندی دادەمەزرێنێت، كە ئەگەرچی سۆزانییە، بەڵام پارەی باشی هەیە... دوای كەوتووە و منداڵەكانی جێ هێشتووە... (مەزاهیر مەزهەر) ئەو بەیانییە (مارینا)، (گوڵدان) و دایكوباوكی (گوڵدان) دەبینێت، لە دوای تەرمێک دەڕۆن و منیان لەگەڵ نییە، یەكسەر خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێت، كە ئەوەی وا لەناو ئەو تابووتەدا چاوی لێک ناوە، تاقە براكەی تۆیە... دەشێ ئەوسا خۆم دابێتە پەنایەک و میزم كردبێت، كە وەک گوتم زوو زوو ئەو حاڵەتەم بۆ دەهات}.
لە شوێنێكی دیكەدا (وریا) لەبارەی ئەو حاڵەتی میزكردنەوە دەڵێت: {چەند جاری لەو پەنایانە لام دەدا و دەمویست میز بكەم... دوایی زانیم میزم نایەت، بەڵكو مەبەستمە لە شەبزووزم بڕوانم و ختووكەی بدەم... ئەو هەستە شەڕانگێزە بە دەوری خۆی زیاتر دایدەڕووخاندم}. ئەمە حاڵەتێكی سایكۆلۆجییە و بۆ من نەهاتووە لێكی بدەمەوە. سەرنج بدە، ئەردەڵان گیان، تێكستەكە پڕیەتی لەو شتانەی، كە مانای خۆیان هەیە و بە خۆڕایی نەكراون وەک ئەوەی ڕەخنەگرە میللییەكان بە خاڵی نەگەتیڤ بۆمی حیساب دەكەن. لەسەرەوە باسم لە



www.iqra.ahlamontada.com

(ئەسۆسیشەنی ئایدیاکان) کرد، کە لای (هیۆم) هەیە و (دۆلۆز) جەختیان لە سەر دەکاتەوە، بەوەی ئەسۆسەیشن خەسڵەتێکە ئایدیاکان یەک دەخات، نەوەک خۆی لە خۆیدا خەسڵەتێکی ئایدیاکان بێت. هەر لەو گۆڕستانە، کە هێشتا تەرمی (ئارۆن) نەنێژراوە چیرۆکی (مەزاهیر مەزهەر)یش دەردەکەوێت: {ئەو کوڕە هەرچەند دایکی مردبوو و باوکیشی بە نەبوو دەژمێردرا، چونکە چۆن دوای ئەو ژنە موسڵاوییە کەوتبوو، نەگەڕابووەوە، بەڵام بە هۆی درۆزنییەکەی کەس خۆشی نەدەویست، نە لە گەڕەک و نە لە قوتابخانە... ئەوەی نەیدەهێشت درۆزن ببێتە نازناوی، ناوە لێکدراوەکەی بوو، کە بە شێوەیەک یەکیان گرتبوو، جیا نەدەکرانەوە... هەر دەبوایە بە (مەزاهیر مەزهەر) بانگ بکرێت، بێ ئەوەی کەس لەو نهێنییە تێبگات... زەحمەتیش بوو بگوترێت (مەزاهیر مەزهەر درۆزن)... سەیرەکە لەوەدا بوو خۆی هەرگیز نکووڵیی نەدەکرد، کە چەند درۆزنە، بەڵام دەیگوت شکۆمەندیی خۆی لە درۆدا دەبینێتەوە... کاتێ لێیان بپرسیایە چۆن، بۆ وەڵام دانەدەما و سووک و ئاسان دەیگوت ئەوەیە ناهێڵێت خەڵک بەزەییان پێیدا بێتەوە... لەگەڵ ئەوەیشدا دەوامی قوتابخانەی دەکرد، بەڵام دەیزانی چۆن پارە پەیدا بکات و خۆی و (گوڵپێژین)ی خوشکیشی بژیەنێت، کە ئەو سێ ساڵ لە خۆی منداڵتر بوو... ئێستایش نازانم پیشەکەی ئەو دەچێتە چ خانەیەکەوە، چونکە شتێک بوو لەنێوان فاڵچی و قەشمەڕدا، ئەوە ئەگەر ئەو دووانە وەک پیشە سەیر بکرێن... ئەو لە خوێندنەوەی ئاماژەکانی جەستەدا پسپۆڕ بوو، بەڵام لەپاڵیدا شتی تریشی دەکرد، بۆیە نەدەکرا ئەو ناوەی لێ بنێین... دەیزانی لە ڕێگای جووڵەی ئەندامەکانی جەستە و تۆنی دەنگەوە ناخی مرۆڤ بخوێنێتەوە... بەم شێوەیە بڕوای وا بوو تروووکاندنی چاو، هەڵتەکاندنی برۆ، بزواندنی لێو، خوراندنی لووت، هەڵشەقاندنی پەنجە، گرژکردنی ناوچەوان، کرۆژتنی نینۆک و زۆری تر زمانی بێدەنگن، بەڵام تەعبیر لە مەبەستەکانی مرۆڤ دەکەن... کەس نەیدەتوانی شتی لێ بشارێتەوە، یان بە درۆ زانیاریی پێ بڵێت، چونکە



www.iqra.ahlamontada.com

بەو چاوە سیحرییانەی ئاشکرای دەکرد... دەیگوت هەموو لە قوتابخانە فێری خوێندنەوەی پیت دەبن، تەنانەت ئەوانەیش، کە ناتوانن یەک کلاس ببڕن، بەڵام خوێندنەوەی سیما هەر ئەوانە فێری دەبن، کە ئازاریان بە دەست خەڵکەوە چەشتووە... دەیزانی کام مامۆستایە چ پرسیارێکی لە تاقیکردنەوە هێناوەتەوە، کە ئەمەی بە برێک پارە بە خوێندکارە دەوڵەمەندەکان دەفرۆشت، بەڵام بە گەرانتی... ئەوەیان کێشەیەکی گەورەی لە قوتابخانە دروست کرد... گەیشتە ئەوەی لیژنەیەک لە مەعاریف لێپرسینەوە لەگەڵ چەند مامۆستایەکدا بکەن، چونکە تۆمەتی ئەوەیان دەدرایە پاڵ، گوایە خۆیان دەستیان لەو کارەدا هەیە، بەڵام بێتاوان دەرچوون... کاتێ لەسەر (مەزاهیر مەزهەر) ساغ بووەوە، نەیانتوانی هیچ سزایەکی بدەن، بەوەی دەیگوت ئەمە بەشێکە لە زیرەکی... وەک چۆن قوتابی بۆی هەیە لە مامۆستا تێبگات، کاتێ لە پۆل بە دەنگ وانە دەڵێتەوە و ئافەرینیش دەکرێت، بە هەمان شێوە مافی خۆیەتی لەو مەبەستانەیشی تێبگات، کە بە زمانی بێدەنگ دەریاندەبڕێت و دواتر دەتوانێت وەک دڵسۆزییەک ئەو زانیارییانە بە هاوپۆلەکانیشی بگەیەنێت}.

چیرۆکی ئەو زۆر لەوە درێژترە و هەر لەو گۆڕستانە دەگێڕدرێتەوە، کە هێشتا تەرمی (ئارۆن) نەنێژراوە... ڕاستییەکەیشی وەک گوترا (وریا) دوای نیو سەدە زیاتر لەو شوێنەی (کازینۆی منداڵان)ی لێ بووە بە (سوهاد) گەیشتووەتەوە و ئەم چیرۆکانەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئێمە هێشتا لە گۆڕستانین و گوتمان (نەخشە) و (موفید)ی بکوژی باوکی (وریا) هاتوون، کە وایان زانیوە (وریا) مردووە، نەوەک (ئارۆن). ئیتر ئەوانیش لە هەڵکەندنی گۆڕەکەدا یارمەتییان دەدەن. ئایا نابێت (وریا)، کە بۆ یەکەمجار بکوژی باوکی دەبینێت، ڕابردووی خۆی بیر بێتەوە؟ بەڵێ، دەبێت و لۆژیک وایە: {(موفید) تا دەهات زیاتر حەماس دەیگرت و پێستی دەموچاوی سوورتر هەڵدەگەڕا... بەردەوام بەو قوڵە درێژ و ئەستوورانەی بێڵەکەی بۆ سەرەوە بەرز



www.iqra.ahlamontada.com

دەکردەوە و قایم قایم نووکەکەی لەو زەوییە دەبردە خوارێ... دەتگوت دەیەوێت هێزی خۆیم پیشان بدات و پێم بڵێت ڕاستە دە ساڵی لە زیندان بە سەر بردووە، بەڵام هێشتا هەر گەنجە خوێنگەرم و بەتواناکەی جارانە... یان ڕەنگە ویستبێتی ئەو ئاماژەیەم بداتێ، کە نەک هەر کەس ناتوانێت بیر لە کوشتنی بکاتەوە، بەڵکو ئەوە هەر خۆیەتی گۆڕ بۆ خەڵک هەڵدەکەنێت}. هەر لەم شوێنە (وریا) بۆ یەکەمجار پێمان دەڵێت (حەمدی)ی باپیری (سوهاد) لەگەڵ (مەیسوون)ی مانگا گیراوە و دەربەدەر کراوە. ئەمەیش چیرۆکێکی دیکە، ئەردەڵان گیان. با بەشێکی چیرۆکەکە لەسەر زاری (وریا)وە ببیستین، بەڵام تکایە بیرت نەچێت ئێمە هێشتا لە گۆڕستانین و تەرمی (ئارۆن) نەنێژراوە: {ڕاستییەکەی ئەو بەسەرهاتە هێندەی تراجیدییە، دوو هێندەیش کۆمیدی، بە تایبەتی ئەگەر زانیمان مانگاکە (مەیسوون)ی خۆمانە... تۆ لە زووەوە ئەو بەشەیت بۆ گێڕاومەتەوە، کە خۆت لێت دیار بووە، بەڵام من ئەوە یەکەمجارە ئەو بەشە بۆ تۆ بگێڕمەوە، کە خۆم ئاگام لێیەتی، ئەگەرچی تۆیش وەک زۆربەی خەڵکی شار بەسەرهاتەکەت بیستووە... باسی وردەکارییەکانت بۆ دەکەم... بەڵێ، هەر زوو هەستم دەکرد باپیرت دەوروخولیماڵمان دەدا... سەرەتا وام دەزانی تۆ لە دەستی ڕات کردووە و لێرە بە شوێنتدا دەگەڕێت، بەڵام دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت تۆ هێشتا لای ماویت، ئینجا خەیاڵم بۆ ئەوە چوو، کە لەگەڵ دایە شتێکی هەیە... لێت ناشارمەوە وای بۆ چووم ئەوان حەزیان لە یەکتر کردبێت... نەمدەزانی ئەمەم پێ خۆشە، یان ناخۆش، چونکە ئەوەم دەخستە خەیاڵم، کە ئەگەر دایکم شووی پێ بکات، ئەوا تۆ بۆ لامان دەگەڕێیتەوە... ئاخر بە ڕاستی ئەو دابڕانە بۆ ئێمە ئاسان نەبوو... وەکو تریش شتێک لە ناخەوە ئازاری دەدام، کە نەمدەزانی چییە... هەستم دەکرد دایە ئەو ماوەیە زیاد لە پێویست بایەخ بە جلوبەرگ و لەشولاری دەدات... زوو زوو دەچێتە حەمام و خۆی دەشوات... لە بەرانبەر ئاوێنە دەوەستێت و قژە ڕەش و خاوەکەی دادەهێنێت، کە



www.iqra.ahlamontada.com

لەو چەند ساڵەی دوایی هێندە درێژی کردووەتەوە، دەگاتە نزیک ئەژنۆکانی... لە پێستی چەناگە و ڕوومەتەکانی ورد دەبێتەوە و سەرنج لە برۆ باریک و برژانگە تیژەکانی دەدات... یەک دوو جار بە شەو باپیرتم لای گەورەکە دەبینی... هیچم نەدەگوت، بەڵام چاوم دەخستە سەر هەڵسوکەوتەکانی دایە، تاکو بزانم ئاگای لێیە و دەیەوێت بە دزیی من بچێتە لای... وردە وردە بۆم دەردەکەوت ئەوان هیچ پێوەندییەکیان نییە، بەڵکو ئەمیان بە هەڵە لە هەڵسوکەوتەکانی ئەویان تێگەیشتووە... ئینجا زانیم باپیرت نەک هەر بۆ لای دایە نەهاتووە، بەڵکو هیوا دەخوازێت نەیەتە دەری، نەبادا لەو گەورە ببینێت... هەرگیز نەدەچووە ئەقڵم ئەو بۆ لای (مەیسوون) هاتبێت و ژیانی خۆی خستبێتە مەترسییەوە... من یەکەم کەس ئەوانم پێکەوە بینی.}.

بە هەرحاڵ (حەمدی) دەگیرێت و لەگەڵ (مەیسوون)ی مانگا دەربەدەر دەکرێت. لێرەیشدا کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە هەن وەک ئەوەی خەڵک وایان زانیوە ئەو لەگەڵ (مەیسوون)ی دراوسێیاندا گیراوە، چونکە چی بزانن مانگایەکیش ناوی (مەیسوون)ە، بۆیە ئەوان دێنە سەریان و شەڕیان لەگەڵ دەکەن. ئێمە هەر لە گۆڕستانین، ئەردەڵان گیان. ئێستا (وریا) چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان دایکی و (موفید)مان بۆ دەگێڕێتەوە و تەرمی (ئارۆن)یش هێشتا نەنێژراوە. (موفید) دوای ئەوەی دە ساڵی لە زیندان بە سەر بردووە، ئازاد کراوە و ویستوویەتی عیشقەکەی لەگەڵ (پەریهان) نوێ بکاتەوە: {نەیشاردووەتەوە، کە هێشتا (پەریهان)ی خۆش دەوێت و بە درێژاییی ڕۆژانی زیندان خەون و زیندەخەونی پێوە دیوە، بگرە چەند جارێک چووەتە لای و پێی گوتووە ئامادەیە پێوەندییەکەی لەگەڵ نوێ بکاتەوە... دایە هەرچەند بە دڵی بووە، بەڵام لە لایەک لەبەر قسەی خەڵک و لە لایەکی تر منی خستووەتە بەرچاو، کە وای زانیوە بەوە تووڕە دەبم، بگرە خۆم دەکوژم، بۆیە نەیویستووە بڕیارێکی ئاوا قورس بدات}.



www.iqra.ahlamontada.com

ئایا (پەریهان) ڕازی دەبێت؟ نەخێر: {چەندی کردووە، نەیتوانیوە بە ئاشکرا داواکەی (موفید) پەسەند بکات و ببێتە هاوسەری... وەنەبێت ئەمەیش بۆ ئەو ئاسان بووبێت، بەڵکو کەوتووەتە ژێر بارێکی دەروونیی زۆر ناخۆشەوە، ئەنجام پیاڵەیەک ژەهری شلی خواردووەتەوە و گیانی سپاردووە... نەمزانی مەبەست لە ژەهری شل چییە و نەشمویست لەو بارەیەوە پرسیار بکەم... ڕەنگە ژەهری شل لە هیی ڕەق ئازاری زیاتر بێت، بەوەی دەتوانێت ماوەیەکی زیاتر لەگەڵ حاڵەتی سەرەمەرگدا بمێنێتەوە و چاکتر هێزی خۆی بەسەر دوا ساتەکانی ژیاندا بسەپێنێت، کە ئەو بە ڕاستی پێویستی بە چەشتنی ئازارێکی گەورە هەبووە}.

لێرەدا باز بەسەر ئەوەدا هەڵدەدەم، کە (پەریهان) پێش مردنی چ ژیانێکی ناخۆشی هەبووە. هێشتا تەرمی (ئارۆن) نەنێژراوە و شوێن هەر گۆڕستانە: {ئەو ڕۆژە دەرکەوتنی (موفید) لەو گۆڕستانە بە هەموو مانایەک بۆ من ناخۆش بوو، بەڵام کەس نەیدەتوانی لە سیمامدا کاردانەوەکەی ببینێت، بەوەی وا لێک دەدرایەوە بە هۆی ناشتنی تەرمی خوێناویی (ئارۆن)ـەوە ئاوا تێک چووم... کاتێ دەڵێم ناخۆش بوو، ئەوا مەبەستم ئەوە نییە ڕقی هەڵدەستاندم، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە ئەوە ئازاری دەدام، کە نەمدەتوانی ڕقم لێی بێت... چەند جاری لە ناخەوە سەرزەنشتی خۆمم کرد، بەوەی چۆن دەبێت بکوژی باوکم لە بەردەستمدا بێت و ورگی هەڵنەدڕم...!! نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو ڕێگای بدەم بەو دەستە خوێناوییانەیەوە گۆڕی (ئارۆن) هەڵبکەنێت، کە ئەگەر شوێنی باوکیشمی نەگرتبێتەوە، خۆ چەند ساڵ لە ماڵێکدا وەک هاوڕێ پێکەوە ژیاوین...!! هێندەی هەوڵم دەدا ڕقم لەو پیاوە ببێتەوە، تێیدا سەرکەوتوو نەدەبووم... وەکو تریش ئازارێکی گەورەم دەچەشت، کە لە توانامدا نییە کەمترین شت لە بکوژی باوکم بکەم... چ نەهامەتییەکە کاتێ هەست بکەیت دوژمنەکەت کەسێکی ئێسکسووکە}.



www.iqra.ahlamontada.com

ئۆخەی تەرمی (ئارۆن) نێژرا و ئێستا دەبێت لە گۆڕستان بگەڕێینەوە! خۆزگە ئەم پەرەگرافە دەخوێنیتەوە، ئەردەڵان گیان: {بۆم دەرکەوت ئەگەر من وا لە (موفید)م ڕوانیوە، کە کێشەیەکە و دەکەوێتە ڕابردووەوە، ئەوا من بۆ ئەو کێشەیەکم و لە داهاتووی ئەودام... بەڵێ، لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئەمەم بە ڕوونی لە هەڵسوکەوتەکانیدا هەست پێ کرد و زانیم ئەو دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت ئەو کێشەیە تێبپەڕێنێت، کە لە مندا بەرجەستە بووە... بۆیە دەڵێم ساڵێک، درەنگتر یان زووتر نا، چونکە ئەو کاتەی لە ڕێگای تووە داوای کرد بە دووقۆڵی لە شوێنێک دابنیشین و زۆر نهێنیی ژیانی خۆیم بۆ ئاشکرا بکات، ناوەڕاستی مانگی ئەپریل بوو.}.

ئێستا ساڵێکی تەواو بەسەر مردنی (ئارۆن)دا تێپەڕیوە، بەڵام مانای وا نییە بۆی ناگەڕێینەوە. شێوازی شەپۆلی هۆش ئاوایە، ئەردەڵان گیان، ناتوانیت بەردەوام کاتەکان تێک نەشکێنیت! بە لامەوە سەیرە نووسەر هەیە لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر ڕۆمانێک دەگێڕێتەوە، بێ ئەوەی یەک جاریش بگەڕێتەوە. بێگومان خوێنەر لە خوێندنەوەیدا سەری لێ تێک ناچێت و زۆریشی لەبارەیەوە دەنووسرێت. ئەوەیش لە دەست هەموو کەسێک دێت. گوتمان ئەگەر ساڵێک تێپەڕیوە، بەڵام ناکرێت بۆی نەگەڕێینەوە: {پێشتر هەر لە دوای ناشتنی تەرمی (ئارۆن)ەوە دەمزانی زۆر هەوڵی داوە لێم نزیک ببێتەوە، بەڵام ئەمەیان جیاواز بوو... ئەگەرچی ڕاگەیاندنێکی ئاوا بە ڕاستی تەفرەی دام و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەمویست بزانم ئەو نهێنییانە چین، بەڵام کاتێ وردم دەکردەوە، بۆم دەردەکەوت ئەمە مانای چەمانەوەمە لە بەردەمی ئەودا، مادام دەبێت بۆ زەمەنێک بگەڕێمەوە، کە جێم هێشتووە، لە کاتێکدا ئەمە بۆ ئەو بە بردنەوە دادەنرێت، بەوەی باز بە سەر زەمەنێکدا هەڵدەدات و دەچێتە ناو زەمەنێکی ترەوە... بە کورتی ئەوەی وای کرد بڕیار بدەم نەیبینم، زەمەن بوو، نەوەک شوێن... ئەو گوتبووی لە هەر جێگایەک هەڵیبژێرم، ئەو ئامادەیە تێیدا بمبینێت، بەڵام من بە پێوەری زەمەن دەدۆڕام... کاتێکیش تۆ وەڵامەکەمت پێ



www.iqra.ahlamontada.com

گەیاند، ئەو گوتبووی: ((ئاخر نهێنییەکان بۆ ئەو گرنگن و ڕەوتی ژیانی بە تەواوی دەگۆڕن... بەشێکیان پێوەندییان بە دایکیەوە هەیە، کە ئەگەر لە دەمی منەوە نەیبیستێت، ئەوا لە هەموو ژیانیدا دەمێکی دیکە نادۆزێتەوە یەک وشەی لەو بارەیەوە پێ بڵێت... وەک چۆن لە من زیاتر هیچ کەسێکی دی ئەو نهێنییانە نازانێت، ئەوا بێجگە لە وریایش ئامادە نیم لەژێر هەر فشارێکدا بێت بۆ یەک گیانلەبەر، تەنانەت بۆ بێگیانیش بیاندرکێنم))... نایشارمەوە ئەو گوتانە هێندەی دیکە تەفرەیان دام، بگرە خستمیانە ناو گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، چونکە زانیم ئەو پیاوە بە ڕاستی ئەو نهێنییانەی لایە و دەشیەوێت پێمیان بگەیەنێت.}

ئێمە ئێستا لە بەردەمی کۆمەڵێک ڕووداوداین. بۆ نموونە پێوەندیی نێوان (وریا) و (مارینا) لەمەودوا چۆن دەبێت؟ (موفید) چیی لە (وریا) دەوێت؟ (گوڵدان)، کە کراوەتە ژن، بە چ چارەنووسێک دەگات؟ با بزانین چیرۆکی ئەوانە چۆن تێکەڵی یەکتر دەبن. (وریا) هەمیشە بە ترس و گومانەوە لە (موفید) دەڕوانێت: {کاتێ لە ئیشەکەی ورد دەبوومەوە، کە لە قوڕی خووساو قاپ، کووپ، دۆلکە و یاریی منداڵانی دروست دەکرد، ئەوا دەمزانی پێوەندییەکی سەیری بە داهاتووەوە هەیە... زیاتریش مەبەستم لەو نەخشانەی سەریانن... بە ڕاستی دەسترەنگینیی ئەویان بە ڕوونی تێدا دەبینرا... هەوڵی دەدا لە ڕێگایانەوە ناوی بگاتە هەموو کونجێکی شار... کاتێکم زانی وا ماڵەکەمان پڕە لە کەلوپەلەکانی ئەو... (مارینا) دەیکڕین و هەمیشە پێیدا هەڵدەگوتن... هاوکات لە سیمامی دەڕوانی، تاکو بزانێت چ کاردانەوەیەکم دەبێت... هەوڵم دەدا هەرگیز وا خۆم پیشان نەدەم بە بینینیان سەغڵەت دەبم... یەک دوو جار ویستم سەرزەنشتی بکەم، بەوەی بەرهەمی بکوژێک دەکڕێت و بۆ ماڵەکەی دەهێنێتەوە، بەڵام زوو فریای زمانم کەوتم، چونکە ئەمەیش وا لێک دەدرایەوە منی تووڕە کردووە... وەکو تریش کەلوپەلەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ماڵمانی دادەپۆشی... گەیشتە ژوورەکەیشم... ئێوارەیەکیان لە دەرەوە



www.iqra.ahlamontada.com

گەڕامەوە و گوڵدانێکم لەسەر مێزی کتێبەکانم بینی... نەخشەکەی سەرنجی ڕاکێشام، چونکە ژنێکی زۆر جوان بوو... قژی درێژی بەملا و بەولای سنگیدا دەهاتە خوارێ و بزەیەک بەسەر لێوی تەنکیەوە دەبینرا... هەستم دەکرد ئەو چاوڕەشە چەناگەخڕە دەناسم... کاتێ جوانتر لێی قووڵ بوومەوە، بۆم دەرکەوت دایکمە... هەڵمبڕی، تاکو بە هەموو هێزی خۆم بەو دیوارەیدا بکێشم، بەڵام هەر چۆنێ بێت بەسەر ئەو تووڕەییەی ناخمدا زاڵ بووم و لەو شوێنەم دانایەوە... ئینجا زانیم ئەمە تەنیا پەیامێکە و لەو ڕێگایەوە ناردوویەتی، تاوەکو پێم بڵێت ناتوانیت لە دەستم ڕا بکەیت و ڕۆژێک دێت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانمان دێتە کایەوە، کە هەر چۆنێ لێکی بدەیتەوە، هەر تۆ تێیدا دۆڕاویت... بەیانییەکیان لە قاپی لەو قاپانە ورد بوومەوە، کە لەسەر تاقی نانخۆرین دانرابوون... بۆم دەرکەوت وێنەی (مارینا)ی لەسەر کێشاوە... سەرەتا ویستم خۆم بخەڵەتێنم و بڵێم ئەو نییە، بەڵکو ژنێکە و لەو دەچێت، یان چاوی من ئاوای دەخوێنێتەوە، بەڵام ئەوە تەنیا ماوەیەکی کەمی خایاند و بۆی گەڕامەوە... نەخێر، (مارینا)یە بە هەموو وردەکارییەکانیەوە... وەک هەموو جارێکی تر زۆر هەوڵم دا ددان بە خۆمدا بگرم و لێی نەپرسم، چونکە ئەمەم بە تێکشکانێکی گەورە دەزانی... نەمتوانی و نەمتوانی... پرسیارێکی ئاوا بزۆز و سەرکێشم لەو دڵەم بۆ بەند نەدەکرا... ئەو نەیشاردەوە، کە ئەمەی بە تایبەت بۆ ئەو دروست کردووە... وشەی (تایبەت) لە ناخەوە هەڵێنەکاندم... ئینجا دەبووایە لەوە تێبگەم بۆچی هێندە بە بەرهەمەکانی ئەو پیاوە سەرسامە... ئەو پرسیارەیان زۆر لەوەی پێشوو زیاتر گیانی دادەڕووخاندم، بۆیە دەمویست وا لە دڵمدا بەندی بکەم، بە هیچ شێوەیەک دەرنەپەڕێت... خۆزگەم دەخواست ئەو لەوەندە بیبڕێتەوە، کەچی زۆر ئاسایی درێژەی پێ دا:

_ پێش ئەوەی بخرێتە زیندانەوە شتێکی زۆر کەمی لەو هونەرە زانیوە... هەر بۆ ئارەزوو لەگەڵ نەخشەی خوشکی بە قوڕ باڵندە و ئاژەڵی دروست کردووە، بەڵام لە زیندان خەون و زیندەخەون بەو



www.iqra.ahlamontada.com

هونەرەوە دەبینێت، بە ڕادەیەک بەردەوام وای دەهێنێتە بەرچاو دەستەکانی لەناو قوڕێکی خووساودا بردووەتە خواریێ و دەیشێلێت... کاتێ زیندانییەکان دەیبینن، کە جووڵەی سەیر سەیر بەو پەنجانەی دەکات، وا دەزانن شێت بووە... هەندێکیان وەک بڵێی سەرچاوەی سەرگەرمیی خۆیانیان دۆزیبێتەوە، هەمیشە لێی دەڕوانن و پێی پێدەکەنن... یەک دووانێکیان ئۆفیسی زیندانی لێ ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام بە بەڕێوەبەر دەڵێت وەک ژنی دووگیان بێزوو بە قوڕەوە دەکات... نایشارێتەوە ئەگەر زیندانەکە گڵ بووایە، ئێستا ئەو دیوارانەی بە ددان داڕماندبوو... دەرفەت دەهێنێت و داوایان لێ دەکات ڕۆژانە هیچ نەبێت لە جیاتی یەکێ لە ژەمەکان، تۆپەڵێ قوڕی بدەنێ، کە تا ماندوو دەبێت دەیشێلێت و دوایی وێنەی نان دەیخوات... ئەوان گاڵتەیان لە قسەکانی دێت، ئەگەرچی وەک شێت لە قەڵەمی نادەن، تاکو بۆ شێتخانەی ببەن... کاتێ ئازاد دەکرێت، پێش هەموو شتێک دەستەکانی تا ئانیشکی لە قوڕ دەنێت... بەو قوڕەوە بۆ لای خوشک و باوکە ئاسنگەرە قاچشکاوەکەی دەگەڕێتەوە... هەر بەو دەستە قوڕاوییانەوە ئەوان و هاوڕێکانی لە باوەش دەگرێت و ماچیان دەکات... هەر بەو دەستە قوڕاوییانەوە بۆ لای........}.

پێوەندیی نێوان (مارینا) و (موفید) بۆ (وریا) مایەی نیگەرانییە، کەچی (گوڵدان)یش دەچێتە ناو ئەو هاوکێشەیەوە: {هەندێجار (گوڵدان)یش لەگەڵ خۆی دەبات... (موفید) ئەویشی زۆر بە دڵە، بەوەی لەبارەی هونەری سیرامیکەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکات و سوود لە تواناکانی دەبینێت، لە کاتێکدا (گوڵدان) خۆی نایشارێتەوە لەوەتەی ئەوی ناسیوە گۆڕانێکی گەورە بەسەر ئاستی هونەری و تێگەیشتنیدا هاتووە... وێنەی (گوڵدان)م بەسەر یەکێ لە گوڵدانەکانەوە بینی و بەرچاوم تاریک داهات، کەچی هێشتا ویستم ئەو تووڕەییە لە هەناومدا بەند بکەم و نەهێڵم بتەقێتەوە... تا دەهات زیاتر سەرودڵی دەگرتم و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێی دەگوتم ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی نێوانمان درەنگ یان زوو هەر دەبێت ڕوو



www.iqra.ahlamontada.com

بدات... بۆ ساتێ بیرم له کوشتنی کردەوە، بەڵام ویستم خێرا لەوە تێبگەم ئایا ئەمەیش هەر مانای چەمانەوەم نییە بۆ ئەو، بەو پێیەی دەبێت بۆ کاتێک بگەڕێمەوە، کە من بڕیومە و ئەو هێشتا پێی نەگەیشتووە... ئەمە دەبووە ڕێگر لەوەی بڕیارێکی ئاوا بدەم، ئەگینا هەموو ئەو مافانەی دابووە دەستم، تاکو سەری لە جەستەی جیا بکەمەوە...}.
(وریا) لە گێژاوێکی گەورەدایە و بەردەوامیش بە هۆی کوژرانی (ئارۆن)ەوە دەتلێتەوە: {(ڕاستییەکەی (مارینا)، (گوڵدان) و (موفید) هەر یەکەی بە شێوەی خۆی خەیاڵی داگیر دەکردم، ئەگینا دەمویست خۆم هێمن بکەمەوە و وردتر لەوە بکۆڵمەوە، ئاخۆ دوور و نزیک پێوەندیم بە کوشتنەکەیەوە هەیە... بۆ ئەمەیان پێویستم بە کەشێکی هێمن هەبوو، کە لەو بارودۆخە سەختەدا بە مەحاڵ دادەنرا...)}.
هەروەها سەرنج لەم پەرەگرافەیش بدە: {سەرەتا هەر لەگەڵ گەڕانەوەمان لەو گۆڕستانەی بە نهێنی (ئارۆن)مان لێ ناشت، دەبووایە بزانم ئیتر ژیان بۆ منێکی هەرزەکار لە ماڵێکدا ژنێکی ئاوا ناسک و جوانی وەک (مارینا)ی تێدا بێت و ئەو جلە سەرنجڕاکێشانەیش لە بەر بکات، ئاسان نییە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو پێوەندییەی نێوانمان چ ناوێکی هەیە... بە کورتی دەبووایە نەهێڵم ئەو ژنە بە مەبەست و بێ مەبەست کەمترین کارم لێ بکات، چونکە دەمزانی هەر شتێک لەو بابەتە ڕوو بدات، ئەوا بۆم دەبێتە شکستێکی گەورە، بەوەی بۆ کاتێک دەگەڕامەوە، کە جێم هێشتبوو... لە لایەکی تر چاوەڕێم دەکرد، ئاخۆ چارەنووسی سەرەمێکوتەکەی سکی (گوڵدان) بە کوێ دەگات... تا ئەو کاتەیش زانیارییەکانم لەبارەی سکپڕی و منداڵبوونەوە سنووردار بوون، بۆیە بە چاکم زانی پەنا بۆ (مەزاهیر مەزهەر) ببەم، نەک هەر لەبەر ئەوەی ساڵێک لە من گەورەتر بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەیش، کە سەری لەو شتانە دەردەچوو...}.



www.iqra.ahlamontada.com

(مەزاهیر مەزهەر) ئەو کوڕەی بەشێک لە چیرۆکی ژیانیمان لە گۆڕستان گێڕایەوە، دیسان دەردەکەوێتەوە. ناهەقت نییە سەرت لێ تێک بچێت، ئەردەلان گیان، بەڵام بەوە دڵخۆشم، کە دەتوانم پێوەندیی نێوان چیرۆکەکانت بۆ بدۆزمەوە. باز بەسەر زۆر شتدا هەڵدەدەم و دەگەمە ئەوەی، کە دەڵێت: {ئەو دڵنیای کردم مادام ماوەیەکی بە سەردا چووە و هیچی لێ دەرنەکەوتووە، مانای وایە سکی پڕ نەبووە... ئەگەرچی هێشتا گرفتی پەردەی کچێنییەکەی دەما و زوو زوویش بیری دەخستمەوە، بگرە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڕەشەیشی لێ دەکردم، بەڵام ئەو هەواڵە گورزێک ڕووناکیی خستە دڵمەوە... لەمەیشەوە پێوەندیم لەگەڵ ئەو کوڕە بە تین بوو، کە پێشتر زۆر کەم یەکترمان دەدواند...}.
(مەزاهیر مەزهەر) هەمیشە کوڕێکی دیکەی لەگەڵە، کە ناوی (نەوشیت کۆنترین)ە، بەڵام ئەوانە بەردەوام دژی یەکن. تکایە سەرنج لەو ناوەیش بدە، کە ئەگەرچی سەیرە، بەڵام بە مەبەست لێی نراوە: {ئەگەر (مەزاهیر مەزهەر) لەبەر درۆزنییەکەی پەسەند نەدەکرا، ئەوا چەند هۆکارێک وایان دەکرد (نەوشیت کۆنترین) نەچێتە دڵەوە... خۆ ئەو پێچەوانەی (مەزاهیر مەزهەر) زۆر ڕاستگۆ بوو، بەڵام کەس بەرگەی ئەو قسەڕەقییەی نەدەگرت، تەنانەت من خۆم جارێکیان لێی تووڕە بووم و پێیم گوت: ((ناوی تۆ No shit بە ئینگلیزی واتە گوو مەکە، بەڵام خۆزگە ناوت قسە-مەکە بووایە))... لەمەوە زۆر کەس بە (گوو-مەکە) بانگیان دەکرد... نازناوی (کۆنترین)یش هێندەی دیکە ڕەزای گران کردبوو... بەوەدا هەموو شتێکی بە مێژووی کوردەوە دەبەستەوە، گوایە کۆنترین نەتەوەی سەر ڕووی زەمینە و باشترین و جوانترین بوونەوەرن، ئیتر ئەو وشەیەی پێوە لکا...}. ئێستا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی (وریا)دا دەست پێ دەکات: {ئیتر بووینە سیکوچکەیەکی سەیر... هیچ شتێکمان لە یەکتر نەدەچوو، جگە لە عیشقمان بۆ مەی، ئەگەرچی هەرگیز تا ئەو کاتە ڕێک نەکەوتبوو پێکەوە بخۆینەوە... دەمزانی ئەوان هامشۆی ڕەشماڵەکانی ئەو



www.iqra.ahlamontada.com

عەرەبانە دەکەن، کە لە قەراغی شار هەڵیانداون، بگرە (مەزاهیر مەزهەر) لەوێ زۆر خۆشەویستیشە... من ئەگەرچی پێشتر یەکێک بووم لەوانەی ئەو کارەیان بە قێزەون دادەنا، بەڵام دوای ئەوەی تووشی ئەو بارە دەروونییە سەختە هاتم، بۆم دەرکەوت پێویستم بەو شوێنە هەیە، تاکو خۆمی لێ بەتاڵ بکەم و ئەو هەستە شەڕانگێزانە نەتوانن لە خشتەم ببەن... هەستم دەکرد لەو ڕێگایەوە خۆم لە (مارینا) و (گوڵدان) دەپارێزم و لە ڕووبەڕووبوونەوەی (موفید)یش دوور دەکەومەوە...}.

(وریا) لەو ڕەشماڵانە تووشی کچێک دەبێت، کە ناوی (عوریقە)یە. ئەو کچەیش چیرۆکی خۆی هەیە. گوناهی من چییە، ئەردەڵان گیان، چیرۆکەکان تێکەڵی یەکتر دەبن؟ ئیتر فێر دەبێت دزی لە (مارینا) بکات، بۆ ئەوەی دیاریی گرانبەها بۆ ئەو سۆزانییە بکڕێت: {هەمووی‌یانم دەدایە (عوریقە)، ئەو تیلمەیەی یەکەمجار لەژێر ڕەشماڵەکەیدا هێشتی جەستەم گەرمیی جەستەی هەڵبمژێت... (مەزاهیر مەزهەر) دەیگوت مادام دزینی شتومەک لەپێناو تیلمەدا چێژێکی ئێکجار گەورە دەبەخشێت، ئەوا دەکرێت وەک تریاک بە ئەدێکشن دابنرێت، چونکە مرۆڤی لەسەر ڕادێت... ئیتر وازهێنانی زەحمەتە، ئەگەر نەڵێم مەحاڵە... دەیگوت ئێمە هەمیشە پەنا بۆ خۆشەویستی دەبەین، تاکو خۆمان لە کۆتوبەندەکان ڕزگار بکەین، بەڵام لێرە تێدەگەیت هیچ شتێک هێندەی خۆشەویستی مرۆڤ ناکاتە کۆیلە... ئەوی پسپۆڕ لە بواری تیلمەلۆجیدا، دوو جۆر تیلمەی دەستنیشان دەکرد، تیلمەی شارستانی و تیلمەی کۆچەر... یەکەمیان، دەتبات و دووەمیان، دوات دەکەوێت... بۆ یەکەمیان نموونەی تیلمە موسڵاوییەکە و باوکی دەهێنایەوە، بەڵام بۆ دووەمیان ئاماژەی بە (سورەیا) دەدا، کە چۆن پێوەی لکاوە و لێی نابێتەوە... دەیگوت شتی هاوبەش لە هەردووکیاندا ئەوەیە، تۆ ناتوانیت خۆت ڕزگار بکەیت، مادام چێژ لە بەردەوامبوون دەبینیت... هەتا زیاتریش بیر لە ڕزگاربوون بکەیتەوە، زیاتر هۆگری دەبیت و پتر چێژی لێ



www.iqra.ahlamontada.com

وەردەگریت... هەر کەسیکت بینی کەلوپەلەکانی خۆی، ئینجا دزیبنی، یان کڕیبنی، دەداتە تیلمە، ئەوە بزانە ئەو کەسە چووەتە قووڵاییی ئەو پێوەندییەوە و لە هەوڵی خۆڕزگارکردندایە... هەست دەکات هەموو ئەو سۆز و خۆشەویستییەی دەیداتێ، بەس نییە و دەیەویت بە پێشکەشکردنی دیاریی گرانبەها، ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە وا دەزانێت لەنێوان خۆی و تیلمەکەیدا دروست بووە... ئا، ئەوەتا گرفتەکە، لە لایەک دەتەوێت لە دەستی ڕا بکەیت و لە لایەکی دی ترست هەیە بۆشایی لەنێوانتاندا دروست بووبێت... بەم شێوەیە خۆشەویستیی نێوان تیلمە و تیلمەباز، پێچەوانەی خۆشەویستیی نێوان ژنومێردی ئاسایی، ئەبەدییە و کۆتاییی نایەت... پێی لەسەر وشەی (خۆشەویستی) دادەگرت و دەیگوت، بەڵێ، خۆشەویستی، نەکەی نکووڵیی لێ بکەیت، وریا، کە خۆشەویستیی ڕاستەقینەت تەنیا لە تیلمەدا دەست دەکەوێت، مادام لەو پێوەندییەدا هیچ دەرگایەک، هیچ پەنجەرەیەک و هیچ درزێک نادۆزیتەوە پێیدا بچیتە دەرێ و سەر لە هەنگاوەکانت دەرناکەیت، ئاخۆ دەتبەن، یان دەتهێننەوە... نەخێر، دەتخولێننەوە... بخولێرەوە، بخولێرەوە، گیانەکەم، چونکە بەوەدا دەزانم تۆ لە ناخمدا غەرق بوویت و هیچ شتێکت لێوە دیار نییە، ئەگەر بکەوێتە دەرەوەمەوە... لەگەڵ هەموو ئەمانەدا (عوریقە)ی من تێکەڵییەک بوو لە تیلمەی شارستانی و تیلمەی کۆچەری، بۆیە ئازارەکانم کتومت لە هیی (مەزاهیر مەزهەر) نەدەچوون... ئەو لە یەک کاتدا دەیبردم و دوایشم دەکەوت... هەڵیدەبڕیم و شۆڕیشی دەکردمەوە... وەک بڵێی بە وردی مانای (خولانەوە)م بۆ ڕاڤە بکات... ناوی ڕاستەقینەی خۆی (عیراق) بوو... لە مانگی ئۆگستی یەکێک لە ساڵەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا و لەژێر دەستی دوکتۆرێکی ئینگلیزی لە دایک دەبێت... بەڵام بۆ ئەوەی وەک تیلمەیەکی کۆچەری بێتە بەرچاو، بۆ (عوریقە)ی کورت دەکاتەوە... خۆشەویستەکەی لەگەڵی ناپاک دەردەچێت... تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبێت، دڵی لە دایکوباوکی دەشکێت و پەنا بۆ



www.iqra.ahlamontada.com

مامی دەبات... ئەو چاوی تێدەبڕێت و زوو زوو پەلاماری دەدات... (شوێنی چڕنووک و گازەکانی ئەو پیاوە دڵڕەقەی لەسەر ڕانە نەرم و مەمکە سپێنییەکانی نیشان دەدام و فرمێسکی هەڵدەڕشت... دەمگوت هەرچەند لێیان دەڕوانم قێز لە خۆم و لە دنیا دەکەمەوە)... ئیتر بەرگەی ئەو ژیانە ناگرێت و سەر هەڵدەگرێت، تاکو لێرە لە باوەشی (عورێبە) خۆی دەگرێتەوە... لەبارەی ژیانی خۆیەوە کۆمەڵێک چیرۆکی ئاوا تراجیدیی بۆ دەگێڕامەوە... (مەزاهیر مەزهەر) دەیگوت یەکێ لەو شتانەی ئێمە بە تیلمەوە دەبەستێتەوە و دەست و قاچمانی پێوە شەتەک دەدات، ئەو چیرۆکە تراجیدییانەن، کە لەسەر زمانی هەر یەکێکیانەوە دەیانبیستین، چونکە هەر تیلمەیەک دەڵێیت خاوەنی کۆمەڵێک لەو چیرۆکانەیە... مادام ڕاستەقینەشن و هەڵبەستراو نین، ئەوا کاتێ دەیانگێڕنەوە، نەک هەر ناچاریت گوێیان لێ بگریت، بەڵکو بێ ئەوەی ئاگات لێ بێت وا دەزانیت ئەو ڕووداوانە بەسەر خۆتدا هاتوون... ئەمە سەرەتا، بەڵام هێندەی پێ ناچێت سیحری گێڕانەوە وات لێ دەکات هەست بکەیت هەموو ئەو تاوانانە دەستی تۆیان تێدایە، بگرە هەر خۆت بکەریانی... ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێ لەو گوناهانەت بنێیت و ویژدانت دادگایی بکەیت، بەوەی چۆن هێندە دڵڕەق بوویت و ئەو مرۆڤەت بەم شێوەیە چەوساندووەتەوە... کەواتە ڕێگا بدە با ناخت سۆزی لێ هەڵبقوڵێت، تاکو ئەو گوناهانە بشواتەوە و ئیتر چیت ماوە لە ژیان، بە دڵێکی پاکەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوی تەرخان بکە...}.

لێرەدا سەرنج لە ناوی (عورێبە) و (عورێقە) بدە و بزانە ئەوانە مانایان چییە. {پێوەندیم بە (عورێقە)وە زیاتر ئەوەی لا دەچەسپاندم، کە نازانم چۆن بیر لە خۆم و لە دەوروبەرم دەکەمەوە... ڕاستییەکەی تەنیا یەکەمجار لەگەڵی جووت بووبووم، ئەگینا دوای ئەوە بە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی هەوەسی دەکوشتم، بەڵام بە هێزێکی پەنهان بۆ خۆیی ڕادەکێشام، یان پاڵی پێوە دەنام... وەک گوتم نەمدەزانی لە چ ڕێگایەکەوە بە خۆیەوەی دەبەستمەوە... هەرچەند



www.iqra.ahlamontada.com

بمویستایه لێی جیا ببمەوە، تۆمەتی ناپاکیی دەخستە پاڵم... هەڕەشەی لێ دەکردم، ئەگەر زوو زوو سەری لێ نەدەم، ئەوا دێتە ناو شار و ڕیسوام دەکات... ئەم خەسڵەتە لە سەرجەم تیلمەکانی تری جیا دەکردەوە، چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک بۆ ناو شار دانەدەبەزین، گوایە تیلمەی کۆچەری کاتێ بێتە ئاوەدانی و خەڵک لەوێی ببینن، ڕەواجی کەم دەبێتەوە، یان هەر نایمێنێت... زانیاریی تەواوی لەبارەمەوە هەبوو... دەیگوت دەچێتە لای (مارینا) و هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە...}. (وریا) لە کۆلیجی یاسای بەغدا وەردەگیرێت و واز لە (عوریقە) دەهێنێت، بۆیە (عوریقە) خۆی دەسووتێنێت، کە ئەمە ئازارێکی گەورەی (وریا) دەدات. (مەزاهیر مەزهەر) ساڵی پێشوو لە هەمان کۆلیج وەرگیراوە، بەڵام لەبەر خاتری (سورەیا)، کە ئەویش یەکێکە لە سۆزانییەکانی (عوریبە)، دەستی لێ هەڵدەگرێت و ناچێتە بەغدا. بێگومان ئەو بەشەی باس لە ڕەشماڵانە پڕە لە ڕیمەن و دایەلۆگ، بەڵام ناکرێت بیانگێڕینەوە. گرنگ ئەوەیە تۆ بزانیت ڕەوتی گێڕانەوەکە چۆن دەچێتە پێشێ. ئێستا (وریا) گەیشتووەتە بەغدا و لای (ئیمرا بابل) ژوورێکی دەست کەوتووە. ئەو ژنە خزمی (مارینا)یە و دنیایەک چیرۆکی تراجیدیی هەیە: {وەک دەزانی لای پوورێکی دایکی (مارینا) لەگەڕەکی دێرینی تەورات دەژیام... لە نهۆمی سەرەوە ژوورێکی دابوومێ... (ئامیرا بابل) ژنێکی پیر بوو... تەمەنی دەگەیشتە هەشتا، بەڵام هێشتا لە پێ نەکەوتبوو... ئەگەر پێویستی بکردایە، دەیتوانی بەشێکی زۆری مێژووی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەیشی بگێڕێتەوە، بەڵام تا بۆی بکرایە بە لای ئەو ڕابردووەدا نەدەچوو... مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ناچار نەبووایە، باسی نەدەکرد، ئەگینا دەمزانی لە ناخی خۆیدا بەردەوام لەگەڵی دەژیێ...}.

(وریا) پێمان دەڵێت: {(ئامیرا) ئەگەر تا بۆی بکرایە قاچی نەدەخستە ئەودیوی دەرگای حەوشەوە، لەبەر ئەوە نەبوو، کە نەیدەتوانی بڕوات، بەڵکو لە ماوەی ئەو حەوت هەشت گرنییەی تەمەنیدا چەرمەسەریی زۆری لە دەرەوە دیبوو... ساڵی ١٩٤١، ئەو ساڵەی



www.iqra.ahlamontada.com

(دانیال)ی کوڕی (مارینا) و (ئارۆن) دەکوژرێت، موسڵمانەکان زۆر لەناکاو بەسەر جووەکانی ئەو گەڕەکە و دەوروبەری دادەدەن و خوێنی سەدان کەسیان دەڕێژن... بەشێکیان منداڵ و پیرن... کۆمەڵ کۆمەڵ دەیانێژن... بەوەندە ناوەستن و ماڵ و دووکانەکانیشیان بە تالان دەبەن... ئەگەر مرۆڤ تاکو ئەمڕۆیش گوێی لە وشەی (فەرهوود) دەبێت، ئەوە ماناکەی لە (فر یهود)ەوە هاتووە... لەو شاڵاوەدا مێردی (ئامیرا)، دوو کچی، دوو زاوای و سێ کچەزای بەر دەکەون... ڕاستییەکەی تاکو دوو ساڵ پێش ئەوەی من بچمە ئەوێ، جووەکان زۆربەی دانیشتووانی گەڕەکەکەیان پێک دەهێنا، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بە کۆمەڵ کۆچیان کرد... وەک لە کتێبی (نزهة المشتاق في تاريخ يهود العراق)دا دەمخوێندەوە، بەپێی ئەو سەرژمێرییەی ساڵی ١٩٢٠ کراوە، ژمارەی جوو لە بەغدا پەنجا هەزار کەس بووە و کەرتی بازرگانییش هەر ئەوان بە دەستیانەوە گرتووە... خۆم بە چاوی خۆم دەمبینین چۆن شتومەکەکانیان بە هەرزان دەفرۆشت و بە نائومێدی ملی ڕێیان دەگرت... تەنیا چەند کەسێکیان مانەوە... دەمتوانی بە ڕوونی شوێنەواری ترس نەک هەر بە ڕووی خەڵکەکەوە، بەڵکو بەسەر خانووبەرە، پەرستگا، گۆڕستان و شەقامەکانیشیانەوە ببینم... خزمە نزیکەکانی (ئامیرا)یش وەک ئەوانی دیکە ناوماڵی خۆیان (ئەوەندەی توانیبوویان لە فەرهوودەکەی چلوپەک ڕزگاریان بکەن)، بە هەندێک پارە دەگۆڕییەوە و دەهاتنە لای، تاکو لێی بپاڕێنەوە، بەشکو لەگەڵ خۆیانی ببەن، بەڵام کاتێ پیرەژن بەو دەنگە نووساوەی پێی لەسەر مانەوە دادەگرت، ئیتر ئەوان هەر ئەوەندەیان بۆ دەمایەوە جەستە لاوازەکەی لە باوەش بگرن و چەند دڵۆپێک فرمێسک بەسەر قژە بەفرینەکەی و ڕوومەتە چرچەکانیدا بڕێژن... هەندێک لەوانەم پێشتر دەناسی، بەوەی لە هەولێر دەهاتنە سەردانمان، بەڵام ناسین لە کاتێکی ئاوادا هیچ مانایەکی نەبوو... کەم و زۆر لەوانەی پێشوو نەدەچوون... دەتگوت مرۆڤی سەردەمە زووەکانن، بۆ نموونە ئەوانەی ئوور و بابل و دوای



www.iqra.ahlamontada.com

دوو سێ هەزار ساڵ ساڵ زیندوو بوونەتەوە... کاتێ دەڕۆیشتن بە منیان دەگوت تاکو لێرەم ئاگام لێی بێت... (ئامیرا) دوایی پێی دەگوتم:
_ کەس ناتوانێت ئاگای لە کەس بێت، مادام کەس ناتوانێت ئاگای لە خۆی بێت... لەو هەشتا ساڵەی تەمەنمدا قسەیەک زۆر لام بێمانا بووبێت، ئەوە بووە: ئاگات لە فلان بێت، یان با فلان ئاگای لێت بێت.}.
ناکرێت لەو ڕووداوەی گەڕەکی (تەورات)دا ئاماژە بەوە نەدەین، کە چ ماڵی (مامۆستا ئەحمەد ئەلشەمسی) و چ (ئەبو عومەر)یش نەک هەر دژی کەلتووری تالانکردن دەوەستنەوە، بەڵکو بەرگرییش لە جووەکان دەکەن: {(هالە) بۆی گێڕامەوە چۆن ئەو کاتەی بەسەر ماڵی (ئامیرا)یان داداوە، باوکی بەرگریی لێ کردوون، بەڵام نەک هەر سوودی نەبووە، بەڵکو هێندەیان لەویش داوە، تاکو هەردوو قاچیان لە کەلک خستووە... هەر لەو ڕۆژەدا (ئەبو عومەر)، ئەو پیاوەی دوای سی ساڵ خزمەت لە بواری تاپۆدا، خانەنشین کرابوو، دارتاشخانەیەکی لە سووچی کۆڵانمان کردبووەوە و هەندیجار بە قاتێکی ڕەش و سیدارەیەکەوە لای (مامۆستا ئەلشەمسی)م دەبینی، سەری لە چوار شوێن دەشکێت، چونکە ویستوویەتی کتێبخانەی ماڵی (ئامیرا) بپارێزێت و نەهێڵێت ئەو هەموو کتێب و مانیسکریپتە کۆنە لەو بەردەمە بسووتێنن... دواتریش کوڕێکی خۆی و دوو برازای لەگەڵ (ڕاقیە) و (هالە)دا دەنێرێت، تاکو لەو گەڕەکانە بگەڕێن، بەو هیوایەی تابلۆکانی (ئامیرا) بۆ ماڵ بگەڕێننەوە، بەڵام تەنیا چەند پارچەیەکیان دەدۆزنەوە، کە بە دەست منداڵانەوە دەبن و یارییان پێ دەکەن......}.
باز بەسەر کۆمەڵێک ڕووداوی دیکەدا هەڵدەدەم و دەگەمە ئەوەی چۆن پێوەندی لەگەڵ (هالەی مامۆستا ئەحمەد ئەلشەمسی)ی دراوسێیان دەبەستێت، کە هونەرمەندی شێوەکارە و لە (ئامیرا بابل)ەوە فێری ئەو هونەرە بووە: {یەکەمجاریش من پێم خستە ماڵیانەوە هەر بۆ بینینی ئەو تابلۆیانە بوو، کە دەتوانم بڵێم (هالە) بە زۆر بردمی... دەمویست بە هەموو شێوەیەک خۆم لەوە بە دوور



www.iqra.ahlamontada.com

بگرم پێوەندیم لەگەڵ ئەو کچە پەرە بستێنێت، نەک لەبەر ئەوەی بە دڵم نەبوو، بەڵکو دوای ئەو شکستانەی لە هەولێر تووشیان هاتبووم، دەبووایە پشووێک بدەم و نەهێڵم لەوە زیاتر کێشەکان ڕێگام پێ بگرن، ئەگینا زۆر جار دەگەیشتمە ئەو باوەڕەی خۆشم دەوێت، بگرە بێ ئەوەی لە هۆکارەکەی تێبگەم لەودا ئاسوودەییەکی سەیرم دەبینی... هاوکات دەترسام ئەمە تەنیا هەستێکی فریودەرانەی ناخم بێت، تاکو بیەوێت ئەو ڕابردووەم لە بیر بباتەوە، کە نایشارمەوە هەوڵم دەدا بە هەر شێوەیەک بێت تێیبپەڕێنم و پێ بخەمە ناو زەمەنێکی نوێیەوە... لەو ڕابردووەدا لانی کەم دەستم بە خوێنی مرۆڤێک سوور بووبوو... بۆیە دەڵێم لانی کەم، چونکە هێشتا ساغ نەبووبووەوە ئاخۆ (ئارۆن)یش من کوشتوومە، یان کێ... ئەو دەفتەرەی لای پۆلیس هێشتا وەک تارمایی دەهاتەوە بەرچاوم و بە لاوەم دەنا... بە خۆمم دەگوت ئەوەندەی ژیانم ماوە بۆ ئەوە نییە بە ڕابردوومی ببەستمەوە، چونکە ئەگەر وا بێت، ئاوا مانای وایە بە دوای هیچ شتێکی نوێدا ناگەڕێم، بەڵام نەشمدەزانی ڕێک دەمەوێت چی بکەم...}.

لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت بیزانیت، ئەویش ئەوەیە (وریا) بڕیار دەدات هەرگیز بۆ هەولێر نەگەڕێتەوە، ئەگەرچی (مارینا) هەوڵی دنیای لەگەڵ دەدات. سەیرەکە ئەوەیە (مارینا)یش بڕیاری داوە لە ژیانیدا نەچێتە بەغدا: {(مارینا) نامە لەسەر نامەی دەنارد و دەیگوت دەبێت بە خێرایی بگەڕێمەوە... گەیشتە ئەوەی بنووسێت: ((تۆ دەبێت بگەڕێیتەوە، وریا، چونکە پێویستە هەندێک نهێنیت پێ بڵێم، کە بۆ تۆ گرنگن و ڕەوتی ژیانت بە تەواوی دەگۆڕن... ئەگەر لە دەمی منەوە نەیانبیستیت، ئەوا لە هەموو ژیانتدا دەمێکی دیکە نادۆزیتەوە یەک وشەت لەو بارەیەوە پێ بڵێت... وەک چۆن لە من زیاتر هیچ کەسێکی دی ئەو نهێنییانە نازانێت، ئەوا بێجگە لە تۆیش ئامادە نیم لەژێر هەر فشارێکدا بێت بۆ یەک گیانلەبەر، تەنانەت بۆ بێگیانیش بیاندرکێنم... هەر لەبەر ئەوەیشە لە نامەدا نایاننووسم، دڵەکەم))... ئەمانە لە لایەک



www.iqra.ahlamontada.com

تەفرەیان دەدام و بۆ گەڕانەوە پاڵیان پێوە دەنام و لە لایەکی دیکە هەستم دەکرد ڕێک لەو پەیامە دەچن، کە کاتی خۆی (موفید) لە ڕێگای تووە بۆی ناردبووم، گوایە دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت بمبینێت و نهێنییەکانم بۆ بدرکێنێت... دەمزانی ئاسان نییە و من بە هۆی ئەو کەللەڕەقییەمەوە لە بەشێکی زۆری نهێنیی ژیانم، کە لای (مارینا) و (موفید)ن، بێبەش دەبم، بەلاّم ددانم بە خۆمدا دەگرت و نەمدەویست تا ئەبەد بۆ هەولێر بگەڕێمەوە... کاتی خۆی داواکەی (موفید)م ڕەت کردەوە، چونکە بۆم دەردەکەوت ئەمە مانای چەمانەوەمە لە بەردەمی ئەودا، مادام دەبێت بۆ زەمەنێک بگەڕێمەوە، کە جێم هێشتووە، لە کاتێکدا ئەمە بۆ ئەو بە بردنەوە دادەنرێت، بەوەی باز بە سەر زەمەنێکدا هەڵدەدات و دەچێتە ناو زەمەنێکی ترەوە... بە کورتی ئەوەی وای کرد بڕیار بدەم نەیبینم، زەمەن بوو، نەوەک شوێن... بەلاّم ئەوەی نەیدەهێشت (مارینا) ببینم شوێن بوو، نەوەک زەمەن، ئەگەرچی هەستم دەکرد ئەو دووانە تەنیا لە ڕواڵەتدا جیاوازن، ئەگینا وەک ناوەڕۆک هەمان مانایان هەیە...}. ئەگەرچی (هالە) زۆر پێی خۆشە پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ (وریا) ببەستێت، بەلاّم (وریا) نایەوێت: {ڕاستییەکەی نەمدەویست بە هۆی منەوە تووشی نائومێدی ببێت... ئەگەرچی زۆر جار دەهاتە سەرم بە مەبەستی سەرگەرمی پێوەندیی لەگەڵ دابمەزرێنم، بەلاّم دەترسام نەتوانم وازی لێ بهێنم، یان کاتێ وازی لێ دەهێنم وەک (گوڵدان)، (عورێقە) و ئەوانی تر ئازارم بدات و بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ڕابردووەوە بمبەستێتەوە... نایشارمەوە لە دۆخێکی نالەباردا دەژیام... نە لە خۆمم ڕادەبینی دڵداری بکەم و نە بۆم دەکرا سەر لە تیلمەکانیش بدەم، لە کاتێکدا بەغدا لەو سەردەمە لە بواری تیلمەلۆجیدا ماوەی زێڕینی خۆی بەسەر دەبرد و تیاترۆخانەکان هەمیشە جمەیان دەهات، بگرە هامشۆی تیلمە و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵیاندا وەک جۆرێک لە ئەتەکێت سەیر دەکرا و دەوڵەمەندەکان شانازییان پێوە دەکرد...}.



www.iqra.ahlamontada.com

لێرەدا چیرۆکی ئەو سۆزانییانەی بەغدا دەست پێ دەکات، کە وڵات بە رێوە دەبەن. بازیان بە سەردا هەڵدەدەم و دەگەمە ئەوەی (وریا) لەبەر ئەوەی دژی ڕژێمە، بڕیاری گرتنی بۆ دەردەچێت و خۆی ڕزگار دەکات. زانکۆی بۆ تەواو ناکرێت، چونکە هێشتا ساڵێکی ماوە. دەگاتە ئەڵمانیا، بەڵام ئێمە نامانەوێت لە ڕووداوەکانی ئێرە دوور بکەوینەوە. (هالە) بۆی دەرکەوتووە چەند سیخوڕێک دوای (وریا) دەکەون و ژیانی لە مەترسیدایە. سەیر ئەوەیە {هەر لەوساوە ئەو کچەم دیبوو، هەستم دەکرد لە یەکێ دەچێت، پێشتر زۆرم بینیبێت، بەڵام نەمدەزانی کێیە... ئەو ئێوارەیە بۆم دەرکەوت شێوەی (هەرناز)ی زۆر تێدایە، کە یەکێک بوو لە دەنکەکانی (مونیر بۆتانی)، ئەگەر نەڵێم خۆشەویستترینیانی بوو... نەمدەزانی بۆچی پێم ناخۆشە هەمان ناوی (دایکی گوڵدان)ی لێیە... ئایا لەبەر ئەوە بوو ئەوانی بە بیر دەهێنامەوە، لە کاتێکدا هەوڵم دەدا بە هەر شێوەیەک بێت لە خەیاڵی خۆمیان بسڕمەوە...؟! بە هەرحاڵ پێم خۆش بێت، یان ناخۆش ئەو ژنە باڵابەرزە قژکورتە، کە زۆربەی کات بە پاڵتۆیەکی سووری گرانبەها و جووتێ گوارەی گەورەوە دەمبینی، ناوی (هەرناز) بوو... مێردەکەیشی بە یەکێک لە کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەت دەژمێردرا...}.

حەز دەکەم لێرە سەرنج لە چەند شتێک بدەیت. یەکەم، ناوی (هەرناز)، کە بێمەبەست نییە. دووەم، گەڕانەوە بۆ هەولێر. سێیەم، دەرکەوتنی (مونیر بۆتانی)، کە یەکێکە لە کارەکتەرە گرنگەکانی ڕۆمانەکە. (مونیر بۆتانی) کێیە؟ {ناوی خۆی (مونیر شەوقی بەگ) بوو، بەڵام ئەو (بۆتانی)یەی خستبووە شوێنی ناوی باوکیەوە، چونکە یەکەم، حەزی لە نازناوی (بەگ) نەدەکرد، بەوەی نەیدەویست وەک دەرەبەگ بێتە بەرچاو... دووەم، سەرنجی کچانی پێ ڕادەکێشا و سێیەم، خۆی لە سیخوڕەکان دەپاراست، بە تایبەتی ئەو لە خێزانێکی دیار بوو... ئەگەرچی (مونیر) باوەڕی بە پێوەندیی خزمایەتی نەبوو، کەچی (ئەبلە پەرهەنگ)ی دایکی کاتێ زانی من کوڕی (پەریهان)ی



www.iqra.ahlamontada.com

پوورزایم، توند توند لە باوەشی گرتم و بردمیە بەشی دواوەی ماڵەکە، تاکو بە مێردەکەی و (لیلی Lily)ی کچیم بناسێنێت...}.
بزانە ئەردەڵان گیان، بۆ هەر کوێ بچیت ڕووبەڕووی پرۆسێسی ناونان دەبیتەوە، بەڵام وازی لێ بێنە و حەز دەکەم ئەم پەرەگرافەیش لەبارەی (ئەبلە پەرهەنگ)ەوە بخوێنیتەوە: {لە تەمەنی دوازدەساڵی لەگەڵ دایکوباوکی دەچێتە ئیستانبۆل و هەر لەوێش شوو بە (شەوقی بەگ)ی خزمی دەکات، کە یەکێکە لە ئەفسەرە گەورەکانی عوسمانی... پیاوێکی دڵڕەقە... هەموو ڕۆژێ لێی دەدات و خوێن لە دەمولوتی دەهێنێت... دوای ئەوەی (مونیر) لە دایک دەبێت، جیا دەبێتەوە و لەگەڵ ئەو پیاوەی ئێستای ژیانێکی دیکە پێک دەهێنێت، کە باوکی (لیلی)ە...}.
ئەم پەرەگرافەیش پێویستە بخوێنرێتەوە: {کاتی ماڵیان بۆ هەولێر گەڕاوەتەوە، تازە تەمەنی (مونیر) گەیشتووەتە دە ساڵ... ئەگەرچی خۆی بە کۆمۆنیست دەزانی، نەخێر، ئەگەرچی خۆی بە ڕابەری کۆمۆنیستەکان دەزانی، بەڵام هەڵسوکەوتی لە هیی ئۆرۆستۆکراتییەکان دەچوو... جارێکیان بە سەرخۆشی پێی گوتم لە شارێکی وەک هەولێر، کە نە دەکەوێتە سەر هیچ دەریایەکەوە و نە ڕووبارێکی پێدا دەڕوات، پیاو دەبێت ئەو کەموکورتییە بە ژن پڕ بکاتەوە... ئیتر لەمەوە بەردەوام ئەو تیۆرییەی دووپات دەکردەوە... ئەو وەک (شارل بۆدلێر) هەمیشە خەونی بە دەریاوە دەبینی و زوو زوویش شیعرە بەناوبانگەکەی ئەو شاعیرەی دەگوتەوە، کە بە ناوی (دەریا)وە نووسیویەتی و باس لە جووڵە بێکۆتاییەکانی دەریا دەکات: ((ئەی دەریا، هیچ کەس ناتوانێت لەو گەنجینەیە تێبگات، کە تۆ لە ناخی خۆتتدا شاردووەتەوە))... دەیگوت ئەگەر ڕۆژگارێ لەم شارە سەر هەڵبگرێت، ئەوا تەنیا بیر لە یەک هۆ بکەرەوە، ئەویش نەبوونی دەریایە لێرە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانیت بۆ کوێ سەرم هەڵگرتووە، ئەوە تەنیا یەک شار بهێنە بەرچاوت، کە دەکەوێتە سەر دەریا...}. (مونیر بۆتانی) ئەو تیۆرەی داتاشیوە و هەموو هاوڕێکانی دەیڵێنەوە. ئەگەر



www.iqra.ahlamontada.com

ئەو گرووپە هەر خۆیان کۆمۆنیستی زۆر سەیرن، تەنانەت گرووپەکانی دیکە بە کۆمۆنیستیان نازانن، ئەوا (وریا) هەست دەکات ئەم خۆی سەیرترینانە: {پێوەندیی (مونیر) و من لە هیی هەموو ئەوانە جیاواز بوو، کە هامشۆیان دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی دایکمان پووورزا بوون، نەخێر، ئەو دوژمنی ئەو پێوەندییانە بوو، گوایە بەرهەمی قۆناغی دەرەبەگایەتین و مرۆڤ دەکەنە کۆیلەی سۆز، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەردووکمان شێتی مەی بووین و بە حەزێکی سەیریشەوە ئەدەبمان دەخوێندەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا جیاوازیمان زۆر بوو، بگرە جیاوازییەکانمان دەکەوتنە سەرووی لەیەکچوونەکانمانەوە... ئەو دوای بڕینی نۆ کلاس واز لە خوێندن دەهێنێت، چونکە دەگاتە ئەو باوەڕەی مرۆڤ لە قوتابخانە نەک هەر فێر نابێت، بەڵکو مامۆستاکان هەمیشە ڕێگرن لەوەی خوێندکار دەرەوەی کتێبەکانی پرۆگرامی تایبەت بە خوێندن ببینێت، بگرە خوێندنگا تەمبەڵی دەکات و هەموو ئەو ئارەزووانەی دەکوژێت، کە بە سرووشتی خۆی بۆ زانینی هەن... بەم شێوەیە ئەو کوڕە گێرەشێوێنەی بەردەوام کێشەی لەگەڵ مامۆستاکان دروست دەکرد، واز دەهێنێت و خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکات... زمانی تورکی، ئینگلیزی و عەرەبیی بە دروستی دەزانی و کتێبەکانی لە ژمار نەدەهاتن... نازانم ڕێککەوت بوو یان چی، کە هەر ئەو ڕۆژەی لە ڕێگای ئەوەوە پێوەندیم بە حزبەوە کرد، بۆ یەکەمجاریش لەگەڵ (مەزاهیر مەزهەر) و (نەوشیت کۆنترین) چوومە ڕەشماڵان و (عوریقە)م ناسی... ئەو دوو ڕووداوەی ژیانم تەنیا سێ سەعاتیان لەنێواندایە... ڕەنگە ئەمە وای کردبێت من هەمیشە وەک کۆمۆنیستێکی سەیر و جیاواز بێمە بەرچاو و لە هاوڕێیانم نەچم، ئەوە لە کاتێکدا ئەو گرووپەی ئێمە هەر خۆی لە هیچ گرووپێکی دیکەی کۆمۆنیستەکان نەدەچوو، تەنانەت لای (عادیل سەلیم) و (جەمال حەیدەری) و ئەوانی دیکە بە کۆمۆنیستی ڕاستەقینە دانەدەنراین}.



www.iqra.ahlamontada.com

لێرەیشدا کۆمەڵێک چیرۆکی دیکە هەن و بازیان بە سەردا هەڵدەدەم. دەگەمە ئەوەی بڵێم (وریا) کاتێ هامشۆی ماڵی (مونیر بۆتانی)ی کردووە، واتە پێش ئەوەی لە زانکۆی بەغدا وەربگیرێت، هەستی کردووە (لیلی)ی خوشکی دەیەوێت خۆی لێ نزیک بکاتەوە، بەڵام چونکە کۆمەڵێک کێشەی هەیە، خۆی لێ دوور دەخاتەوە. (لیلی)یش لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت، بەڵام لە کۆلیجێکی دیکە. (مونیر بۆتانی) لە سێدارە دەدرێت، بەڵام ئایا ئەمە بە ڕوونی گوتراوە؟ نەخێر، بەڵکو وەکو زۆر ڕووداوی دیکە شاردوومەتەوە، بەو مەبەستەی خوێنەر خۆی بیدۆزێتەوە. تکایە ئەم پەرەگرافە بخوێنەرەوە، کە بەشی دووەم لە ڕووی فیزیکییەوە لەوێ تەواو دەبێت: {زۆر جار دەڵێم ئەگەر لە زانکۆ وەرنەگیرامایە، ئەوا دوور نەبوو ئەو پێوەندییەی نێوانمان پەرەی بسەندایە و .......،...... نایشارمەوە دڵم بۆی لێی دەدا، بەڵام دەمویست ددان بە خۆمدا بگرم... من لە دەست (گوڵدان) ڕام کردبوو و (عوریقە) گرتبوومیەوە... لەو کاتەیشدا (لیلی) تەفرەی دەدام... سەیرە ناوەکەی لە هەر شتێکی دیکە زیاتر ئۆقرەی لێ دەبڕیم... جوانییەکەیشی وەک هیی براکەی زۆر تایبەت بوو... هەردووکیشیان لە دایکیان دەچوون... ئەگەرچی (لیلی)یش هەمان ساڵی من لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا، بەڵام کۆلیجەکەمان جیاواز بوو... لەوێ دەمویست بە هەر شێوەیەک بێت خۆمی لێ بشارمەوە... زۆر جار سیمای دەهاتەوە بەرچاوم و ئەو ڕۆژانەم بیر دەکەوتەوە، کە وەک منداڵ لەسەر جۆلانەی ناوەڕاستی باخەکە دادەنیشت و من دەبووایە پاڵی پێوە بنێم... کاتێ بە هێزێکی گەورەوە بۆم دەگەڕایەوە، قژی درێژی وێنەی باڵی باڵندەی ئەفسانەیی لە هەوادا بڵاو دەبووەوە، بەڵام ئەو قردێلە سوورەی هەمیشە لە ملی دەبەست، کتومت لە چۆڕاوگەی خوێن دەچوو، وەک بڵێی لەو باڵندەیە ڕژابێت... ئەگەر زۆر بێبەزەییانە ڕێم لە شاڵاوی ئەو ئارەزووە دڕندەیەی ناخم نەگرتایە، ئەوا بێگومان پاڵی پێوە دەنام لە باوەشی بگرم و توند توند بە خۆمیەوە بگوشم، تاکو زمانم لە ناودەمی نقووم بکەم و هەموو گەرمیی گیانی هەڵبمژم، کە



www.iqra.ahlamontada.com

ئەو هەر خۆی ئەوەی دەویست، بەڵام بە ناچاری پاڵێکی قایمترم پێوە دەنایەوە و بێهودە درێژەم بەو عەزابە دەدا}
تاکو ئێرە باسی (لیلی)یە، بەڵام سەرنج بدە دەگاتە کوێ: {ڕاستە هەرگیز ڕێک نەکەوت (هالە)یش ئاوا لەسەر جۆلانە دابنیشێت، تاکو پاڵی پێوە بنێم، بەڵام هەستم دەکرد بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو یارییە پڕ لە ئازارە لەگەڵ ئەویشدا دەکەم... لە گەڕانەوەدا دەمویست لە باوەشی بگرم و هاوکات دەبووایە بەسەر ئەو ئارەزووە سەرکێشەی ناخمدا زاڵ ببم، تاکو بتوانم پاڵێکی قایمی پێوە بنێم و دیسان لە خۆمی دوور بخەمەوە، کە سێ ساڵی ڕێکی خایاند... دوور نەبوو چوار ساڵ، بەڵکو زیاتریش بخایەنێت، ئەگەر ئەو ڕووداوەی بە سەردا نەهاتایە}.
کام ڕووداوە؟ دەرچوونی بڕیاری گرتنی. جۆلانەی یەکەم، کە لە هەولێر پاڵ بە (لیلی)یەوە دەنێت، ڕاستییە، بەڵام جۆلانەی دووەم، گوایە لە بەغدا (هالە)ی بە سەرەوەیە، مەجازییە. وەک گوتمان (هالە) دەیویست لێی نزیک ببێتەوە و ئەم پاڵی پێوە دەنا: {ڕاستییەکەی ئەمەیش هەر لە جۆلانە دەچوو، بۆیە هەستم دەکرد هێشتا یارییەکە بەردەوامە... پەت هەر پەتە، ئینجا بە درەختەوە شۆڕ بکرێتەوە، یان بە بنمیچی زیندانەوە... تۆ قنگتی بخەیتە سەر، یان ئەو لە ملی تۆ بئاڵێت... لە هەردووکیاندا شتێک هەیە ناوی لەقاندنەوە و شتێکی دیکەیش هەر لەوێ ئارەزووی پێ دەگوترێت... چاک دەزانم (لیلی) وەک من خۆشی و ئازاری پێکەوە دەچەشت، کاتێ پاڵم پێوە دەنا، بەڵام نازانم ئەوسا (مونیر بۆتانی)ی برایشی هەمان هەستی لە بەرانبەر ئەو پەتە و جۆلانەچییەکەدا هەبووە}.
خۆزگە ئەردەڵان گیان، سەرنجت دەدا چۆن ئەو دوو شتە پێکەوە دەبەسترێنەوە. پەتی جۆلانە و پەتی سێدارە. جۆلانەچییەکە ئەو جەلادەیە، کە پەتی لە ملی (مونیر بۆتانی) گیر کردووە. گێڕانەوەکە بەردەوامە: {من خۆم لەو یارییە شاردەوە، بۆیە بۆم نییە وەڵامی پرسیارێکی ئاوا بدەمەوە... ئەوەی ئەوسا شەڕم لەگەڵ دەکرد



www.iqra.ahlamontada.com

ئارەزوویێکی دیکە بوو بە ناوی (گەڕانەوە)... دەمویست تا لە توانامدایە بەرگەی شالاوی ئەو ئارەزووە شەڕانگێزە بگرم و بۆ هەولێر نەگەڕێمەوە، ئەگەرچی هیوای ڕزگاربوونم لەوێ زۆر زیاتر بوو... (مارینا)یش چەند کەسێکی ڕاسپاردبوو، تاکو بە ساغی بۆ ماڵەوەم بهێننەوە... نەخێر، هەر لەسەر ئەوە سوور بووم ڕێگایەکی دیکە بگرم... ئێستا نزیکەی بیست ساڵە (مارینا) لە ژیاندا نەماوە، تاکو بزانم چیی پێ دەگوتم، کاتێ بە پیری لەم شارە وشکەی دەبینیم، کە نە دەکەوێتە سەر هیچ دەریایەکەوە و نە ڕووبارێک شەقی دەکات، (سوهە)ی برام، بەلام ئێمە وا لەم شوێنە بە یەکتر گەیشتووینەتەوە، بێ ئەوەی تاقە ژنێک شک ببەین ئەو کەموکورتییەی پێ پڕ بکەینەوە... تۆ سووری لەسەر ئەوەی بڵێیت کاتێ خۆی ئێرە (کازینۆی منداڵان) بووە، بەلام من ئەوە یەکەمجارە ناوی دەبیستم... ئەوەندە دەزانم لەم شوێنە گۆمێک هەبوو... ئێواران (مەیسوون)مان دەهێنا، تاکو تێر تێر ئاوی لێ بخواتەوە.}

شتێک ماوە بیگێڕمەوە، کە بۆیە خستمە دواوە، تاکو سەرت لێ تێک نەچێت. ئەویش ئەوەیە (تیشکەشان)، کە هاوسەری (سوهاد)ە، پێشتر یەکێک بووە لەو ژنانەی (مونیر بۆتانی) پێوەندیی لەگەڵ بەستوون. پاساوی (مونیر) بۆ ئەمە چییە؟ ئەو پێی وایە دەبێت پێوەندیی سێکسی لەگەڵ ژنی کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەت ببەستێت، بەو مەبەستەی ئەو پێوەندییە نابەرانبەرییەی نێوانیان هەڵبوەشێتەوە. دیارە (تیشکەشان) یەکەمجار ژنی بازرگانێکە و لێی جیا دەبێتەوە، ئینجا شوو بە ئەفسەرێک دەکات و لەژێرەوە پێوەندیی بە (مونیر بۆتانی)یەوە هەیە. دواتریش لە داخی (مونیر بۆتانی) (سوهاد) هەڵدەبژێرێت، کە دە ساڵ لە خۆی منداڵترە. لەم دایەلۆگەدا ڕوونتر تێڕوانینی (مونیر بۆتانی) دەردەکەوێت: {ئەو جارەی (ئەمیری دادە مەیسوون) ڕەخنەی لێ گرتم، گوایە (هاوار)ی برای لە ڕەشماڵان دیومی؛ لێیم پرسی:



www.iqra.ahlamontada.com

ـ جیاوازیی نێوان ئەوەی من دەیکەم لەگەڵ ئەوەی مونیر بۆتانی دەیکات، چییە...؟!

ئەو وەک بڵێی وەڵامەکەی لە بەر کردبێت، پێی گوتم:

ـ جیاوازییەکەیان ئاسمان و ڕێسمانە... ئەو تەنیا لەگەڵ ژنی دەوڵەمەندەکان پێوەندی دەبەستێت، بۆ ئەوەی لە مێردیان جیا بکاتەوە و ئەنجام ئەو پێوەندییە نابەرانبەرەی نێوانیان هەڵبوەشێنێتەوە، کە تەنیا پیاوی تەمبەڵ و ورگن پارێزگاریی لێ دەکەن... شارێکی وەک هەولێر نە دەکەوێتە سەر دەریاوە و نە ڕووبارێکی بە ناودا تێدەپەڕێت، ئەگەر لەو ڕێگایەوە نەبێت، چۆن دەجووڵێت...؟! ئاخر پێم ناڵێیت چۆن ئەو شارە وشک و وەستاوە دەجووڵێت...؟! بەڵام تۆ دەچیت لەو ڕەشماڵانە لەگەڵ ژنی نەگبەتی کۆچەری ڕادەبوێریت... دەزانم پارەیان دەدەیتێ، دەسا کێشە ڕاستەقینەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، بەوەی ئەوانە بەو برە پارەیە دەخەڵەتێنیت، تاکو لەسەر ئەو ژیانە دواکەوتووە بەردەوام ببن... ئەوانە ئەگەر ئەو پارەیەی کەسانی وەک تۆ بەنجیان نەکات، ئەوا ناچار دەبن بۆ شار کۆچ بکەن و لەوێ بە گژ داموودەستگاکاندا بچنەوە، کە ئەمە بۆ جووڵاندنی شارێک، نە بکەوێتە سەر هیچ دەریایەکەوە و نە ڕووبارێک شەقی بکات، ڕێگایەکی تەواو گونجاوە... شتێک نییە وەک لادێ پارێزگاری لە شاری وشک بکات... نا، باشترە بڵێم شاری وشک وەک فریشتە لە لادێ دەڕوانێت و وا دەزانێت لە تەنگانەدا ڕزگاری دەکات، بۆیە هەموو ئەو شارانەی وشکن دەرگایان بۆ لادێیی و ئەقڵی لادێیی کراوەیە.}

ئەمە هەوڵێک بوو بۆ دۆزینەوەی جەمسەری چیرۆکەکانی بەشی دووەم، کە تۆ پێت وایە کەس بۆی نادۆزرێتەوە. دەتوانم بە هەمان میتۆد ئەوانەی بەشی سێیەمیشت بۆ دەستنیشان بکەم، بەڵام هیوادارم خۆت پێیاندا بچیتەوە. خۆ ئەگەر پێویستی کرد، ئەوا بەڵێن بێت لە گوتاری سەربەخۆدا بۆی دەگەڕێمەوە. لێرەدا تەنیا هێندە دەڵێم:



www.iqra.ahlamontada.com

من وەک نووسەری ڕۆمانەکە نامەوێت لەوە زیاتری لەبارەیەوە بڵێم، بەڵام وەک گوتوومە بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێمەوە، ئەگەر چ تۆی ئازیز و چ هەر کەسێکی دیکە بۆ دایەلۆگ بانگم بکات.

ئەردەڵان گیان، ئەگەر ئێستا لێم بپرسیت: (ئەم گوتارەی من چ سوودێکی پێ گەیاندیت؟)، ئەوا بەم شێوەیە وەڵامت دەدەمەوە:

یەکەم: زیاتر بۆم دەرکەوت ڕەخنە بە زمانی میللی دانامەزرێت. میتۆدی ویژدانی میتۆدێکی لەکارکەوتووە و توانای ئەوەی نییە نهێنیی تێکست چ فکری و چ ئەدەبی، بە تایبەتی تێکستێک لەسەر کۆمەڵێک پرۆبلەماتیک دامەزرابێت؛ بدۆزێتەوە.

دووەم: هێندەی دیکە بایەخی پرۆسێسی نووسینم بۆ دەرکەوت، کە تاکە ڕێگای تێپەڕاندنی زمانی ڕۆژانەیە و ناهێڵێت ڕەخنەگر بڕیاری پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ دەربکات، بگرە ئەوەی بە سەردا دەسەپێنێت بۆ لێکدانەوەی هەر چەمکێک لەو چەمکانەی ئیشیان پێ دەکات؛ بواری جیاوازی مەعریفەیان بۆ بگەڕێت و لینکەکانیان بدۆزێتەوە. پێچەوانەی ئەوانەی لێرە و لەوێ بە زمانی ڕۆژانە پێمان دەڵێن (نووسین) کوتوبەند دەهێنێت، من جەخت لەسەر بۆچوونەکانی (دێریدا) دەکەمەوە و دەڵێم نەخێر، نووسین ئازادیمان پێ دەبەخشێت. ئەوانە وا لە (نووسین) دەڕوانن دوا فۆرمی ئایدیاکەنە، لە کاتێکدا ئەوە نووسینە ناهێڵێت ئایدیاکان دوا فۆرمی خۆیان وەربگرن. ئەوە نووسینە دەتوانێت سێنترالیزم و دوالیزم تێک بشکێنێت، بەوەی پرۆسێسێکی دینامیکی و ئینفینیتییە، کە (دێریدا) بەشێکی زۆری ژیانی خۆی بۆ ئەو کەیسە تەرخان دەکات و پێی وایە (نووسین) جیاوازی دەهێنێتە کایەوە.(٤٢) ڕێنووس و خاڵبەندی ڕێیان بۆ خۆش کردووم لە ڕووی سیمۆلۆجییەوە وشەکانی خۆم ببینم، تاکو بتوانم لێیان تێبپەڕم. بۆ نموونە کاتێ کردار وەک ئاوەڵناو نانووسم، ئەوا مانای وایە ئازادی و سەربەخۆیی بە هەر وشەیەک ڕەوا دەبینم. چاک دەزانم هەندێک نووسەر زمانیان بۆ ڕێنووس و خاڵبەندی کورت کردووەتەوە و نایەنەوێت لەوە زیاتر تێبپەڕن، بگرە وەک توندوتیژیی



www.iqra.ahlamontada.com

سیمبۆلی بۆ شکاندنی بەرهەمی داهێنەرانیان بە کار دەهێنن، بەڵام من لە دیدگایەکی زۆر جیاوازەوە لە نووسین دەڕوانم. ڕێنووس و خاڵبەندی دوو ئێلەمێنتی نووسینن، بەڵام هەموو شتێک نین. سەرچاوەی هەردوو تێڕوانینە باوەکە زمانی ڕۆژانەیە. ئەوانە پشتیان بە هیچ سەرچاوەیەکی فەلسەفی و لینگویستیکی نەبەستووە، بەڵکو وەک پێی ڕاهاتوون هەموو شتێک وەسف دەکەن، ئاوا لە باسکردنی زمانیشدا پەنا بۆ وەسف دەبەن. کاتێ ڕێنووس، خاڵبەندی و ڕەگەزەکانی دیکەی زمان دەبنە کۆتوبەند، کە بمانەوێت بەسەر ئەوانی دیکەیاندا بسەپێنین. لەم ڕوانگەیەوە من ڕێم بە خۆم نەداوە دەستکاریی وشەکانی تۆ بکەم و هەموویانم وەک خۆیان نووسیوەتەوە، ئەگەرچی تۆ بێ ئەوەی مەبەستت بووبێت، ئەوانەی منت گۆڕیون.

سێیەم: یارمەتیی دام بە چاوێکی دیکە ڕۆمانەکە بخوێنمەوە و هەندێ نهێنیی تری تێدا ببینم، کە پێشتر نەمدیبوون، لە کاتێکدا من هەر بەرهەمێک بڵاو بکەمەوە، ئیتر نایخوێنمەوە و یەک کتێبی خۆمم بە شێوەی فیزیک لا نییە، بۆیە پەنام بۆ ئەو ڤێرژنە برد، کە بە وۆرد نووسیومە. هەر لەبەر ئەوەیشە کاتێ لێرە و لەوێ ئاماژەم بە تێکستەکە داوە، ژمارەی لاپەڕەکانم نەنووسیون.

_ چوارەم: خوێنەر لەو دایەلۆگەماندا بەشدارە و ئەویش دەتوانێت بۆچوونی خۆی دەرببڕێت.

بێگومان لەپاڵ ئەمانەدا خاڵی دیکەیش هەن. دواجار دەڵێم ڕاستگۆیی و ڕاشکاویی تۆ بوون منیان خستە بەردەم ئەم ئەزموونە نوێیەوە. ئەوەی من لێوەی دواوم تەنیا ئەم گوتارەتە و هیچ پێوەندیی بەوانی دیکەتەوە نییە. ناکرێت من هەموو ڕابردووت لەم گوتارەدا ببینم، کە دەزانم توانای تۆ لەوە گەورەترە و بەرهەمی لەمە باشترت هەن. هیوادارم ئەم ئەزموونە بۆ تۆیش سوودی هەبووبێت.



www.iqra.ahlamontada.com

ئەگەر بپرسیت (ئایا گوتاریکی من، کە لە هەزار و پینجسەد وشە تیناپەڕیت، دەبیت تۆ هیندەی لەبارەیەوە بنووسیت؟)، ئەوا بەم شیوەیە وەڵامت دەدەمەوە:
تۆ وەک گوتم کۆمەڵیک چەمکت وینەی تەنی فیزیکی لیرە و لەوی فڕی داوە، بەڵام من ویستوومە لەسەر ئەو چەمکانە بوەستم و وردیان بکەمەوە، کە ئەو پرۆسیسە زۆری دەویت. باوەڕم وایە ئەگەر تۆیش بتەویت ئاستی ئەم گوتارەی من تیبپەڕینیت، پیویستت بە زیاتر دەبیت. مادام بۆچوونەکانمان لە چوارچیوەی دایەلۆگە و بە مەبەستی تیپەڕاندنە، من وەک ئەزموونیکی کاریگەر لیی دەڕوانم، ئەردەلان گیان. ڕەنگە لە داهاتوویش بە شیوازی دیکە بۆ ئەم ئەزموونە بگەڕیمەوە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە لە ڕیی دایەلۆگەوە پرسیاری نوی بورووژینم. تاکو ئەو ساتەی بزانم دایەلۆگ توانای بەخشینی شتی نویی هەیە، لەگەڵی بەردەوام دەبم.

**شاد و سەرفراز بیت.**

**برات کاروان کاکەسوور**



www.iqra.ahlamontada.com

# پەراوێزەکان:

(١) دوای ئەوەی نامەی یەکەممت خوێندووەتەوە، گوتووتە: (ڕاست دەکەیت دەبوایە من پێشتر بۆم بناردیتایە، بەڵام نەمدەزانی کەی بڵاویدەکەمەوە). ئەمە جوانییە لە تۆدا، کە نکوڵی لەوە ناکەیت ناردنی پێویست بوو.

(٢) هەر بۆ نموونە بڕوانە:

مناڵێک بە دزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە، گفتوگۆ لەگەڵ (کاروان عومەر کاکەسوور)دا، سازدانی دانا فایەق، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە ١١، ٢٠٠٨

لەم لینکەیشدا کۆمەڵێک گفتوگۆی تر دەخوێنیتەوە، کە لە هەموویاندا باسی خەیاڵ و واقیع هەیە:

http://www.dengekan.com/nwseran/karwanKakaSwr.htm

(٣) هەر بۆ نموونە بڕوانە ژمارە دووی گۆڤاری (ئەدەبی سەردەم).

http://www.serdem.net/Hawpech/blawkrawakan/Adab٢_١٤.pdf

هەروەها لەو تەوەرەیشدا بەشدارم، کە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) لەبارەی کتێبی (ئەلفوبێ)ی (ئیبراهیم باڵدار)ەوە کردوویەتیەوە و لەوێ دیسان ئەو کێشەیەم هێناوەتەوە گۆڕێ. هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.

(٤) Walter Kaufmann, Tragedy and Philosophy, Doubleday & Company, Inc, Garden City, New York, ١٩٦٨



www.iqra.ahlamontada.com

(٥) هارلمبوس وهولبورن، سوشيولوجيا والهوية، ترجمة حاتم حميد محسن، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠١٠، ص ٩و٤٩

(٦) http://www.dengekan.com/doc/٢٠١٠/٢/karwan_bakhtyar.htm

(٧) http://www.dengekan.info/dengekan/gshty/١٢١١٩.html

(٨) V. S. NAIPAUL, Fri og uafhængig, på dansk ved Merete Ries, Nordisk Bogproduktion A. S. Haslev, printed in Denmark ١٩٧٣, p.١٠

(٩) هارلمبوس وهولبورن، سوشيولوجيا والهوية، ترجمة حاتم حميد محسن، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ٢٠١٠، ص٥٩

(١٠) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

(١١) هەمان سەرچاوە، ل٦٤

(١٢) filosofisk leksikon, gyldendal, printed in Denmark, ٢٠٠٨, p٤٦

(١٣) ژمارە (٣)ی گۆڤاری ئەدەبی سەردەم:
http://www.serdem.net/Blawkrawa.aspx?jimare=١٢

(١٤) Roland Barthes, Elements of Semiology لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://ada.evergreen.edu/~arunc/texts/frankfurt/barthes.pdf

(١٥) جميل حمدان، صورة العنوان في الرواية العربية. (لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://www.diwanalarab.com/spip.php?article٥٤٠٦



www.iqra.ahlamontada.com

(١٦) دیداری نەورۆز جەمال لەگەڵ کاروان کاکەسوور. لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://hemin.dk/KKS.htm

(١٧) لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://www.dengekan.com/doc/٢٠١٠/Karwan_marx.pdf

(١٨) لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://ebookbrowse.com/frye-northrop-the-educated-imagination-notas-en-sp-pdf-d٣٢١٥٢٤٧٢١

(١٩) فيرناند هالين وآخرون، بحوث في القراءة والتلقي، ترجمة د. محمد خير البقاعي، مركز الإنماء الحضاري، حلب، الطبعة الاولى، ١٩٩٨، ص٢٦

(٢٠) John Phillips, Paul de Man's "Semiology and Rhetoric" لە ئینتەرنێت وەرگیراوە:
http://courses.nus.edu.sg/course/elljwp/deMan.htm

(٢١) لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://en.wikipedia.org/wiki/Chance_and_Necessity

(٢٢) Martin Heidegger, The Principle of Reason, translated by Reginald Lilly, Indiana University Press ١٩٩١, p.٣

(٢٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٦

(٢٤) جيل دولوز، التجريبية والذاتية، بحث في الطبيعة البشرية وفقا لهيوم، تعريب اسامة الحاج، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص١٢

(٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل١٤٤

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل١١

(٢٨) http://hemin.dk/KKS.htm



www.iqra.ahlamontada.com

(٢٩)
http://www.dengekan.com/doc/٢٠١٠/٣/karwan_bakhtyar.htm

(٣٠) http://www.dengekan.info/dengekan/٦/١٦٩٤١.html

(٣١) هەر بۆ نموونە بڕوانە: ميخائيل باختين، الخطاب الروائي، ترجمة محمد برادة، دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة،١٩٨٧ و ميخائيل باختين، الكلمة في الرواية، ترجمة يوسف حلاق، وزارة الثقافة والارشاد، دمشق.

(٣٢) filosofisk leksikon, gyldendal, printed in Denmark, ٢٠٠٨, p٤٥

(٣٣) ميخائيل باختين، شعرية دوستويفسكي، ترجمة جميل نصيف التكريتي، مراجعة الدكتورة حياة الشرارة، دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى، بغداد_ الدار البيضاء، ١٩٨٦، ص٩

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١١

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل٤٠

(٣٦) هەمان سەرچاوە، ل٤٢

(٣٧) جيل دولوز، التجريبية والذاتية، بحث في الطبيعة البشرية وفقا لهيوم، تعريب اسامة الحاج، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص١٠

(٣٨) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە. (بڕوانە ئەو پەراوێزەی وەرگێڕی عەرەبی نووسیویەتی).

(٣٩) بڕوانە پەراوێزی ژمارە دوو.

(٤٠) http://hemin.dk/KKS.htm

(٤١) http://www.dengekan.info/dengekan/٦/٦٣٥٤.html

(٤٢)
http://www.serdem.net/Blawkrawa.aspx?jimare=١٢

(٤٣)
http://www.dengekan.info/dengekan/gshty/١٢١١٩.html



www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com